تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5889) سێ شەممە 10ی کانوونی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار



نێچیرڤان بارزانی داوای سزادانی ئەنجامدەرانی جینۆسایدەکان دەکات

دوێنێ دووشەممە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە ڕۆژی جیهانی یاد و ڕێزگرتن لە قوربانیانیی جینۆساید لە توێتێکدا پەیامێکی بڵاوکردەوەو رایگەیاند "بەڕێزەوە یادی قوربانییانی جینۆساید لە کوردستان و جیهان دەکەینەوە، سڵاو و دروود بۆ گیانی پاکیان دەنێرین".

ئەمەش دەقی پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە:

ئەمڕۆ لە ڕۆژی جیهانیی یاد و ڕێزگرتن لە قوربانییانی جینۆسایدا، بەڕێزەوە یادی قوربانییانی جینۆساید لە کوردستان و جیهان دەکەینەوە، سڵاو و دروود بۆ گیانی پاکیان دەنێرین. داواکارین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار بکات بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەیان و سزادانی تاوانکاران. لە ساڵی 2015 نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی 12/09 هەموو ساڵێکی بە ڕۆژی یادکردنەوە و ڕێزگرتن لە قوربانیانی جینۆساید و ڕێگریکردن لەو تاوانە دانا. ئەمڕۆش هاوکاتە بە بەیاسایکردنی ڕێگریکردن و سزادانی ئەنجامدەرانی جینۆساید لە ساڵی 1948.

ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە

وا بڕیارە کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ سێشەممە 2019/12/10 پەرلەمانی کوردستان کۆببێتەوە. سکرتێری پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: ئەمڕۆ خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای ڕێکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان-عێراق و خوێندنەوەی یەکەم بۆ پێشنیازە بڕیاری ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی نەتەوەی تورکمان دەکرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

بەڵگە مێژوویی لەبیرکراوەکان

خۆشەویستیی بارزانیی نەمر ئاشکرا دەکەن



کتێبی (کەسایەتیی مستەفا بارزانی، لە هزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانیدا) لە نووسینی ڕۆژنامەنووس زانیار سەردار قەرگەییە و لە چاپێکی جوان و ڕووندا و بە قەبارەیەکی گەورە و ڕەنگاوڕەنگ و لە دووتوێی 896 لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە. ئەم کۆبەرهەمە، دەنگدانەوەیەکی ئەرێنی لای ڕۆشنبیران و خوێنەرانی کورد و ئەکادیمییەکان هەبووە، کە بووە هۆی جوڵاندنی پێنووسی هەندێکیشیان و ڕاوبۆچوونی خۆیانی لەسەر بدەن، تا هەنووکە بە ئەرێنی و زۆرباش شرۆڤەی بابەتەکانی ئەم بەرهەمەیان کردووە. منیش پێم باش بوو ڕاوبۆچوونی خۆمی لەسەر بدەم و سێ بیرەوەریی سالانی ڕابردووی خۆیشم، کە پەیوەستن بە بارزانیی نەمر، ئاوێتەی ئەم بەباتەی بکەم و زیاتر دەوڵەمەندی بکەین.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

کێشەی ئاوەڕۆ و ئاوی قورسی هەولێر بەشێوەیەکی ستانداردی جیهانی چارەسەر دەکرێت

ساسان عەونی: پڕۆژەی ئاوەڕۆی هەولێر بە گۆڕەی دوو ملیار دۆلار جێبەجێ دەکرێت



لە شاری هەولێر مەراسیمی پڕۆژەی دروستکردنی ئاوەڕۆ و چارەسەرکردنی ئاوی قورسی شاری هەولێر بە ستانداردێکی جیهانی لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لەژێر ناوی (گرێبەستی خزمەتگوزاریی ڕاوێژکاریی وەک بەشێک لە پڕۆژەی دروستکردنی ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان لە هەولێر ڕاگەیەندرا. پڕۆژەکە لەلایەن (ئاژانسی جایکا)ی وڵاتی یابان جێبەجێ دەکرێت لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەی قەرزی نێوان عێراق و ژاپۆن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

دەزگای خێرخوازیی بارزانی 651 تۆن هاوکاری گەیاندۆتە ڕۆژئاوای کوردستان

لەگەڵ دەستپێکی ئاڵۆزییەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان، زیاتر لە 200 هەزار کەس ئاوارە بوون و ناچار بوون ماڵ و ژیانی خۆیان بەجێ بهێڵن و لە ناوچە تارادەیەک ئارامەکاندا نیشتەجێ بن و زیاتر لە 17 هەزار کەسیش لەو ئاوارانە توانیویانە خۆیان بگەیەنە هەرێمی کوردستان. تاکو ئێستا دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەگەڵ هاوبەش و خێرخوازانی کوردستان پێنج کاروانی گەورەی هاوکاری جۆراوجۆر ڕەوانەی ئاوارەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکات. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



حەسەن روحانی گڵۆپی سەوزی بۆ دانوستان لەگەڵ ئەمەریکا هەڵکرد

سەرکۆماری ئێران، حەسەن روحانی لەبارەی ئەنجامدانی دانوستان لەگەڵ ئەمەریکا ڕایگەیاند «ئەگەر دانوستان پلانگێڕی و گەلەکۆمەکی دوژمن شکست پێ بهێنێت ئەوا پێویستە و هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانەیە». **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

خۆپێشاندانەکانی دژبە حکوومەت لە عێراق دڕێژەیان هەیە

ئەوروپا داوای دووڕخستنەوەی حەشدی شەعبی لە خۆپێشاندانەکانی عێراق دەکەن

خۆپێشاندانەکانی دژبە حکوومەت لە عێراق دڕێژەیان هەیە. بڕیارە سبەی سێشەممە لە بەغدای پایتەخت خۆپێشاندانی بەرفراوانتر بە بەشداری ملیۆنان خۆپێشاندەری باشوور و ناوەڕاستی عێراق بەڕێوەبچێ. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



سانا مارین بووە گەنجترین سەرۆک وەزیرانی فنلەندا

دوێنێ دووشەممە سانا مارینی وەزیری گواستنەوەی پێشووی فینلەندا کە تەمەنی 34 ساڵە، لە لایەن پارتی سۆشیاڵ دیموکراتەوە کە خاوەنی زۆرترین کورسی پەرلەمانە، بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران هەڵبژێردرا.



وان، باکووری کوردستان.. بەفر بارینێکی زۆر هاتووچۆی هاووڵاتیانی پەکخستووە



هەولێر.. پێشانگای فۆتۆگرافی ئازاد لەشکری کرایەوە

دوێنێ دووشەممە بە ئامادەبوونی ئەحمەد کانی، بەرپرسی لقی 2ی پارتی و ژمارەیەک لە فەرماندەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و نوێنەری بارەگای بارزانی و میدیاکاران و ڕۆشنبیرانی شاری هەولێر پێشانگای فۆتۆگرافی هاوکارمان ئازاد لەشکری بە ناونیشانی" پێشانگای پێشمەرگە" کرایەوە. **(زیاتر لە ل16 بخوێنەوە)**



سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە خانەوادەی شێخ سدیق عەبدولعەزیز دەکات

دوێنێ دووشەممە 2019/12/9 لە پەیامێکدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرەخۆشی لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو شێخ سدیق عەبدولعەزیز کرد، ئەمە دەقەکەیەتی:

پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی خانەوادە و کەسوکاری خوالێخۆشبوو شێخ سدیق عەبدولعەزیز، زانای ئایینی و ڕابەری پێشووتری بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان دەکەین کە ئەمڕۆ کۆچی دوایی کرد. هاوخەمی خانەوادە و کەسوکاری بەڕێزیانین، خوای مەزن خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و سەبووری و دڵنەواییی ئەوان بداتەوە.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2019/12/9



ڕابەری پێشووی بزووتنەوەی ئیسلامی بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد

ڕابەری پێشووی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان، لە تەمەنی 80 ساڵیدا بەهۆی نەخۆشییەوە لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد. دوێنێ دووشەممە گوتەبێژی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان، ڕایگەیاند، شێخ سدیق عەبدولعەزیز، زانای ئاینی و ڕابەری پێشووی بزووتنەوەکەیان، بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کردووە. ئاماژەی بەوەش دا: شێخ سدیق عەبدولعەزیز، یەکێک بووە لە ڕابەرانی بزووتنەوەی ئیسلامی و ماوەی دوو ساڵە دووچاری نەخۆشی بووتەوە، بەهۆیەوە کۆچی دوایی کردووە. جێی باسە شێخ سدیق عەبدولعەزیز لە ساڵی 1939 لە هەڵەبجەی شەهید لەدایکبووە و لە ساڵی 1960 شانەی ڕێکخستنی برایانی موسڵمان و لە ساڵی 1979 بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی دامەزراندووە. دواتریش لەساڵی 1999 لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی پێکهێناوە.



بە نوێنەرایەتی سەرۆک بارزانی
هێمن هەورامی بەشداری لە ڕۆژی نیشتیمانی ڕۆمانیا کرد

ئێوارەی ڕۆژی 2019/12/8 لە شاری هەولێر، بە نوێنەرایەتی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی، هێمن هەورامی بەشداری لە مەراسیمی ڕۆژی نیشتیمانی ڕۆمانیا کرد. وێڕای گەیاندنی پەیامی پیرۆزبایی جەنابی سەرۆک بارزانی بە هۆریا کونسوڵی گشتی ڕۆمانیا لە هەرێمی کوردستان و لە ڕێگەی ئەوانیشەوە پیرۆزبایی لە سەرۆک و هاوواڵتیانی ڕۆمانیا کرد و هیواشی خواست پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و واڵتی ڕۆمانیا پەرەی زیاتریان پێبدرێت و بەرەوی زیاتر بە خێرەوە ببینێت.



ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە

خەبات/ عەلی بانیشاری- هەولێر

وا بڕیارە کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ سێشەممە 2019/12/10 پەرلەمانی کوردستان کۆببێتەوە. سکرتێری پەرلەمانی کوردستان بە(خەبات)ی ڕاگەیاند: ئەمڕۆ خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای ڕێکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان-عێراق و خوێندنەوەی یەکەم بۆ پێشنیازە بڕیاری ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی نەتەوەی تورکمان دەکرێت.

بەپێی ڕاگەیەنراوێکی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کە ڕۆژی یەک شەممە ئاڕاستەی سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی کردووە، ئەمڕۆ سێشەممە بەرواری 2019/12/10 پەرلەمان کۆدەبێتەوە. لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە: بەپێی حوکمی مادەی (5) و بڕگەی (یەکەم و دووەم) لە مادەی (16) و بڕگەی (سێیەم) لە مادەی (18) و بڕگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم) لە مادەی (20) و مادەکانی (47، 48، 52، 54، 55 ، 56، 57) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (9)ی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کات (11)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی2019/12/10 بەمشێوەیە بێت:

یەکەم: خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازە یاسای (ڕێکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان-عێراق) بەپێی حوکمی مادەکانی (87 و 88 و 89) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم: خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازە بڕیاری (ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی نەتەوەی تورکمان)، بەپێی حوکمی مادەکانی (79 و 80 و 82) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

سێیەم: قسەکردن و تاوتێکردنی پرسی کێشەی کارەبای نیشتیمانی و دابەشکردنی سووتەمەنی لەم وەرزی سەرمایەدا بەسەر هاووڵاتیان.

مونا قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: پەرلەمانی کوردستان لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆ سێشەممە پێشنیازە بڕیاری بۆنە فەرمییەکانی نەتەوەی تورکمانی جێگیر کرد و بڕیارە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت.

گوتیشی: ئەم پێشنیازە بڕیارە بۆ ئێمەی نەتەوەی تورکمان وەک دووەم نەتەوە لە هەرێمی کوردستان گرینگی و بایەخی خۆی هەیە، هەموو نەتەوەیەک کۆمەڵێک ڕۆژ و یادکردنەوەی تایبەت بە خۆی هەیە لەم ڕوانگەوە ئێمەش ماوەیەکە کاری جدی لەسەر ناساندنی چەند ڕۆژێکی نەتەوەیی دەکەین و بە مافی خۆمان دەزانین. سکرتێری پەرلەمانی کوردستان جەختیکردەوە پەرلەمانی کوردستان نوێنەرایەتی هەموو خەڵکی کوردستان لە سەرجەم چین و توێژ و پێکهاتە بێ جیاوازی دەکات.

ئەوەشی گوت: داوای پشتگیری و گفتوگۆ و گۆڕینەوەی ڕاو بۆچوون لەگەڵ زۆربەی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان توانیمان ئەم پێشنیازە بڕیار لەسەر بدرێت.

خۆپێشاندانەکانی دژبە حکوومەت لە عێراق درێژەیان هەیە

وڵاتانی ئەوروپی داوای دووڕخستنەوەی حەشدی شەعبی لە خۆپێشاندانەکانی عێراق دەکەن



خۆپێشاندانەکانی دژبە حکوومەت لە عێراق کە لە یەکی تشرینی یەکەمی ڕابردوودا لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی ناوەڕاست و باشوور دەستپێکرد، درێژەیان هەیە. دوێنێ دووشەممە خۆپێشاندەران لە شەقامی ڕەشید ناوەڕاستی بەغدا گردبوونەوە و هوتافیان دژبە حکوومەت کێشا و هەوڵیاندا ئەو بەربەستە کۆنکرێتیانە هەڵگێڕنەوە کە لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دانرابوون. بڕیاریشە سبەی سێشەممە لە بەغدای پایتەخت خۆپێشاندانی بەرفراوانتر بە بەشداری ملیۆنان خۆپێشاندەری باشوور و ناوەڕاستی عێراق بەڕێوەبچێ.

داوای دووڕخستنەوەی حەشدی شەعبی لە خۆپێشاندانەکانی عێراق دەکرێ

هەرێمەک لە وڵاتانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا داوایان لە حکوومەتی کاربەڕێکەری عێراق کرد گرووپەکانی سەر بە حەشدی شەعبی لە ناوچەکانی نزیک خۆپێشاندانەکان دوور بخاتەوە. لە میانی کۆبوونەوەی باڵیۆزی هەرسێ وڵاتی، بەریتانیا، جۆن ویلیکس و ئەڵمانیا، ئۆلە دیەل و فەرەنسا، برۆنۆ ئەوبێرت لە عێراق لەگەڵ سەرۆکی حکوومەتی کاربەڕێکەر، عادل عەبدولمەهدی، ئیدانەی کوشتنی خۆپێشاندەرانیان کرد بەتایبەت ئەو خۆپێشاندەرانەی ڕۆژی هەینی ڕابردوو لە گۆڕەپانی خەڵلانی لەلایەن چەکدارانی نەناسراوەوە کوژران. بەگوێرەی ڕاگەیەندراوی هاوبەشی هەرسێ باڵیۆزخانەکە کە کۆپییەکی دەست ئاژانسی ئانادۆلۆکەوتووە، باڵیۆزی هەرسێ وڵات داوایان لە عەبدولمەهدی کردووە وەک فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان و سەرۆکی حکوومەتی کاربەڕێکەر، دڵنیایی پاراستنی خۆپێشاندەران بکات، هەروەها لێکۆڵینەوەی پێویست و بەپەلە بکات بۆ لێپرسینەوەی هەمو ئەو بەرپرسانەی دەستیان هەبووە لە کوشتنی خۆپێشاندەران. داواشیان لە عەبدولمەهدی کردووە، بەدەرکردنی فەرمان بۆ گرووپەکانی سەر بە حەشدی شەعبی بە دووڕکەوتنەوەیان لەو شوێنانەی خۆپێشاندان تیاياندا بەڕێوەدەچێت، لێپرسینەوەش لەو کەسانەش بکات کە ئەو فەرمانە پێشێل دەکەن.

کۆژرانی چالاکوانێکی خۆپێشاندانەکان لە کەربەلا

سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایگەیاند کە ژمارەیەک چەکداری نەناسراو لە ناوچەی باروودی ناوەڕاستی شاری کەربەلا دەستڕێژی گوللەیان لە چالاکوانی خۆپێشاندانەکان، فاهم تائی کردووە کە بەهۆیەوە و دەستبەجێ ناوبراو گیانی لەدەستداوە. هاوکات لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا کە لە کامێرەکانی چاودێربیەوە گیراوە، دیمەنی کەسێک دەبیندرێت کە دەگوترێت فاهم تائییە و دوو کەسی دەمامکداری لێی نزیک دەبنەوە و دەستڕێژی گوللەیان لێ دەکەن و دواتر بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵدێن. بەڵام هێشتا ئەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە کە ئایە ئەو کەسەی لە گرتە ڤیدیۆییەکەدا دەبیندرێت فاهم تائییە یان نا. ئاماژە بەوە دەکرێت کە لەمیانی خۆپێشاندانەکاندا، زنجیرەیەک کردەی کوشتن و ڕفاندن دژبە چالاکوانانی ئەفسەری پۆلیسە بە پلەی نەقیب ڕایگەیاند: ژمارەیەک چەکداری نەناسراو لە ناوچەی باروودی ناوەڕاستی شاری کەربەلا دەستڕێژی گوللەیان لە چالاکوانی خۆپێشاندانەکان، فاهم تائی کردووە کە بەهۆیەوە و دەستبەجێ ناوبراو گیانی لەدەستداوە. هاوکات لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا کە لە کامێرەکانی چاودێربیەوە گیراوە، دیمەنی کەسێک دەبیندرێت کە دەگوترێت فاهم تائییە و دوو کەسی دەمامکداری لێی نزیک دەبنەوە و دەستڕێژی گوللەیان لێ دەکەن و دواتر بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵدێن. بەڵام هێشتا ئەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە کە ئایە ئەو کەسەی لە گرتە ڤیدیۆییەکەدا دەبیندرێت فاهم تائییە یان نا. ئاماژە بەوە دەکرێت کە لەمیانی خۆپێشاندانەکاندا، زنجیرەیەک کردەی کوشتن و ڕفاندن دژبە چالاکوانانی خۆپێشاندانەکان لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق ئەنجامدراون.

فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا لە کارەکەی دوورخرایەوە

هەر لە درێژەی کاردانەوەکاندا بەگوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی فەرمی عێراق، فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا (سەر بە سوپا)، قەیس محەمەداوی لە کارەکەی دوورخراوەتەوە و لەبری ئەو لیوا عەبدولحوسێن تەمیمی بۆ شوێنەکەی ڕاسپێردراوە. ئاژانسەکە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لەپشت هۆکاری ئەو بڕیارەی دەسەلاتداری عێراق نەداوە. بەڵام ئەفسەرێکی وەزارەتی بەرگری عێراق لەو بارەیەوە بە ئاژانسی ئانادۆڵوی ڕاگەیاند، ئەو هەنگاوە و دوورخستنەوەی محەمەداوی لە پۆستەکەی لەسەر خۆپێشاندانەکان لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق ئەنجامدراون.

فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا لە کارەکەی دوورخرایەوە

هەر لە درێژەی کاردانەوەکاندا بەگوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی فەرمی عێراق، فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا (سەر بە سوپا)، قەیس محەمەداوی لە کارەکەی دوورخراوەتەوە و لەبری ئەو لیوا عەبدولحوسێن تەمیمی بۆ شوێنەکەی ڕاسپێردراوە. ئاژانسەکە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لەپشت هۆکاری ئەو بڕیارەی دەسەلاتداری عێراق نەداوە. بەڵام ئەفسەرێکی وەزارەتی بەرگری عێراق لەو بارەیەوە بە ئاژانسی ئانادۆڵوی ڕاگەیاند، ئەو هەنگاوە و دوورخستنەوەی محەمەداوی لە پۆستەکەی لەسەر ڕووداوەکانی پێش دوو ڕۆژی گۆڕەپانی خەلانی دێت لەناوەڕاستی بەغدا.

ئەو ئەفسەرە کە ناماوە نەبوو ناوی خۆی ئاشکرا بکات، ئاماژەی بەوەشکرد، ئامانج لە بڕیارەکە کەمکردنەوەی تووڕەیی خۆپێشاندەران و هەوڵدانە بۆ دانانی سنووردێک لەبەردەم ئەو نیگەرانی و ڕەخنانەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کە حکوومەتی عێراق ڕووبەڕووی بووەتەوە لە دوای ڕووداوەکانی گۆڕەپانی خەلانی.

بەگوێرەی ئاماری کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ سەر بە پەرلەمان، لەسەرەتای دەستپێکردنی خۆپێشاندانەکانەوە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردوو تائێستا، 485 کەس کوژراون و زیاتر لە 17 هەزار کەسی تر بریندارببوون.

www.xebat.net
سێ شەممە 2019/12/10 ژمارە (5889)

210 تۆن هاوکاری دیکە ڕەوانەی ڕۆژئاوا دەکات

دەزگای خێرخوازیی بارزانی 651 تۆن هاوکاری گەیاندۆتە ڕۆژئاوای کوردستان





ڕاپۆرت: ئەڤین شێخی

لەگەڵ دەستپێکی ئالۆزییەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان، زیاتر لە 200 هەزار کەس ئاوارە بوون و ناچار بوون ماڵ و ژیانی خۆیان بەجێ بهێڵن و لە ناوچە تاپادەیەک ئارامەکاندا نیشتەجێ بن و زیاتر لە 17 هەزار کەسیش لەو ئاوارانە توانیویانە خۆیان بگەیەننە هەرێمی کوردستان. تاکو ئێستا دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەگەڵ هاوبەش و خێرخوازانی کوردستان پێنج کاروانی گەورەی هاوکاری جۆراوجۆر ڕەوانەی ئاوارەکان لەناوخۆی ڕۆژئاوای کوردستان دەکات، کە سەدان تۆن خۆراک و پێداویستی ناوماڵەو پێداویستی زستان و خێوەت و بەتانی و دۆشەک و پێداویستی تەندروستی و پزیشکی و هتد دەگرێتەوە و شەشەمین کاروانی هاوکارییەکانیش بەڕێوەیە.

ئاوارەبوونێکی نوێ

دەستکەوتنی سەرەتاییترین پێداویستییەکان بۆ ئاوارەکان دەبێتە یەکێک لەگرنگترین ئەرکەکانی ڕێکخراوە مرۆییەکان، چون لەوەها حاڵەتێکدا کە لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕوویدا، قەیرانێکی مرۆیی دروست دەبێت و شوێنی نیشتەجێ بوونی نوێ ئەو توانایانەی نییە کە تەواوی نیازەکانی تازە گەیشتووەکان بەراورد بکات، بەتایبەتی ئەگەر ناوچەکە بۆخۆی لە بارودۆخێکی ناجێگیردابێت. بە دڕێژبونەوەی ئالۆزییەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان، زۆربەی ڕێکخراوە مرۆییەکان لەبەر مەترسی لەسەر ژیانی کارمەندانیان ناچار بوون ناوچەکە بەجێ بهێڵن و ئەمەش قەیرانەکەی سەخت تر کرد و بارودۆخی ئاوارەکانی ناڕوونتر.

گەیاندنی هاوکارییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی

دەزگای خێرخوازیی بارزانی یەکێکە لەو ڕێکخراوە مرۆییانەی لە هەرێمی کوردستان و دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا چالاکی ئەنجام دەدات. لە دەستپێکی ئالۆزییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، بەشی هاوکارییەکان و فریاگوزاری خێرای دەزگای خێرخوازیی بارزانی ئامادەیی تەواوی نیشاندا بۆ بەهاناوەچوونی ئاوارەکان و لەمەڕ پێشبینی کردنی هاتنی پەنابەرانی نوێ بۆ هەرێمی کوردستان تیمەکانی خۆی ڕاسپارد کە لە خاڵە سنووریەکاندا ئامادەبن بۆ پێشوازیی کردن و پێشکەشکردنی خواردن و خواردنەوە بە تازە گەیشتووان و دواتریش نیشتەجێکردنیان لە کەمپەکانی گەویلان و بەردەڕەش. وەلامدانەوەی خێرای دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ قەیرانەکە، هەڵمەتێکی خێرای ڕاگەیاند بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ ئاوارەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان کە زۆربەیان لە قوتابخانە و نەخۆشخانەکاندا نیشتەجێ بوون. دەزگای خێرخوازیی بارزانی توانی لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا یەکەم کاروانی هاوکارییەکانی بگەیەنێتە ئاوارەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا تیمەکانی لەسەر سنوری هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان پێشوازییان لە هاتنی پەنابەرانی نوێ دەکرد.

ڕەوانەکردنی هاوکارییەکان

یەکەمین کاروانی هاوکارییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە ڕێکەوتی 15 ئۆکتۆبەری 2019 گەیشتە ڕۆژئاوای کوردستان و شاری حەسەکە کە زۆربەی ئاوارەکان لەوێدا نیشتەجێ کرابوون. ئەم کاروانە لە هاوکارییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی پێکهاتبوو لە زیاتر لە323 تۆن پێداویستی (خۆراکی، ناخۆراکی و تەندروستی). دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەردەوام بوو لە گەیاندنی هاوکارییەکانی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان و هەتا کاتی نووسینی ئەم ڕاپۆرتە5 کاروان لە هاوکارییەکانی گەیشتووەتە ڕۆژئاوای کوردستان و کاروانێکی دیکەی هاوکارییەکانی بەڕێوەیە. سەرجەم 4 کاروانی دیکەی هاوکارییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی کە گەیشتوونەتە ڕۆژئاوای کوردستان پێکدێن لە327 تۆن پێداویستی، لە ناو پێداویستییەکاندا (خێمە، فلتەری ئاو، خۆراک، بەتانی، دۆشەک و جلوبەرگ و پێداویستی چێشتخانە و ... هتد) گەیەندرانە ئاوارەکان.

کاروانی شەشەمی هاوکارییەکان

بەڕێز ڕەواج حاجی بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن و تۆێژینەوەی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەمەڕ گەیاندنی کاروانی شەشەمی هاوکارییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان هەتاکوو جێگایەک کە بتوانین لە لێکەوتەکانی کارەساتەکە کەم بکەینەوە. کاروانی شەشەمی هاوکارییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان گوتی: ئێمە وەکو دەزگای خێرخوازیی بارزانی توانیومانە بەشێک لە پێداویستییە هەرە گرنگەکانی ئاوارەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان پڕبکەینەوە و بەردەوام دەبین لە گەیاندنی هاوکاری زیاتر بۆ خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان هەتاکو جێگایەک کە بتوانین لە لێکەوتەکانی کارەساتەکە کەم بکەینەوە. کاروانی شەشەمی هاوکارییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان پێکدێت لە 120 تۆن پێداویستی (خێمە و دۆشەک و فیلتەری ئاو) بۆ ئاوارەکانی نیشتەجێبێ کەمپەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دابین دەکرێن.

کەمپی واشۆکان

بەڕێز ڕەواج حاجی ئاماژەی بەمەبەستی گەیاندنی ئەم هاوکارییانە بۆ دانیشتوانی کەمپەکان کرد و گوتی: ئێستا بەشێکی بەرچاوی ئاوارەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان لە کەمپی واشۆکانی نیشتەجێن، مەبەستمانە پێداویستییەکانی ژیان لەو کەمپەدا دابین بکەین بۆ ئەوەی بارودۆخی ژیان لەوێدا گونجاو و لەبارتر بێت. کەمپی واشۆکانی لە ڕێکەوتی 1ی نۆڤەمبەری 2019 لە شاری حەسەکە لە ڕۆژئاوای کوردستان دامەزراوە و هەتا ئێستا زیاتر لە 470 خێزانی ئاوارەی تێدا نیشتەجێ کراوە.

کێشەی ئاوەڕۆ و ئاوی قورسی هەولێر بەشێوەیەکی ستانداردی جیهانی چارەسەر دەکرێت

ساسان عەونی: پڕۆژەی ئاوەڕۆی هەولێر بە گوژمەی دوو ملیار دۆلار جێبەجێ دەکرێت و پایتەخت کێشەی ئاوەڕۆ و ئاوی قورسی نامێنێت







لە شاری هەولێر مەراسیمی پڕۆژەی دروستکردنی ئاوەڕۆ و چارەسەرکردنی ئاوی قورسی شاری هەولێر بە ستانداردێکی جیهانی لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لەژێر ناوی (گرێبەستی خزمەتگوزاریی ڕاوێژکاریی وەک بەشێک لە پڕۆژەی دروستکردنی ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان لە هەولێر ڕاگەیەندرا. پڕۆژەکە لەلایەن (ئاژانسی جایکا)ی وڵاتی یابان جێبەجێ دەکرێت لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەی قەرزی نێوان عێراق و ژاپۆن.

کۆی گشتیی تێچووەکەشی2 ملیار دۆلارە و ماوەی77 مانگ دەخایەنێت و بە چوار قۆناغیش تەواو دەکرێت، لە ئێستادا تێچووەکەی نزیکەی 300 ملیۆن دۆلارە و بە تەواوبوونیشی کێشەکانی ئاوەڕۆ و ئاوی قورس لە شاری هەولێر چارەسەر دەکات، بە دروستکردنی هێڵە سەرەکییەکانی ئاوەڕۆی قورس بە درێژایی 75 کیلۆمەتر و دروستکردنی وێستگەی چارەسەرکردنی ئاوی قورس لە دووارایی 11 کیلۆمەتر لە سەنتەری پایتەختەوە کە توانای چارەسەرکردنی 105.000 مەتر سێجا ئاوی قورسی هەیە لە ڕۆژێکدا.

دوێنێ دووشەممە 9ی کانوونی دووەمی 2019 ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە مەراسیمێکدا گرێبەستی خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری وەک بەشێک لە پڕۆژەی دروستکردنی ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان، هەولێر، ڕاگەیاند و لە وتارێکدا بە وردی گرنگی پڕۆژەکەی خستەڕوو، هەر یەکە لە کاتسوومی مۆریاسوو، کونسوڵی یابان لە هەولێر، د.فرسەت سۆفی پاریزگاری هەولێر، ماسایۆکی هیرۆساوا بەرپرسی ئۆفیسی جایکا لە عێراق، کوجی میزونۆ سەرۆکی UIC ئامادەی واژۆکردنی گرێبەستەکە بوون.

پاریزگاری هەولێر لە وتارێکدا وێڕای بەخێرهێنانی میوانان، خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر ئەو پڕۆژە ستراتیژییە دەربڕی و سوپاسی هەر یەکێک لە حکوومەتی ژاپۆن و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارو حکوومەتی فیدراڵ کرد.

ئینجا ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لە گوتارێکدا ڕایگەیاند: پڕۆژەی دروستکردنی ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان لە هەولێر لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەی قەرزی نێوان عێراق و یابانە و لەلایەن ئاژانسی جایکاوە جێبەجێ دەکرێت. سەبارەت بە گرنگی پڕۆژەکە وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار، ڕایگەیاند: پڕۆژەی دروستکردنی ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردست

کتێبی «کەسایەتی مستەفا بارزانی، لە هزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانیدا»

بەڵگە مێژوویی لەبیرکراوەکان، خۆشەویستیی بارزانیی نەمر ئاشکرا دەکەن







سەلام عەبدوڵلا

کتێبی (کەسایەتیی مستەفا بارزانی، لە هزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانیدا) لە نووسینی ڕۆژنامەنووس زانیار سەردار قەرگەییە و لە چاپێکی جوان و ڕووندا و بە قەبارەیەکی گەورە و ڕەنگاوڕەنگ و لە دووتوێی 896 لاپەڕەدا بڵاوکراوەیە. ئەم کۆبەرهەمە، دەنگدانەوەیەکی ئەرێنی لای ڕۆشنبیران و خوێنەرانی کورد و ئەکادیمییەکان هەبووە، کە بووە هۆی جووڵاندنی پێنووسی هەندێکیشیان و ڕاوبۆچوونی خۆیانی لەسەر بدەن، تا هەنووکە بە ئەرێنی و زۆربەش شێوەی بابەتەکانی ئەم بەرهەمەیان کردووە. منیش پێم باش بوو ڕاوبۆچوونی خۆمی لەسەر بدەم و سێ بیرەوەریی سالانی ڕابردووی خۆیشم، کە پەیوەستن بە بارزانیی نەمر، ئاوێتەی ئەم بەباتەی بکەم و زیاتر دەوڵەمەندی بکەین .

سەرەتا با لەم کتێبەوە دەست پێبکەم..

ئەم کۆبەرهەمە، پێکهاتووە لە دوو لێکۆڵینەوەی مێژوویی گرنگ، یەکەمیان: لەسەر دەربەدەرکردنی بارزانییەکان و نیشتەجێبوونیان لە شاری سلێمانی و چۆنیەتیی دەربازبوونی بارزانیی نەمر لە سلێمانییەوە بۆ دەڤەری بارزان. لێکۆڵینەوەی دووەمیشیان، بە ناونیشانی (ڕۆژی 1958/10/30 بارزانیی نەمر سەردانی شاری سلێمانی دەکات) باس لەوە دەکات، کە خەڵکی ئەم شارە چۆن ئامێزی گەرم و خۆشەویستییان بۆ بارزانیی نەمر دەکەنەوە و بەڵێن و وەفا بۆ ڕێبازی کوردایەتی دووپات دەکەنەوە. نووسەر چۆنیەتیی ئەو پێشوازییە گەرمە بە وێنە پیشان دەدات و چۆنیەتیی پێشوازیی جەماوەری سلێمانی و دەربڕینی خۆشەویستییان بۆ بارزانی دەخاتە ڕوو، وەک بەڵگەیەکی زیندوو لە دوو توێی ئەم کتێبەدا تۆماری کردووە.

جگە لەو دوو لێکۆڵینەوەیەی ناماژەمان پێدا، ئەم کتێبە لە چوار بەشی دیکە پێکهاتووە، بەم شێوەیە:

بەشی دیدار و گفتوگۆکان، لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتیی بەرزی بواری زانستی مێژوویی و ڕۆشنبیری و ڕووناکبیرەکانی شار، کە زۆربەیان لە کەسانی ئاکادیمیستی سنووری شاری سلێمانی پێکهاتوون.

بەشی شیعرەکان: شیعری زیاتر لە (85) شاعیری ناسراو و بەناوبانگی شاری سلێمانین، کە هەیانە زیاتر لە جارێک و دووجار شیعریان بۆ نووسیوە، کە کۆی گشتیی شیعرەکانی ناو ئەم پەرتووکە (95) شیعر لەخۆ دەگرێت، کە پشتیوانی و خۆشەویستی و وەفا و بەڵێن نوێکردنەوە و ڕێزیان بۆ مستەفا بارزانی دەربڕیوە و بە کارێزمایەکی بەرز و مەزنی دەنرخێنن.

بەشی نامە و دیکۆمێنتەکان: بریتییە لە کۆمەڵێک نامەی دەگمەن و نایاب و بەنرخی سەردەمی ڕابردوو، کە زۆر باس و خواسی گرنگ لەخۆ دەگرن و سەردەمانی شۆڕش و خەبات شرۆڤە دەکەن. لەگەڵ پتەوبوونی پەیوەندیی نێوان بارزانی و نەوەکانی، لەگەڵ کەسایەتییە ناسراوەکانی شاری سلێمانیدا.

بەشی وێنەکان: ئەم کتێبە، چەندین وێنەی دەگمەن و گرنگی مێژوویی و ئەرشیفی بەنرخ و کەموێنە لەخۆ دەگرێت، ئەم وێنانە زۆربەیان تا ساتی چاپکردنی ئەم کتێبە نەبینراون و بڵاونەکراونەتەوە، زانیار قەرگەیی، بە دڵسۆزانە و پەرۆشانە و گەڕیدەئاسا بەدوایاندا گەڕاوە و پەیدای کردوون و توانیویەتی لە فەوتان ڕزگاریان بکات، ئێستاش وەک بەڵگەی زیندووی ڕۆژگاری ڕابردوو بۆ ئەم سەردەمە بەکاریان بهێنێت. ئەمەش هەمووی ڕێز و خۆشەویستی و وەفاداریی جەماوەری سلێمانی بۆ سەرۆک بارزانی نەمر دەخەنە ڕوو و سەنگ و بایەخی ئەو ڕابەرە مەزنەش بەدیار دەخەن. ئەم بەرهەمە لەو کارە گرنگ و پڕ بایەخانەی زانیار سەردار قەرگەیی سەرچاوەی گرتووە، کە سالانێکی زۆرە خۆبەخشانە بۆ مێژووی کورد و بارزانیی نەمر، زەحمەت و ماندووبوون و شەونخوونی پێویستی دەکێشێت و زۆر ڕووداوی گرنگ و پڕبایەخی بارزانی و بارزانییەکانی لەم شارە، لە کونجی فەرامۆشی و لەبیرچوون ڕزگار کردووە. جگە لەوەش، کۆمەڵێک لە کەسایەتییە پایەبەرزەکانی ڕامیاری و سەربازی و ئەکادیمییەکانی بواری زانستی هێناونەتە قسە و گفتوگۆی لە تەکدا سازداون، ئەوانەیش لای خەڵکی بەگشتی جێی ڕێز و بڕوا و متمانەن و وتەکانیان گرنگی و بەها و سەنگی خۆی هەیە، بۆ نموونە: "فۆئاد عارف، د. کەمال مەزهەر، پرۆفیسۆر مستەفا زەلمی، پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، پرۆفیسۆر نەسرین فەخری، پرۆفیسۆر کەمال خەیات، پرۆفیسۆر کاوس قەفتان، د. ئیحسان فوئاد، حەمەی مەلا کەریم، جەلالی ئەمین بەگ، مامۆستا کەریم زەند و.. زۆری تر. گرنگی و بایەخی هەموو ئەم دیدارانە لەوەدایە، کە زۆربەیان لە ژیاندا نەماون و بە تەنیا دیدارێکیان لەگەڵدا ئەنجام دراوە و زانیار خاوەنیەتی.

ئەم کارەی (زانیار) جێی پێزانین و ڕێزێکی زۆرە، چونکە ئەو کارەی لە شاری سلێمانی ئەنجامداوە و بەدوای بەڵگە ڕاستەقینە مێژوویەکاندا گەڕاوە، کە هەروا ئاسان نییە، چونکە ئیرهابی فیکری بە ئاستێکە، سیمایەکی بارزانی لەو شارە سڕاوەتەوە و تەنانەت شەقامێکیش ئەمڕۆ بەناوی ئەو سەرکردە مێژوویییەوە نییە، کە سەراپای تەمەنی لەپێناو گەلەکەیدا بەخت کرد. لەو ڕووەوە دەمەوێت ئەو بیرەوەرییانەی ڕۆژگاری ڕابردووم، کە پەیوەستە بە بارزانیی نەمر و سەردانیکردنی بۆ ئەم شارە و باسکردنی ئەو ساتەوەختە، ئاوێتەی ئەم بەرهەمەی بکەم و لێرەدا بڵاوی بکەمەوە.

یەکەم: لە ساڵی 1956دا، بۆ یەکەمین جار ناوی بارزانیم بیست، ئەوکاتە تەمەنم نۆ ساڵان بوو، برادەرێکی قوتابیم، کە چەند ساڵێک لە من هەڵکشاوتر بوو، بەڵام (هاوکلاس) بووین، لە حەوشەی قوتابخانەکەدا وێنەیەکی لە باخەڵ دەرهێنا و چەند جارێک ئاوڕی لەملاوەولای خۆی دایەوە و پاشان بە ترسەوە پیشانی دام. پیاوێکی بە هەیکەل، سەروسیمای بە ویقار، چاو و بڕوێەکی سەرنجڕاکێش، دەستێ جلی ئەفسەری ڕووسیی پۆشیبوو. منیش بە سەرسوڕمانەوە تێم دەڕوانی، کە هاوەڵەکەم زۆر بە شانازییەوە گوتی: ئەمە وێنەی ژنەڕاڵ بارزانییە، من ئەوەندەی تر سەرم سوڕ ما. ئەوە یەکەمین جارە ئەو ناوە ببیستم. هاوەڵەکەم هەستی بەو سەرسامییەیم کرد، بۆیە دەستبەجێ گوتی: (وا بۆ چەندین ساڵ دەچێت ژنەڕاڵ بارزانی لە ڕووسیایە)...

ئیتر پاشان ئەوەندەی، کە زانیاریی لابوو (ئەگەرچی تا ڕادەیەک کەم و سادەش بوون، بەڵام هەر زۆر بوون) بەپەلە پێشکەشی کردم. بۆ ئێوارێ دوای نانخواردن، دەربارەی بارزانی پرسیارم لە (مەلا عەبدولا)ی باوکم کرد، ئەویش ئەوەندەی کە دەیزانی (لەڕاستیدا کەم نەبوو) بۆی باس کردم، بەڵام باوکم وەک پیاوێکی ئایینی زۆر دژی ڕووسیا بوو. ئەو هەر بە (ڕووسیا) ناوی دەبرد، بۆیە ئەوەندەی لەسەر نەڕۆیشت.

دووەم: دوو ساڵ لەوەودوا، واتە لە ساڵی 1958دا، وابزانم ڕۆژی هەینی بوو- لەگەڵ منداڵێکی دراوسێمان، کە ئێستا لە وڵاتی نەمسا نیشتەجێیە. لەبەردەم خۆماندا، کە چەند شەقاوێک لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی (مزگەوتی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ) دوورە، یاریمان دەکرد، کە قەرەبالغییەکی نائاسایی لەبەردەم دەرگەی مزگەوتەکەدا سەرنجی ڕاکێشاین.

کاتێک لەو حەشاماتە خرۆشاوە نزیک بووینەوە، پرسیارم لە کابرایەکی بەساڵاچوو کرد، کە زۆر بە حەماسەتەوە دڕی بەو خەڵکە دەدا، لە وەڵامدا بێ ئەوەی سەیرم بکات، گوتی: (ژنەڕاڵ مستەفا بارزانییە، لە ڕووسیا) ناوی دەبرد، بۆیە ئەوەندەی لەسەر نەڕۆیشت.

سێیەم: بیست و یەک ساڵ لەوەودوا، لە ساڵی 1979دا، کاتێک بە کارێکی نەێنی دەمویست بە تورکیادا، هەر بە نەێنی بۆ (سووریا) بچم، لە شاری (گەڤەر)ی نزیک (وان)، کەوتمە نێو داوی کەمینێکی چاوەڕوان نەکراوەوە.

مانگێک لەوەودوا کاتێک تورکەکان دەیانویست تەسلیمی عێراقم بکەنەوە، لە شاری (جەزیرە)ی کوردستانی تورکیا، دەرفەتم هێنا و لە دەست جەندرمەکان هەڵاتم، بەڵام ئەوەندەی نەبرد، جەندرمەکان، کە سێ مرۆڤی پڕ چەک بوون، لە ناوەڕاستی شاردا گرتمیانەوە و ئیدی بەناچاری کەوتمە شەڕێکی نابەرابەرەوە، ئەوان بە قۆنداغە تفەنگ و منیش بە دەستی بەتاڵ، ئەوان هەوڵی ئەوەیان دەدا کەلەپچەکە- پێشتر بۆ پشوو کردبوویانەوە-، بکەنەوە دەستم، منیش سەرگەرمی بێنەوبگرەی تفەنگی لێپرسراوەکەیان بووم.

لە چاوتروکانێکدا خەڵکێکی زۆرمان لێ کۆ ببوەوە، کەسیش نەیدەوێرا لە هۆی ئەم شەڕە نابەرابەرە بگات. هەموو هەر تەنیا بە چاوی بەزەییەوە، چاوەڕوانی سەرەنجامی ئەو بگرە و بەردەبە بوون.

وێستم هەر چۆنێک بێت هەستی ئەو خەڵکەی دەور و پشتمان بەرامبەر ببزوێنم، تەسلیمکردنەوەم بە عێراق مەرگێکی مسۆگەر و بەڵگەنەویست بوو، هەر دوو ساڵ لەوەوبەر لە زیندانی (هەیئەی کەرکووک)، دوای دەرچوونی حوکمی ئیعدامم، ڕام کردبوو، بۆیە بەناچاری هاوارم کرد: (خەڵکینە ئەم جەندرمانە دەیانەوێ تەسلیمی عێراقم بکەنەوە. من پێشمەرگەم)...

خەڵکەکە لەنێو خۆیاندا کەوتنە مقۆمقۆ، بەڵام کەس لە جێگەی خۆی نەجووڵا، جەندرمەکان تاکێک کەلەپچەکەیان کردەوە مەچەکم و منیش بە هەموو توانای خۆم تفەنگی گەورەی جەندرمەکانم ڕادەتەکاند و دەمویست لە دەستی دەربهێنم، هەوڵێکی بێ سەمەر بوو، زیندانەکانی بەعسم دەهاتە پێش چاو، داد و فیغانی بەندەکان، کە لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدا دەیانناڵاند، گوێی کاس دەکردم، مردن بە هەموو جەبەڕووتیەوە لەبەر چاوم سەمای دەکرد، هێندەی نەمابوو مەلی هیوام باڵی بشکێ و خۆشم تاڵاوی سەرنەکەوتن بەناچاری بنۆشم، یا ئیلاهی چۆن سۆزی ئەم خەڵکە ڕابتەکێنم، ئەوان خەریک بوون تاکی چەپی کەلەبچەکە لە مەچەکم گیر بکەن، هێندەی نەمابوو لەو هەوڵەیاندا سەرکەوتوو بن، لەڕاستیدا منیش هێجگار شەکەت بووبووم، بۆیە جارێکی تر پڕ بەدەم هاوارم کرد.

پێشمەرگەی بارزانیم...

بە بیستنی ناوی بارزانی، ترس و لەرز و پەشۆکاویی لەنێو دڵی کوێرانەیاندا ڕەنگی دایەوە، ناوی بارزانی بۆ ئەوان بێ ئەندازە تۆقێنەر بوو، هەڕوەک خەڵکەکەش پاڵپێوەنەرێکی بێ وێنە بوو، خەڵکەکە خرۆشا، دەنگی ناڕەزایی بەرامبەریان لە هەموو لایەکەوە بەرز بووەوە، ئەلقەی دەوریان تا دەهات تەنگتر دەبووەوە، سەروچاوی خەڵکەکە سوور هەڵگەڕان، جەندرمەکانیش ترس و نیگەرانی و ڕەنگی پەڕیویان بەئاشکرا پێوە دەبینرا.

گوێم لە نەعرەتەی حەشاماتە خرۆشاوەکە بوو، کە هاواریان دەکرد: (پەلامار دەن، ڕزگاری کەن، پێشمەرگەی بارزانییە...) لە چاوتروکانێکدا پەلاماری جەندرمەکانیاندا و منیان لەژێر چنگیان دەرهێنا. تەقە و تفەنگ و کەلەپچە و بەرگی سەربازی، بەرامبەر مەزنیی ناوی بارزانی هەر بایەخی نەبوو. بۆیە ژیانم قەرزاربارێ گەورەیی ناوی ئەو نەمردیە.

دڵنیام ئەم کتێبە دەبێتە هۆکارێک بۆ وەبیرخستنەوەی هەموو ئەو بیرەوەری و یادگارییە مێژوویینەی ڕابردوو، بۆ نووسینەوە و تۆمارکردن و یاداشتکردنیان و بڵاوکردنەوەیان، تاکوو وەک بەڵگەی زیندوو سوود لە ئەزموونیان وەربگیرێت.

لەکۆتاییدا دەڵێم، ئەرکێکی نیشتمانیی زۆر گرنگە، کە هەموو ئەوانەی بیرەوەرییان لەگەڵ بارزانیی نەمردا هەیە، گەر تۆمار و بڵاویان نەکردووەتەوە، تا زووە ئەو کارە بکەن، بەتایبەتی کە بارزانی، لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان و لەنێو کوردەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی کۆندا، کە ماوەی دەورووبەری (12) ساڵ ژیاوە، کە دیارە خەڵکانێکی زۆر بە دیداری گەیشتوون و بیرەوەرییان لەسەری هەیە و پێویستە ون نەکرێن و لە تۆمارەکانی مێژوودا یاداشت بکرێن..

لەڕاستیدا ژیانی بارزانی مەزن پڕیەتی لە بەسەرهات و ڕووداوگەلێکی گرنگ و بایەخدار، کە شایانی ئەوەیە لە هەموو لایەنەکانی بکۆڵێرێتەوە و بخرێتە بەردەم نەوەی نوێ و ئاشنایی لەگەڵ مێژووی سەروەرانی خۆیدا پەیدا بکات، کە سەراپای ژیانیان بۆ خزمەتی گەل و وڵات تەرخان کرد و لەپێناویدا مێژوویەکی سەنگین و پڕ سەروەریان بۆ گەلەکەمان بەجێهێشت، کە مایەی شانازییە بۆ هەموومان.

هیوادارم ئەم کتێبە سەنگین و بەنرخە، سەرلەنوێ و بە تیراژێکی باش چاپ بکرێتەوە. جارێکی تر دەستخۆشی لە کاک زانیار قرگەیی دەکەم، بۆ ئەم کارە بەنرخەی و بە تۆندی دەستەکانی دەگوشم.

شاسوار عەبدولواحید 40 ملیۆن دۆلاری حکوومەت قەرزارە و نایگەڕێنێتەوە

ئەندامێکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان داوا دەکات، ڕێوشوێنەکان بۆ وەرگرتنەوەی ئەو 40 ملیۆن دۆلارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بگیرێتە بەر کە چەندان ساڵە لای شاسوار عەبدولواحیدە. بەپێی زانیارییەکان کۆمپانیای نالیا کە شاسوار عەبدولواحید خاوەندارێتی دەکات، بڕی40 ملیۆن دۆلاری لەسەردەمی کابینەی شەشەم کە بەرهەم سالح، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بووە، بە قەرز لە حکوومەتی وەرگرتووە، بەڵام تا ئێستا ئەو قەرزەی نەداوەتەوە.

پێشتر وەزارەتی دارایی بە واژۆی ڕێباز محەمەد حەملان، وەزیری دارایی و ئابووری لەسەر پشکی بزووتنەوەی گۆڕان لە نووسراوێکدا بە ژمارە 10594ی پێ دراوە، لە ڕێکەوتی 2015/8/5 فەرمانی دەرکردووە بە پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ وەرگرتنەوەی ئەو پارەیە، بەڵام بەهۆی ئەو دۆخەی لە ساڵانی 2015ـە و دواتردا لە هەرێمی کوردستان هەبوو، پارەکە وەرنەگیرایەوە.

لەمبارەیەوە لیزا فەلەکەدین کاکەیی، ئەندامی لیژنەی دارایی و ئابووریی پەرلەمانی کوردستان، بە «خەبات»ی ڕاگەیاند، لیژنەکەیان دوو کۆبوونەوەی ئەنجام داوە و تیایاندا باسیان لە ڕێکارەکانی دانەوەی ئەو قەرزانەی حکوومەت لای وەبەرهێنەرەکان کردووە.

ڕوونیشی کردەوە، یەکێک لەو کەسانەی قەرزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، شاسوار عەبدولواحیدە کە 40 ملیۆن دۆلاری مووڵکی گشتی قەرزارە.

ئەو بەپێویستی دەزانێت، لە زووترین کاتدا ئەو پارەیە بۆ حکوومەت بگەڕێندرێتەوە، جگە لەوەش، لەم چەند ساڵەدا کە قەرزەکەی لایە و نەیگەڕاندووەتەوە، دەبێت زیادەکەشی لێ وەربگیرێتەوە. ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لە ساڵی داهاتوودا لیژنەیەک لەبارەی چۆنیەتیی وەرگرتنەوەی قەرزەکان پێکدەهێندرێت.

لیزا فەلەکەدین کاکەیی دەشڵێت: «شاسوار عەبدولواحید خۆی قەرزاری حکوومەتە، دێت قسە لەسەر حکوومەت دەکات، دەبێت لە پێشدا خۆی قەرزەکانی حکوومەت بداتەوە، دواتر قسە لەسەر حکوومەت بکات».







سەڵاحەدین دەمیرتاش: هەموو گەلی تورکیا باجی ئەو نادادپەروەریەی دەسەڵاتی ئێستای تورکیا دەدات

تەندروستیم باش نییە ناتوانم وەکو پێویست هەناسە بدەم

دوای ئەوەی لە گرتووخانەی "ئێدیرنە" باری تەندروستیی سەڵاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە تێکچوو، دوێنێ لە نوێترین دیمانەیدا لەگەڵ ڕۆژنامەیەک، باس لە تەندروستی خۆی دەکات و دەڵێت بەداخەوە باش نیم. دەمیرتاش دوای نەخۆش کەوتنی، بۆ یەکەمجارە دیمانەیەکی لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی تورکیدا ئەنجام داوە و لەسەر پرسی سیاسی و تەندروستی خۆی قسە دەکات. دەمیرتاش لە دیمانەیەکیدا بۆ ڕۆژنامەی (ئێڤرانسال)ی تورکی، کە دوێنێ دووشەمە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە دەدات ئێستاش ناتوانێت وەکوو پێویست هەناسە بدات.

سەڵاحەدین دەمیرتاش دەڵێت: بەداخەوە تەندروستیم زۆر باش نییە، جاروبار سینگم ئازارم دەدات و ژان دەیگرێت، ئەمەش وا دەکات بۆ هەناسە دان فشار لە خۆم بکەم و تاکوو ئێستاش پزیشک نەیتوانیوە بەتەواوی نەخۆشییەکەم بدۆزێتەوە، بۆیە تەندروستیم بە داخەوە باش نییە.

هاوسەرۆکی پێشوو ی هەدەپە، پێی وایە ئەو دەسەڵاتەی ئێستای تورکیا بێ پەروا نادادپەروەریی تێدایە و هەموو گەلی تورکیا باجی ئەو نادادپەروەریە دەدات. هاوکات ئاماژەی بەوەش داوە هاوپەیمانیی نێوان مەهەپە و ئاکەپە هەموو تورکیایان وەکوو بارمتە خستووەتە ژێر رکێفی خۆیانەوە، بۆیە دەبێت خەبات بۆ لەناوبردنیان بکرێت.

دەمیرتاش لەبارەی هەڵوێستی هەدەپە دژی حکوومەتی ئێستا و ئەو قەیوومانەی لەجێگەی سەرۆک شارەوانییەکانی هەدەپە دادەنرێن، بەوەی داوای هەڵبژاردنی پێشوەختەیان کردوە دەڵێت: "لە هەنگاوی یەکەمدا داواکردنی هەڵبژاردنی پێشوەختە بڕیارێکی ڕاستە، بەڵام ئەمە بەندە بەوەی چۆن هەڵبژاردن بکرێت و چۆن هاوپەیمانی دروست بکرێت و چۆن بتوانن بەرەیەکی دیموکراتی دروست بکەن؟

جێی باسە دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە، ماوەی 3 ساڵ دەبێت بە بیانووی ئەوەی پروپاگندەی بۆ پەکەکە کردووە، هەروەها خەڵکی دژی حکوومەتی تورکیا هان داوە بۆ جیابوونەوە دەستگیر کراوە. ئەگەرچی دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا و دادگای باڵای ئەنقەرە بڕیاریان دا دەمیرتاش ئازاد بکرێت، بەڵام لەسەر داوای ئەردۆغان بڕیارەکان جێبەجێ نەکراون و دەمیرتاش هەر لە زیندان ماوەتەوە.

نەرویژ.. سیمینارێک لەبارەی ڕۆژی جیهانی مافی مرۆڤ و رووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەچوو

نەرویژ- ساسان دەرێش

بەر لە 71 ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژی 1948/12/10 لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی جیهانی مافەکانی مرۆڤ پەسەند کرا بە 48 دەنگی ئەرێنی و 8 دەنگی بێ بڕیار لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا و پاشان ئەو ڕۆژە وەکو ڕۆژی جیهانی مافی مرۆڤ دیاریکرا، جارنامەش لە پێشەکییەک و 30 بەند پێکهاتووە و بۆ زیاتر لە300 زمان وەرگێردراوە، بەڵام لە ئێستادا لەلایەن چەندین وڵاتەوە کە بوونەتە دیکتاتۆر بەسەر خەڵکی خۆیانەوە پێشێلکاریی دەکرێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لێیان بێدەنگن بە هەر هۆکارێکی سیاسی و بەرژەوەندیخوازیێت، ئەگەرچی چەندین وڵات واژۆی جارنامەکەیان کردووە و بەردەوامیشن لەسەر پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ و بەندەکانی جارنامەکە، بە تایبەتی بۆ ئێمەی کورد لە پارچەکانی کوردستان لە ئێران و تورکیا و سووریا ڕۆژانە قوربانییەکان دەبینین بە تایبەتی لە ڕووداوەکانی ئەمدواییەدا چ کارەساتێکی گەورەی مرۆیی و ناخەهژێن ڕوویداوە بەهۆی لەشکرکێشی بۆ ڕۆژئاوا و و خۆپیشاندانی ڕۆژهەڵات و تۆقاندن و گرتنی بەردەوام لە باکوور مافەکانی مرۆڤی کورد زۆر بەدڕندانەترین شێوە پێشێلکران، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی مافی مرۆڤ لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویژ، ناوەندی هاوکاری هێزەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات سیمینارێکیان ڕێکخست بۆ چوار بابەتی پەیوەست بە مافی مرۆڤ و کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ عەلی بەهرامی و مریەم عەلیپوور و وریا ڕەحمانی و فروغ ڕەسوڵپوور بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاوی ڕەوەندی کورد و نوێنەرانی پارت و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و تێیدا شانۆیەکی لیژنەی ناوچەی پارتی لە نەرویژ بەسەرپەرشتی مەحمەد ئەسکەندەر بەشداربوون، لە سیمینارەکەدا کۆڕگێران لە چەند ڕەهەندی جیاجیاوە باسەکانی خۆیان زۆر بەتێروتەسەلی بۆ ئامادەبووان شیکردەوە لەگەڵ هەموو ئەو پێشێلکارییانەی کە دەکرێت دەرهەق بە گەلی کورد لە پارچەکانی کوردستان بە تایبەتی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، کۆڕگێران لە باسەکانیاندا ئاماژەیەکی تەواوی قوربانییەکانی خۆپیشاندانەکان و زیندانییەکانیان خستەڕوو دوژمنانی کوردیان شەرمەزار و ئیدانەکرد، لە کۆتاییشدا بەشداربووان تێبینی و ڕوانگەی خۆیان بۆ ڕووداوەکان و قوربانییەکان ئاوێتەی قسەکانیان کرد و بابەتەکانیان دەوڵەمەند کرد بەم شێوەیەش کۆتایی بەسەرکەوتووانە کۆمیتەی هاوکاری حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان لە نەرویژ پشتگیر و پاڵپشتی ئەم سیمیناره بوون.



ڕوحانی گلۆپی سەوزی بۆ دانوستان لەگەڵ ئەمەریکا هەڵکرد

سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی لەبارەی ئەنجامدانی دانوستان لەگەڵ ئەمەریکا ڕایگەیاند "ئەگەر دانوستان پلانگێڕی و گەلەکۆمەکی دوژمن شکست پێ بهێنێت ئەوا پێویستە و هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانەیە". حەسەن ڕوحانی لە زانکۆی مامۆستایان لە تاران سەبارەت بە ئەگەری دەستپێکردنەوەی دانوستانەکان لەگەڵ ئەمەریکا گلۆپی سەوزی هەڵکرد و گوتی: ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئەمەریکا لە بەرژەوەندی ئێراندا بووە. بەر لەو ڕێککەوتننامەیە ڕۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل نەوتمان بەرهەم دەهێنا و بەهۆی ڕێککەوتننامەکەوە گەیاندمانە دوو ملیۆن و 800 هەزار بەرمیل. ئەو ئاماژەی بەوەیشدا کە ئەمەریکا هەوڵ دەدات گوشار بخاتە سەر وڵاتەکەی، بەڵام ئێران بەڕەنگاری ئەوە دەبێتەوە و گوتی: ئەگەر دانوستان پلانگێڕی و گەلەکۆمەکی دوژمن شکست پێ بهێنێت ئەوا پێویستە و هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانەیە. سەرکۆماری ئێران لەبارەی بەرزکردنەوەی نرخی بەنزینیش کە ناڕەزایەتی خەڵکی بەدوای خۆیدا هێنا، ئاماژەی بەوە دا کە حکوومەت ئەو داهاتەی لەمەدا دەستی دەکەوێت بە سەر خەڵکی هەژار و کەمدەرامەتدا دابەشی دەکات.

مووسڵ.. 79 بنکەی بایۆمەتری داخران



پڕۆسەی دابەشکردنی کارتی بایۆمەتریی دەنگدان لە سنووری پارێزگای نەینەوا بەردەوامە و، بەرپرسێکی هەڵبژاردنەکانی پارتیش ئاشکرای کرد، بە هۆی ڕاگرتنی کارەکانی فەرمانبەرانی گرێبەستەوە، نیوەی بنکەکانی کۆمسیۆن داخراون. مەناف حەسەن، بەرپرسی هەڵبژاردنەکانی پارتی لە مووسڵ، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: دوای کۆتاییهاتنی پڕۆسەی بایۆمەتریی دەنگدەران لە سنووری پارێزگای نەینەوا، ملیۆنێک و 400 هەزار کەس بەشداربیان لە بایۆمەتریی دەنگداندا کردبوو، ماوەیەکیشە پڕۆسەی دابەشکردنی کارتی بایۆمەتریی دەنگدان دەستپێکردووە، بەڵام بە هۆی ڕەوشی ئێستای عێراق و خانەنشینکردنی ئەندامانی کۆمسیۆنەوە، پڕۆسەکە سستیی تێکەوتووە. بەرپرسەکەی پارتی دەڵێت: لە سنووری مووسڵ 141 بنکەی دابەشکردنی کارتی دەنگدان هەبوون، بەڵام لەوتەی کاری فەرمانبەرانی گرێبەست ڕاگیراوە، تەنیا 62 بنکەی کۆمسیۆن ماون بۆ دابەشکردنی کارتەکان، ئەوەش ژمارەیەکی کەمە بەراورد بە ژمارەی دەنگدەران و فراوانیی سنووری پارێزگاکە. مەناف حەسەن ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: بەداخەوە ڕاگرتنی کارەکانی کۆمسیۆن و فەرمانبەرانی گرێبەستە، کاریگەریی زۆری کردووەتە سەر پڕۆسەی دابەشکردنی کارتی بایۆمەتری و ئەگەر ڕەوشەکە بەو شێوەیە بێت، کۆمسیۆن ناتوانێت لە کاتی خۆیدا ئەو هەموو کارتە دابەش بکات، ئەوەش دەبێتە هۆکاری بێبەشبوونی هاووڵاتیان لە وەرگرتنەوەی کارتەکانیان.



مالیزیا.. بەهۆی ئاگرکەوتنەوە 20 خانوو بە تەواوی سووتان

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێزان، لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو (مام عەبدوڵڵا عومەر سەودەر شێخ شێروانی)
بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی (مام عەبدوڵڵا عومەر سەودەر شێخ شێروانی)مان پێگەیشت. خۆمان بە هاوبەشی خەمی خانەوادە تێکۆشەرەکەتان دەزانین و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین. خودای گەورە دڵنەوایی و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات.

إنا لله وإنا إليه راجعون
بارەگای بارزانی

***

بەڕێزان، لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو حاجی فاتیمە وەرتێ
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(حاجی فاتیمە وەرتێ) دایکی سێ شەهیدی قارەمانی ڕێگەی ئازادی کوردستانمان پێگەیشت.
بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی مالّباتە تێکۆشەرەکەتان دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین.
خودای گەورە دڵنەوایی و ئارامی بە هەموو لایەکتان ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات.

إنا لله وإنا إليه راجعون
بارەگای بارزانی

پارێزگاری هەولێر:
بەکردار ئەنجامدانی چاکسازی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دەسەڵێنین



د.فرسەت سوفی پارێزگاری هەولێر بەشداریکرد لە ڕێو ڕەسمی کۆتایهێنان بە هەڵمەتی هەفتەی بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی کە دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بۆ هۆشیاری و ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی لە هۆڵی شەهید سەعد عەبدولّا لە هەولێر سازیکردبوو.
ڕاشیدەگەیەنێت، لەسەرەتای ڕاگەیاندنی هەڵمەتی یەک هەفتەیی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کە لە 2019/12/1 لەژێرناونیشانی (بۆ نەهێشتنی گەندەڵی...تۆش بەشداربە) لە هەولێری پایتەخت ڕاگەینرا، پارێزگاری هەولێر لە وتارێکدا ڕایگەیاند: وەکو پارێزگای هەولێر هەموو تواناکانمان دەخەینە گەڕ لەسەر ئاستی پارێزگا و قایمقامیەت و ناحیەکان و هەموو فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان وەکو تیمێکی تۆکمە بە یەکەوە دەست بخەینە ناو دەست بۆ چاکسازی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دەبین و بە کردارێش دەیسەلمێنین و دەستیشمان پێکردووە و لە ئایندەیەکی نزیکدا بەشێک لەو هەنگاوانەی ئێمە وەک پارێزگای هەولێر لە چوارچێوەی چاکسازی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بە ڕوونی و ئاشکرایی بۆ هاوواڵتیانی هەولێر بەرجەستە دەبن.
جێگەی باسە لە 2003/10/31 ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی 12/9ی وەک ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ناساندووە و سااڵنەش لەم ڕۆژەدا لە تەواوی جیهان ڕێوڕەسم و چاالکیی جیاواز ساز دەکرێن.
ئەوەی بتوانین چاکسازی ئەنجام بدەین و ڕووبەڕووی گەندەڵی ببینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین پارێزگاری سەروەت و سامانی گشتی بین، هەروەها وتی: دەستەی دەستپاکی دڵنیا دەکەینەوە کە بە هەموو تواناماندوە پشتیوانی پرۆسەی لەم کاتەی بەکارهێنانی هزێرەکانی گواستنەوەی گشتی تەکسی- پاس.
لە خاڵێکی دیکەی نووسراوەکە ئەوە خراوەتەڕوو: ڕادیۆ و مسجل کۆژاوەبێت و تەنها لەسەر داواکاری سەرنشین کاری پێدەکرێت و لەکاتی نەبوونی سەرنشین لە تەکسی شوفێری تەکسی ئازادە لە بەکارهێنانی ڕادیۆ و مسجل.

وەزارەتی ئەوقاف چەند پرۆژەیەک پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان دەکات



دووشەممە 2019/12/9 د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی سەردانی پەرلەمانی کوردستانی کرد و لەلایەن هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێشوازی گەرمی لێکرا لەدیدارەکەدا گفتوگۆی چەند پرۆژەیەک کرا کە لەداهاتوودا وەزارەتی ئەوقاف پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانی دەکات، هەر لەمیانی سەردانەکەیەدا وەزیری ئەوقاف سەردانی لێژنەی ئەوقافی پەرلەمان و فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد.

پارێزگەرێ دهۆکێ هەڤدیتنەک دگەل شاندەکێ ژینگەپارێز و پێشئێخستنا چاندنێ یێ سوێدی سازکر



فەرهاد ئەمین ئەترۆشی پارێزگەرێ دهۆکێ پێشوازیا شاندەکێ ژینگە پارێز و پێشئێخستنا چاندنێ یێ سوێدی کر.
شاند یێ پێک هاتی بوو ژبەرێزان شێل فورس شارەزا دبواڕێ بایلوجی و ژینگەهێ دا و سوهەیلە فورس ئەندامە سەرکردایەتیا پارتا دیموکراتیا مەسیحی ل سوید/ جڤاک ناس و گوران ئەمیری شارەزا دبواڕێ بایلوجی وژینگەهێ دا. دهەڤدیتنەکێدا ب ئامادەبونا ڕێڤەبەرێ گشتی یێ باژێرڤانیان ل پارێزگەها دهۆکێ بەحسێ ڕەوشا ژینگەها کوردستانێ وچاوانیا پێشئێخستن و پاراستنا وێ ب ڕێکێن زانستی تایبەت پاراستنا دارستانا و ئەو عەردێ مەرتسی ل سەر کو ب هەرفیت هاتە کرن.
دتەوەرەکێ دن دا بەحسێ ڕەوشا کەرتێ چاندنێ وچاوانیا پێش ئێخستنا وی کەرتی و چاوانیا پێتشئێختنا پرۆژێن ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییێن پارێزگەهێ هاتە کرن. پارێزگەرێ دهۆکێ خوشحالیا خو ب سەردانا شاندێ ناڤبری دیارکر و دەست خوشی ل کار و بەرنامێن وان کر بو پاراستن و پێشئێخستنا پرۆژێن چاندنێ و باژێرڤانیان و ژینگەها سروشتی یا کوردستانێ و پشتەڤانیا کارگێریا پارێزگەهێ نیشان دا بو بەرنامێ شاندی و سەرکەفتن بو خواست.
شاندێ ژینگەپارێز یێ سوێدی لبەرە هەڤدیتنا دگەل زانکو و سیاسەتمەدار و بسپورێن ژینگەهێ و چاندنێ ل پارێزگەها دهۆکێ ئەنجامدەت وگەنگەشا لسەر بەرنامێ خو یێ ژینگە پارێزیێ ئالوگورکەن بو وێ یەکێ مفا ژهزر و بیرێن وان بهێتە کرن و لدوڤ پلانەکا گشتگیرکەرتێن ناڤبری بهێنە پێشئێخستن.

جگەرەکێشان لەناو تەکسی و پاسەکان قەدەغە دەکرێت

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی
وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدەدات کە جگەرەکێشان لەناو تەکسی و پاسەکان قەدەغە بکرێت و سزای ماددیشی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دیاری دەکرێت.
بەگوێرەی نووسراوێکی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن تێیدا هاتووە: ئاماژە بە ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیWHO کە تایبەت بە جگەرەکێشان لە شوێنە گشتییەکانەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ کە غەرامەی گونجاو دابنێن بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە لەلایەن پۆلیسی هاتووچۆ.
لە خاڵێکی نووسراوەکەدا هاتووە: قەدەغەکردنی جگەرەکێشان لە شوفێری تەکسی و پاسەکان و هەروەها هاووڵاتیان بەمەبەستی خستنەڕووی سەرنج و داواکاری و پێشنیارەکانیان بەئامانجی زیاتر خزمەتکردنی هاونیشتمانیانی سنوورەکە ژمارەیەک لە هاوڵاتیانی گەڕەکی ریفراندۆم-ی سەر بە شارەدێی کەسنەزان بەنوێنەرایەتی خەڵکی گەڕەکەکەیان سەردانی بارەگای لقی 16یان کردوو لەلایەن بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و دکتۆر شاالو مەلا ئەمین خۆشناو بەرپرسی مەکتەبی جەماوەریی کان بەگەرمی پێشوازی کران.
لەمیانی سەردانەکەیاندا شاندی گەڕەکی ریفراندۆم کێشە و گیروگرفت و پێداویستییە هەنووکەییەکانی دانیشتوانی گەڕەکەکەیان خستەڕوو لەپێناو گەیاندنی خزمەتگوزاری زیاتر بۆ گەڕەکەکەیان بۆ ئەوەی لەڕێگەیانەوە خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ دانیشتوانەکەی دابین بکرێت و داوایان لەبەرپرسی لقی 16ی هەولێر کرد هاوکار و پاڵپشتیان بێت بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکانیان کەسوودی بۆ تەواوی خەڵکی سنوورەکە دەبێت و بەشێکی زۆر لەکێشە و گیروگرفتەکانیان چارەسەر دەبێت.
لەبەرامبەردا بەرپرسی لقی 16ی هەولێر ئامادەیی لقی 16ی بۆ هاوکاری و جێبەجێکردنی داواکاریەکانیان دەربڕی بەلّێنی پێدان کە هەوڵی جددی دەدات بۆ ئەوەی لەڕێگەی دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کێشەو گیروگرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکەن و ڕاشیگەیاند کە خزمەتکردنی هاونیشتمانیان بە ئەرکی هەرە لەپێشینەی خۆمان دەزانین.



وەزارەتی کارەبا ڕاگەیاندراوێکی باڵاوکردەوە
پێدانی کارەبا لەهەرێم بەتێکڕا لەنێوان 9-12 کاتژمێردایە



وەزارەتی کارەبا ڕاشیدەگەیەنێت، سەبارەت بەو دەنگۆیانەی کە باس لەمەترسی پێدانی کارەبا بۆ هاونیشتمانیان دەکات ڕەت دەکەینەوە وەزارەتمان لەئەوپەڕی هەوڵدایە بۆ باشکردن و زیادکردنی بەرهەمهێنانی کارەبا، لەم پێناوەشدا لەڕێکەوتی 2019/12/8ی ئەم مانگەوە توانیمان بڕی250 میگاوات کارەبا لەوێستگەی خۆرمەڵەو 150 میگاوات کارەبا لە وێستگەی خەبات بخەینە ناو تۆڕی کارەبای نیشتمانییەوە، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ ئامادەباشی تیمەکانی کۆنترۆڵی کارەبا و سیانە و دابەشکردنی کارەبا بەشێوەیەکی دڵسۆزانە 24 کاتژمێر لەخزمەتی هاوڵاتیانی کوردستاندان.
وەزارەتی کارەبای هەرێم ئاماژە بەوەش دەکات کە سەبارەت بەهەر گومانێک لەسەر نادادپەروەریی لەدابەشکردنی کارەبا بەسەر شارو شارۆچکەکاندا ڕەتی دەکەینەوەو هەروەکو پێشتر ڕوونکردنەوەمان داوە جارێکی تر جەخت دەکەینەوە کە تاکو 2015/11/30 دابەشکردنی کارەبا لەسەر بنەمای یەکسانی کاتەکانی بوونی کارەبا بووە لەهەرێمی کوردستان، لەدوای 2015/12/1 بە پشت بەستن بەداتاکانی مانگەکانی ساڵی 2015 کە تێیدا کاتەکانی بوونی کارەبا یەکسان بوون لەسەر داوای بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی کە داواکرابوو لەسەر ئەو بنەمایە ڕێژەی خۆیان پێ بدرێت، هەر بۆیە وەزارەتی کارەبا بڕیاریدا کارەبا لەسەر بنەمای ڕێژە بێت.

بەڕێسی لقی 16: خزمەتکردنی هاونیشتمانیان بە ئەرکی هەرە لەپێشینەی خۆمان دەزانین

بەمەبەستی خستنەڕووی سەرنج و داواکاری و پێشنیارەکانیان بەئامانجی زیاتر خزمەتکردنی هاونیشتمانیانی سنوورەکە ژمارەیەک لە هاوڵاتیانی گەڕەکی ریفراندۆم-ی سەر بە شارەدێی کەسنەزان بەنوێنەرایەتی خەڵکی گەڕەکەکەیان سەردانی بارەگای لقی 16یان کردوو لەلایەن بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و دکتۆر شاالو مەلا ئەمین خۆشناو بەرپرسی مەکتەبی جەماوەریی کان بەگەرمی پێشوازی کران.
لەمیانی سەردانەکەیاندا شاندی گەڕەکی ریفراندۆم کێشە و گیروگرفت و پێداویستییە هەنووکەییەکانی دانیشتوانی گەڕەکەکەیان خستەڕوو لەپێناو گەیاندنی خزمەتگوزاری زیاتر بۆ گەڕەکەکەیان بۆ ئەوەی لەڕێگەیانەوە خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ دانیشتوانەکەی دابین بکرێت و داوایان لەبەرپرسی لقی 16ی هەولێر کرد هاوکار و پاڵپشتیان بێت بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکانیان کەسوودی بۆ تەواوی خەڵکی سنوورەکە دەبێت و بەشێکی زۆر لەکێشە و گیروگرفتەکانیان چارەسەر دەبێت.
لەبەرامبەردا بەرپرسی لقی 16ی هەولێر ئامادەیی لقی 16ی بۆ هاوکاری و جێبەجێکردنی داواکاریەکانیان دەربڕی بەلّێنی پێدان کە هەوڵی جددی دەدات بۆ ئەوەی لەڕێگەی دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کێشەو گیروگرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکەن و ڕاشیگەیاند کە خزمەتکردنی هاونیشتمانیان بە ئەرکی هەرە لەپێشینەی خۆمان دەزانین.

بەڕێسی لقی 16: خزمەتکردنی هاونیشتمانیان بە ئەرکی هەرە لەپێشینەی خۆمان دەزانین

بەمەبەستی خستنەڕووی سەرنج و داواکاری و پێشنیارەکانیان بەئامانجی زیاتر خزمەتکردنی هاونیشتمانیانی سنوورەکە ژمارەیەک لە هاوڵاتیانی گەڕەکی ریفراندۆم-ی سەر بە شارەدێی کەسنەزان بەنوێنەرایەتی خەڵکی گەڕەکەکەیان سەردانی بارەگای لقی 16یان کردوو لەلایەن بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و دکتۆر شاالو مەلا ئەمین خۆشناو بەرپرسی مەکتەبی جەماوەریی کان بەگەرمی پێشوازی کران.
لەمیانی سەردانەکەیاندا شاندی گەڕەکی ریفراندۆم کێشە و گیروگرفت و پێداویستییە هەنووکەییەکانی دانیشتوانی گەڕەکەکەیان خستەڕوو لەپێناو گەیاندنی خزمەتگوزاری زیاتر بۆ گەڕەکەکەیان بۆ ئەوەی لەڕێگەیانەوە خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ دانیشتوانەکەی دابین بکرێت و داوایان لەبەرپرسی لقی 16ی هەولێر کرد هاوکار و پاڵپشتیان بێت بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکانیان کەسوودی بۆ تەواوی خەڵکی سنوورەکە دەبێت و بەشێکی زۆر لەکێشە و گیروگرفتەکانیان چارەسەر دەبێت.
لەبەرامبەردا بەرپرسی لقی 16ی هەولێر ئامادەیی لقی 16ی بۆ هاوکاری و جێبەجێکردنی داواکاریەکانیان دەربڕی بەلّێنی پێدان کە هەوڵی جددی دەدات بۆ ئەوەی لەڕێگەی دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کێشەو گیروگرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکەن و ڕاشیگەیاند کە خزمەتکردنی هاونیشتمانیان بە ئەرکی هەرە لەپێشینەی خۆمان دەزانین.

دەهەفتەمین پێشانگەها پەرتوکان دا ل زانکویا دهۆکێ 6 هزار ناڤ و نیشانێن پەرتوکان هاتنە بەرچاڤکرن



دوهی سپێدێ 2019/12/9 ب چاڤدێریا فەرهاد ئەمین ئەترۆشی پارێزگەرێ دهۆکێ و ئامادەبونا بەهزاد عەلی ئادەم جێگرێ پارێزگەرێ دهۆکێ و سەرۆکێ زانکویا دهۆکێ و ڕێڤەبەرێ ڕاگەهاندن و چاپ و بەلافکرنێ ل دهۆکێ و هژمارەکا زور یا خاندەڤان و ڕەوشەنبیرێن دەڤەرێ حەفتەمین پێشانگەها پەرتوکا ل ناڤەندا قوتابیان ل سەروکاتیا زانکویا دهۆکێ هاتە ڤەکرن.
پشتی ڤەکرنێ گەریانەک دناڤ پشکێن پێشانگەهێ دا هاتە کرن و دەست خوشی ل ڕێڤەبەریا ڕاگەهاندن و چاپ و بەلافکرنێ ل دهۆکێ هاتە کرن بو بەرهەفکرنا ڤێ پێشانگەهێ کو تێدا زێدەتر ژ 6 هزار ناڤ و نیشانێن پەرتوکا هاتبونە نیشا دان و ب هاریکاریا12 پەرتوکخانێن دهۆکێ ئەف پێشانگەهە بو ماوێ هەفتیەکێ بەردەوام بیت ڕوژانە ژ دەمژمێر 9 سپێدێ تا6 ئێڤاری یا ڤەکری بیت و داشکاندن ب ڕێژا10 تا 30% هاتیە کرن ل سەر بهایێ پەرتوکا.

بەبڕی زیاتر لە 700 ملیۆن دینار چەند پڕۆژەیەک بۆ شارەدێی سیدەکان تەرخان دەکرێ

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:
لەچوار چێوەی کارو پڕۆژەکانی حکومەتی هەرێم بۆ شار و شارۆچکە و شارەدێیەکانی کوردستان تەرخانکردنی بڕی زیاتر لە 700 ملیۆن دینار بۆ گەیاندنی پڕۆژەی خزمەتگوزاری بۆ شارەدێی سیدەکان لەمبارەیەوە. ئیحسان چەلەبی بەڕێوەبەری شارەدێی سیدەکان ڕوونیکردەوە: یەکێک لە کارو چالاکیەکانی حکومەتی تازەی هەرێم تەرخانکردنی بڕی زیاتر لە 700 ملیۆن دینارە بۆ ئەنجامدانی ژمارەیەک لە پڕۆژەی خزمەتگوزاری بۆ شارەدێی سیدەکان ئەویش دوای پێشکەشکردنی داواکاری بوو بۆ ئەوەی پڕۆژەی خزمەتگوزاری بەو دەڤەرە بگات لە بوارە جیاجیاکانی وەکو ڕێگاوبان و چارەسەرکردنی کێشەی کارەباو چەند خزمەتگوزاریەکی دیکە بۆ دانیشتوانی ئەو دەڤەرەو سوپاسگوزاری حکومەتی هەرێم دەکەین کە بۆ ئەو بەدەنگەوە هاتنە و لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم نوسراو بۆ وەزارەتی دارایی کراوە تا جێبەجێی بکات و لەداهاتوودا دەست بە ئەنجامدانی پڕۆژەکان دەکەین.

پۆلیسێک برایەک و برازنەکەی دەکوژێت

بەیانی دوێنێ دووشەمە لەقەزای کفری کەسێک بەناوی هـ . ا . ع ، برا و خێزانەکەی بەناوەکانی محەمەد خەلیل ئیبراهیم لەدایکبووی 1995 و احلام سەکران جەمال لەدایکبووی 1992 دەکوژێت.
ڕاشیدەگەیەنێت تۆمەتبار کارمەندی بنکەی پۆلیسی کفرەیە و لەئێستادا بەبڕیاری دادوەرو بەپێی مادەی 406 بەندکراوە و دەست بەسەر چەکەکەیدا گیراوە. بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی گەرمیان ئاماژە بەوەش دەکات کە لەئێستادا تەرمەکان بەمەبەستی پشکنین ڕەوانەی بەشی پزیشکی دادوەری قەزای کەلارکراوەو پۆلیس لەسەر چۆنێتی و هۆکاری ڕوداوەکە دەستی بەلێکۆڵینەوە کردوە و بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ڕوداوەکە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بوە و لێکۆڵینەوەش بەردەوامە.

www.xebat.net
ڕۆژی شەممە 2019/12/10 ژمارە (5889) خەبات

دانانی فسفۆڕ و بەربەرست لە شەقام و شۆستەکانی شار ڕێگای هاموشۆکارانی داگیر کردووە

زێدەڕۆیی سەر شۆستەو شەقامەکانی پایتەخت بەتەواوی لادەبرێت





فەرماندەی کەرتی نیشتیمان: هەموو زێدەڕۆییەکان لادەدەین و بەردەوامیش دەبین



ڕاپۆرت: فاتیح بەرزنجی

دیاردەی دانانی فسفۆڕ لەبەردەم دوکان و هوتێل و چێشتخانەو مۆڵەکان لەشاری هەولێر و شارۆچکەکان لایەکی شەقام و شۆستەکانی داگیر دەکرد دەبووە هۆی جەنجاڵی و هەراسانکردنی هاموشۆکاران، بۆ ئەم مەبەستەیش هەڵمەتێکی بەرفراوانی لادانی ئەو سەرپێچییانە دەستی پێکردووەو بەردەوامیش دەبێت. ئەو دیاردەیەش زیاتر لەشەقامی 60 مەتری و 40 مەتری و 30 مەتری بەرچاو دەکەوێت و هاوواڵتیان دەڵێن لابردنی زیاتر پەیوەندی بەشارەوانی هەیەو لەسەر شارەوانی پێویستە دوای ئاگادارکردنەوەی ئەو کەسانەی کە فسفۆڕ دادەنێن لێپرسینەوە لەگەڵ کەسانی سەرپێچیکاردا بکات.

نیشتیمان گوتی: ساڵانێکە دیاردەی دانانی فسفۆر لەسەر شەقامەکاندا بەرچاو دەکەوت و چەندین جار هەوڵی لابردنی دراوە، بەڵام بێ هوودەبووە لەبەر ئەوەی ئەو دوکاندارانە بەشێکی شەقامەکانیان داگیرکردووە دوای کۆبوونەوەمان لەگەڵ قایمقامیەت و شارەوانی یەک بۆ بەدواداچوون لەسەر ئەو بابەتە سەردانی ناو بازاڕی شاری هەولێرمان کردو لەوێدا ڕائیدی هاتوچۆ ئازاد خالید ئەحمەد فەرماندەی کەرتی شار دەوەستێ ئەویش چارەسەر دەکرێت و دەگوازرێنەوە نزیک کەرتی نیشتیمانی کۆن بەرانبەر داون تاون، شوێنمان بۆ دەستنیشان کردووە، چونکە ئەو پاسانە جەنجاڵیان لەو شەقامەدا دروستکردووە، جگە لەوە ئەو فسفۆڕانەی کە لەناوەندە شەقامی بەرانبەر باغی شار هەیە لابدرێن و بکرێتە شەقام و زۆر جار هەبووە شوفێران ئەو فسفۆڕانە دەشکێنن ئەو کارانە بەهاوکاری شارەوانی یەک ئەنجام دەدرێن، بەرنامەیەکی دیکە ئەوەیە کە دەرچوون هە بێت لەپشت بانی ڕەشید دەرچوونێک تا دەگاتە تەعجیل بەو کارە جەنجاڵی ناو شار کەم دەبێتەوە بەپێی ئەو سەرژمێریەی کە ئەنجامماندا بەیەک کاتژمێر نزیکەی 4 هەزار ئوتومبێل هاتە ناو بازاڕ ئەی ئەگەر کاتژمێرەکە زیادی کرد چی ڕووەدات.

ئەو گوتیشی: کێشەی جەنجاڵی لە ڕادەبەدەری ناو شار ئەوەیە کە دەرچوون نییەو لەبەرنامەی پارێزگادایە کە گۆڕانکاری بکات و پارکی وەستانی ئوتومبیل دروست بکرێت لەسەنتەری شار دەربارەی لابردنی فسفۆڕی بەردەمی دوکانداران لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ هەڵمەتێکی فراوان بۆ لابردنی ئەو فسفۆڕانە دەستی پێکردو ئێمەش لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی ناوشار بەشی ڕۆژهەلات کارمان بۆ لابردنی ئەو فسفۆڕانە ئەنجامدا و ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆرلە فسفۆڕ لادەبەین و لابردنی ئەو فسفۆڕانە جەنجاڵی لەسەر شەقامەکان کەم دەکاتەوەو بەردەوام دەبین لەسەر لابردنیان، بڕیار وایە بۆ ساڵی ئایندە چەندین بەرنامەی گرنگ بۆ زیاتر ڕێکخستن و جوانکاری شەقامەکان ئەنجام بدرێت.

بە هاتنی وەرزی سەرما

هاوواڵتیان بەیانیان زوو خۆیان بە خواردنی (سەروپێ) گەرم دەکەنەوە



خەبات/عەلی بانیشاری-سلێمانی

هەر کە وەرزی زستان و سەرما هات هاوواڵتیان بەلێشاو ڕوو لە خواردنی سەروپێ دەکەن و سەروپێخانەکان جمەیان دێت. بەشێک لە هاوواڵتیان بەیانیان کاتژمێر 6-5ئارەزووی سەروپێ خواردن دەکەن. زیاتر ئەوانە ڕوو لە سەروپێخانەکان دەکەن کە تەمەنیان لە قۆناغێکی هەرزەکاریداو بەتەمەنەکانیان کەمتر سەروپێ دەخۆن. لە وڵاتانی عێراق و ئێران و سوریا و ئوردن و میسر و کوێت و لیبیا و چەند وڵاتێکی دیکەی عەرەبی سەروپێ دەخورێت. بەپێی سەرچاوە میژوویەکان لە سەرەدەمی عوسمانییەکانەوە سەروپێ دەخورێت. سەرچاوە پزیشکییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن سەروپێ کەمترین پڕۆتین و کانزا و ڤیتامینی تێدایە، بۆیە بەهای خۆراکی زۆر نزمە.

فەیسەڵ گۆران، ماوەی زیاتر لە 12ساڵە لە شەقامی سالمی شاری سلێمانی سەروپێ دەفرۆشێت. ئەو دەڵێ" لە هەرێمی کوردستان سەورپێ خواردێنکی گرنگ و بەناوبانگە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی ئەو کەسانەی زیاد دەکات کە بۆ سەروپێ خواردن سەروپێخانەکان بەهۆی خاوێنی و هەرزانی و چۆنیەتی ڕازاندنەوەی سەروپێ و خۆشکردنی تامەکەی ناوبانگیان پەیدا کردووە". هەروەها گوتیشی" زۆرینەی ئەوانەی دێنە لایان بۆ سەروپێ خواردن لە تەمەنیان 40-25ساڵدایە".

کامەران تۆفیق، ماوەی 3ساڵە لە وەزری سەرما و بەڕێوەبەری هاتوچۆی ناوشار بەشی ڕۆژهەلات توانیمان چەندین پێشنیارو بیروڕا ئاڵوگۆڕ بکەین و لەپێناو بەرژەوەندی گشتی چەندین ڕێنمایی گرنگمان دەرکردووە، لەوانەش لابردنی ئەو مێزانەی کە بۆتە هۆی جەنجاڵی ناوشار و دووبارە ڕێک بخرێنەوەو بکشێنەوە داوە، جگە لەوەش لەبەرنامەدایە کە شەقامەکان چاک بکرێنەوە و گۆڕانکاری لەو شەقامەدا بکەین و هەر لە بەرنامەدایە هەموو ئەو پاسانەی کە لە نزیک باغی خواردنێک هێندەی سەروپێ خۆش نەبێت، چونکە گەرمت دەکاتەوە و وزەت پێ دەبەخشێت". باس لەوەشدەکات ئەو تەنها بە سەروپێی بازاڕ ڕازی نییە، بەڵکوو لە قەسابخانەکان دەیکڕێت و لە مالەوەش خێزانەکەی بۆ دروست دەکات و جاروباریش لە مالەوە هاوڕێکانی داعوەتی سەروپێ دەکات.

هیچ ئامارێک لەسەر ژمارەی سەروپێخانەکانی کوردستان بەدەست نییە. وەکو خاوەنی سەروپێخانەکان باسی لێوە دەکەن لیژنەی تەندروستی بەباشی چاودێریان دەکات و دەبێت لە کاتی خۆیدا مۆڵەتەکانیان نوێ بکەنەوە.

نەدیم گەیلان، تەمەنی 24 مانگی چەند جارێک سەروپێ دەخوات. ئەو تەمەنی 32 ساڵە و دانیشتووانی گەڕەکی بەختیاری شاری سلێمانییە و پیشەی شۆفێری تەکسییە. دەڵێت" سەروپێی خواردن بەشێکی زۆری ئارەزووە، خەڵک هەیە چەندین کیلۆمەتر دەبڕێت تەنها بۆ ئەوەی سەروپێیەکی بەتامی دەست بکەوێت". دەشڵێت" کە وەرزی سەرما دێت ڕەنگە هیچ دێنە دوکانەکەم". دەشڵێت" زۆرینەی ئەو کەسانەی سەورپێ دەخۆن بەیانیان زۆر زوو دێن و بەشێک لە خەڵکیش شەوانە سەروپێ دەخۆن". گوتیشی" سەروپێ لە زۆربەی وەرزەکاندا دەخورێت، بەڵام لە پایزان و زستانان زیاتر سەروپێخانەکان قەرەباڵخ دەبن".

فەیسەڵ پێشی وایە خاوێنی و هەرزانی نرخ دوو هۆکاران بۆ ئەوەی سەروپێخانە سەردانیکەری زۆر بێت. ئەو دەڵێ" ئەگەر دوکانەکەن خاوێن نەبێت ڕەنگە کەس سەردانت نەکات، چونکە کە کەسێک دێتە دوکانەکەت ڕەنگە یەک شت سەیری خاوێنی بکات و دواتر بۆ نرخ بپرسێت". ئەوەشی گوت" بەشێک لە ساڵە و قوتابی زانکۆیە سلێمانییە. ئەو لە بنەڕەتدا دانیشتووی شاری کەلارە، بەڵام ماوەی چوار ساڵە بۆ خوێندن ڕووی لە شاری سلێمانی کردووە. دەڵێت" لەم وەرزەدا 4-3جار سەروپێ دەخۆن، من بەشوێن دوکانی خاوێن و سەروپێی بەتامدا دەگەڕێم، ئەوەی دەمەوێت لە هەرکوێ دەستم کەوت بێ یەک و دوو دادەنیشیم و داوای سەروپێیەک دەکەن". گوتیشی" خەڵکانێک هەن بەهیچ شێوەیەک سەروپێ ناخۆن، هەیە دەڵێ تەنها بۆنەکەی بەسەرمدا بچێت تێک دەچم، بەڵام من وا نیم و زۆریش ئارەزووی خواردنی دەکەم".

کاریکاتێر



سەردانی نەخۆش لە نەخۆشخانەکاندا

دەربازنەبوونی عێراق لە تونێلە تاریکەکان چی بەدوا دادێت

خەبات: تریفە ئازاد

خۆپیشاندانەکانی عێراق هاوشێوەی خۆپیشاندانەکانی دیکەی ناوچەکە لە داواکاری ئاسایی خۆپیشاندەرانەوە قۆڵبۆتەوە بۆ داواکاری ڕیشەیی سیاسی ئەمەش ئەوەندەی تر هاوکێشەی سیاسی عێراقی ئاڵۆزتر کردووە بە تایبەتی دوای دەست لەکار کێشانەوەی سەرۆک وەزیران عادل عەبدولمەهدی و گەڕان بەدوای کەسایەتەیەکی تر بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە کە دیارە ئەم پرۆسەیەش هەروا بە ئاسانی تێپەڕ نابێت بە تایبەتی دوای ئەوەی گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی عێراق خۆی لەم ئەرکە دزییەوە.

پێشهاتە ئابوورییەکانی عێراق لە ئێستادا

د.سەلاحەدین ئەحمەد محەمەد ئەمین، دکتورا لە ئابووری نێودەوڵەتی مامۆستای زانکۆ لە بارەی دۆخی ئێستای عێراق و لە ڕوانگەی ئابوورییە و زیانە ئابوورییەکان لە ئێستا و داهاتوو چۆن دەبێت لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

ئابووری هەر وڵاتێک پەیوەندی بە سەقامگیری سیاسی وئیدارێکی سەربەخۆ هەیە، کە تێدا دەسەڵاتداران پێویستە ئاستێکی باشی بژێوی وخۆشگوزەرانی بۆ خەڵک دابین بکات ، بەڵام کە دکتۆر عادل عبد ولمەهدی بوو بە سەرۆک وەزیران عێراق هاتە سەر پاشماوەی قەیرانێکی سیاسی قورس و هەمە لایەنە ،وە کۆمەڵێک قەیرانی ئابووری ودارایی وکارگێڕی بە تایبەتی گەندڵی بەربڵاو هەموو دام دەزگاکانی عێراق گرتۆتەوە وبەردوامە، داهاتی گشتی لە ساڵانی2003 - 2018 زیاتر لە ترلیۆنێک وسەد ملیار دولار بوە وخەرج کراوە بەپێی بودجە ئیتحادی پەسندکراو لە پەرلەمان ، وزیاتر لە (95%) تێکرای بودجە لە داهاتی نەوتی خاوە بووە، بەڵام پرسیارکە ئەوەیە چۆن ولە چی خەرج کراوە ئەو کۆژمە زەبەلەحە پارەیە !! بۆ باشی خۆشگوزەرانی خەڵک وگەشەپێدانی ژێرخانی ئابووری بووە ، نەخێر داهاتی وڵات بەهەدر دراوە وبەزاراوەی گشتی فەرهوود کراوە، عێراق داتراوە بەگەندڵترین وخرابترین وڵات لە باری شەفافیەت وڕوونی کە ڕیزبەندی (169 لە ساڵی 2018 بە پێی ڕێکخراوی ڕوونی جیهانی.دوای ئەوەی خزمەت گوزاری و بژێوی ژیان زۆر خەراب بوو وهەژاری مەترسیدار لە عێراق هاتە ئاراوە باری سیاسی تێکچوو ونا سەقامیری ڕووی دا بەوەی خەڵک هیچ ئارامی نەما وخۆپشاندان دەستی پێکرد وداوای خزمەت گوزاری بنەڕەتێیکانی سادەی ژیان هاوڵاتیبوونیان دەکرد، بەڵام پەرەی سەند وهەندێ لایەنی ناوخۆیی ودەرەکی سواری شەپۆلی خۆپشاندان بوون بۆ مەرامی تەسکی سیاسی وە بە پێچەوانەی داوەکاری خۆپشاندەران داوای هەمواری دەستور وهەڵوشاندنەوەی حکومەتیان کرد ، وە لە بنەڕەتدا کێشەکانی عێراق لە گشتی لە عێرق پێشبینی دەکرێت زۆرینەی سامانی کەرتی تایبەت ڕوو لە دەرەوە بکات ، واتە نەمانی و ڕووخانی ژینگەی وەبەرهێنان و وەستانی زۆربەی پرۆژەکانی ئاودانکرنەوە،نا سەقامگیری سیاسی وئیداری گەندەڵ و حکومرانی نا تەندروست کاریگەری ڕاستوخۆی دەبێت لە سەر ئیفیلجی یان بێ باوەری کارو وچالاکی بانکەکان کە ڕۆڵی سەرەکی هەیە بۆ پالپشتی گەشەپێدای ئابووری لە وڵات،پێشبینی دەکرێت تێکچوونی سیاسەتی



د.سەلاحەدین ئەحمەد

نەخینە لە لایەن بانکی ناوەندییەوە وە دەبێتە دابەزینی بەهای دینار بەرانبەر دراوەکانی تر وئەمەش دەبێتە هۆی ناسەقامگیری لە بازاڕەکانی عێراق،لە دەرەنجامی ڕەنگدانەوەی ولێکەوتەی جۆراو و جۆر وخەرابی بارودۆخی عێراق ، کاریگەری ئابووری نەرێنی دەبێت لە سەر هەرێمی کوردستان ، بۆیە پێویستە ئاماده کاری بکرێت بۆ هەموو ئەگەرەکان.

کاریگەرییە سیاسەکان لەسەر خۆپیشاندانەکان

بەختیار تاڵەبانی، چاودێری سیاسی لە بارەی ڕەوشی ئالۆزی ئێستای عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

دیارە ئەوەی کە ئەمڕۆ لە عێراقدا ڕووەدات بۆ ئێمەی کورد ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو نەبووە و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و بە تایبەتی خودی سەرۆک بارزانی زۆر دەمێکە هۆشداری ئەوەی داوە کە پرۆسەی سیاسی عێراق بەلاڕێدا چووە و لە شارپی خۆی لایداوە و وڵات بەرەو تاکڕەوی و دەسەڵاتی تۆتالیتاری و هەڵدێر دەچێت و ئەمەش بە ڕوونی لە هەردوو خولی حوکمڕانی مالیکی دەردەکەوت کاتێک هەڕەشەی فرۆکەی F16 و سەرکردایەتی عەملیاتی بەناوی دیجلە بۆسەر کەرکوک و بیابانیش بۆسەر دەشتی نەینەوا دەکرد ، کاتێک بە ئاگر و ئاسن وەڵامی داخوازیەکانی خەڵکی پارێزگا سوننە نیشنەکانی دەدایەوە و دەستوری ژێر پێ دەخست و ئەو کاتەی قوتی خەڵکی کوردستانی بڕی و دواتریش عەبادی بە هەمان مێتۆد وڵەسەر هەمان ڕێباز وەڵامی دەنگی ئازاد و دلێری خەڵکی کوردستانی لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان دایەوە . ئەگەر ئارەزایی و مانگرتنی گۆڕەپانەکانی شارە سوننەیەکان وەک پرەنسیپێکی دیموکراسی لەدژی زوڵم و زۆرداری و پێشێلکردنی دەستور لە لایەن شیعەی دەسەڵات شەپۆلی یەکەمی خۆپشاندانەکانی خەڵکی عێراق بێت ئەوا ریفراندۆمی خەڵکی کوردستان بە هەمان پرەنسیپ شەپۆلی دووەمی ئەو ئارەزایەتیانە بوو دژی شیعەی دەسەڵات و ئەوەشی کە ئەمڕۆ لە ناوەڕاست و باشوری زۆرینە شیعەی عێراق ڕووەدات شەپۆلی سێهەمی خۆپشاندانەکانە کە ئەمجارەیان لەلایەن خودی خۆیانەوە بەڕێوە دەچێت و پێشمایە یەکلاکەرەوەیە . هەڵبەت خۆپشاندانەکان سەرەتا بە داواکاری هەلی کار و نەبوونی خزمەتگوزاری سەرەتایی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەستی پێکرد بەڵام دوای بەرفراوان بوون و پەرەسەندنی شەپۆلی نارەزایەتیەکان ، هێزگەلێکی ناوخۆیی و دەرەکی تێهەڵکێشی بوو و ئامانجەکەیان بەرەو ئاراستەیەکی سیاسی گۆڕی تا ڕادەی گۆڕینی ڕژێمی سیاسی . دیارە لە ئێستادا یەکێک لە داواکاریەکانیان کە خۆی لە دەستلەکارکێشانەوەی عەبدولمەهدی دەبینی هاتەدی ، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەمە لە شەپۆلی تورەیی خەڵک کەم دەکاتەوە ، ئایا ئامانجی خۆپشاندەران تەنها بەئامانج گرتنی سەرۆک وەزیرانێکە کە ماوەی دەستبەکاربوونی تازە ساڵێکی تەواو کردووە یان ناوبراو باجی 16 ساڵ حوکمڕانی چەوت و گەندەڵ و فاشیلی پێش خۆی دەداتەوە ؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر و ئەوان دوورتر دەڕوانن و دانیش بە هیچ کاندیدێک نانێن کە لەلایەن هێزە سیاسیەکانەوە بەربژێر کرابێت هەر بۆیە ئەم حکومەتەی ئێستا وەک کاربەڕێکەر بۆ



بەختیار تاڵەبانی

ماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبێت چونکە ئەگەر چی هەندێ ناومان بەر گوێ دەکەوێ بەڵام پێناچێت کوتلە سیاسیەکان بتوانن لە ماوەی دیاریکراو کاندیدی خۆیان بە سەرۆک کۆمار پێشکەش بکەن ، ئەوان هەر لە بنەڕەتدا نەک کاندید بگرە کۆی سیستەمەکە ڕەتدەکەنەوە و تەنها خاڵێک کە ئەوانی بەم سیستەمەوە گرێدابێ جێبەجێکردنی داواکاریەکانیانە کە خۆیان لەم خاڵانەدا دەبینن 1- دەرکردنی یاسایەکی نوێی هەڵبژاردن 2- گۆڕینی کۆمیسیۆنی بااڵی هەڵبژاردنەکان 3- سزادانی گەندەڵکاران لە ڕێگەی دادگایەکی تایبەتەوە 4- هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان 5- هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەمانە خاڵی سەرەکین و ، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەمە لە شەپۆلی تورەیی خەڵک کەم دەکاتەوە ، ئایا ئامانجی خۆپشاندەران تەنها بەئامانج گرتنی سەرۆک وەزیرانێکە کە ماوەی دەستبەکاربوونی تازە ساڵێکی تەواو کردووە یان ناوبراو باجی 16 ساڵ حوکمڕانی چەوت و گەندەڵ و فاشیلی پێش خۆی دەداتەوە ؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر و ئەوان دوورتر دەڕوانن و دانیش بە هیچ کاندیدێک نانێن کە لەلایەن هێزە سیاسیەکانەوە بەربژێر کرابێت هەر بۆیە ئەم حکومەتەی ئێستا وەک کاربەڕێکەر بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکانیانە کە خۆیان لەم خاڵانەدا دەبینن 1- دەرکردنی یاسایەکی نوێی هەڵبژاردن 2- گۆڕینی کۆمیسیۆنی بااڵی هەڵبژاردنەکان 3- سزادانی گەندەڵکاران لە ڕێگەی دادگایەکی تایبەتەوە 4- هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان 5- هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەمانە خاڵی سەرەکین و ، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەمە لە شەپۆلی تورەیی خەڵک کەم دەکاتەوە ، ئایا ئامانجی خۆپشاندەران تەنها بەئامانج گرتنی سەرۆک وەزیرانێکە کە ماوەی دەستبەکاربوونی تازە ساڵێکی تەواو کردووە یان ناوبراو باجی 16 ساڵ حوکمڕانی چەوت و گەندەڵ و فاشیلی پێش خۆی دەداتەوە ؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر و ئەوان دوورتر دەڕوانن و دانیش بە هیچ کاندیدێک نانێن کە لەلایەن هێزە سیاسیەکانەوە بەربژێر کرابێت هەر بۆیە ئەم حکومەتەی ئێستا وەک کاربەڕێکەر بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکانیانە کە خۆیان لەم خاڵانەدا دەبینن 1- دەرکردنی یاسایەکی نوێی هەڵبژاردن 2- گۆڕینی کۆمیسیۆنی بااڵی هەڵبژاردنەکان 3- سزادانی گەندەڵکاران لە ڕێگەی دادگایەکی تایبەتەوە 4- هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان 5- هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەمانە خاڵی سەرەکین و ، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەمە لە شەپۆلی تورەیی خەڵک کەم دەکاتەوە ، ئایا ئامانجی خۆپشاندەران تەنها بەئامانج گرتنی سەرۆک وەزیرانێکە کە ماوەی دەستبەکاربوونی تازە ساڵێکی تەواو کردووە یان ناوبراو باجی 16 ساڵ حوکمڕانی چەوت و گەندەڵ و فاشیلی پێش خۆی دەداتەوە ؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر و ئەوان دوورتر دەڕوانن و دانیش بە هیچ کاندیدێک نانێن کە لەلایەن هێزە سیاسیەکانەوە بەربژێر کرابێت هەر بۆیە ئەم حکومەتەی ئێستا وەک کاربەڕێکەر بۆ

سوورە مەرگەیی

عێراق و لە دەستدانی ناسنامەی دەوڵەتبوون

هەموو وڵاتانی جیهان خاوەنی ناسنامەی سیاسی و یاسایی بە دەوڵتبوونی خۆیانن و بە لەدەستدانی ئەو ناسنانەیەش بنەما و مەرجەکانی بە دەوڵەتبوون لەدەست دەدەن، عێراق وەک دەوڵەت زۆرێک لەو بنەمایانەی لەدەست داوە، لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر بەشێک لەو بنەما گرنگانەی کە بە دەوڵەتبوونی عێراقیان خستۆتە ژێر گومان و کۆمەڵێک پرسیاری سیاسی و یاسایی.

1- بوونی دەستوور و پابەندبوون پێیەوە:ـ ڕاستە عێراق خاوەنی دەستوورێکە و ئەو دەستوورەش لەلایەن خەڵکی عێراقەوە دەنگی پێدراوە، ئەگەر ئەو دەستوورە وەک گرنگترین بنەمای بە دەوڵەتبوون کاری پێکرابا و حزب و لایەنەکان سیاسیەکان پێوەی پابەند بوونایە، عێراق تووشی ئەو فەوزا سیاسییە نەدەبوو کە ئێستا پێوەی دەناڵێنێ، بەڵام ئەو دەستوورە هەر لە سەرەتاوە کەوتە ژێر کاریگەری هێز و حوکمی میلیشیا و فتوای مەرجەع و کاری پێ نەکرا، ئەوەی ئێستا لە عێراق جێی دەستووری گرتۆتەوە بوونی هێز و حوکمی میلیشیا و لە سەرووی ئەوانەشەوە فتوای مەرجەعە، لە کاتێکدا عێراق فرە نەتەوە و فرە دین و فرە مەزهەبیشە، بۆیە فتوای مەرجەع نەک کێشەکان چارەسەر ناکات، بەڵکو کێشەکان ئەوەندەی تر ئاڵۆز دەکا و هەوڵەکانی چارەسەریش لەبەین دەبات، چونکە فتوای مەرجەع لە دیدگای یەک مەزهەبەوە بۆ کێشەکان دەڕوانێ و کێشەکانیش جیا لەوەی سیاسین، کێشەی خۆ سەپاندنی تاک مەزهەبی و تاک نەتەوەیین بەسەر دین و نەتەوە و مەزهەبەکانی تردا.

2- سنوور و پاراستنی ئەو سنوورانە:ـ عێراق وەک هەر دەوڵەتێکی تر خاوەنی سنووری سیاسی خۆیەتی و بەو سنوورەش لە وڵاتانی تر جیا دەکرێتەوە، بەڵام وەک دەبینین عێراق بۆتە مەیدانی تەراتێنی ئەم وڵات و ئەو وڵات و بێ ڕەزامەندی عێراق سنوورەکانی دەبەزێنرێن و پێشێل دەکرێن.

3- سەروەری سیاسی و یاسایی:ـ دیارە هەموو وڵاتانی جیهان خاوەنی سەروەری سیاسی و یاسایی خۆیانن و ئەرکی ئەو وڵاتەشە ئەو سەروەریە لە دەستوەردانی دەرەکی بپارێزێ، بەڵام عێراق ئەو سەروەریەی لەدەست داوە و لە چەندین لاوە دەستوەردان لە عێراقدا دەکرێ و بە ئاشکرا و نهێنی وڵاتان هێزیان لە عێراق هەیە، ئەو وڵاتانەش کە هێزیان لە عێراق هەیە عێراقیان کردۆتە گۆڕەپانی بەریەککەوتن و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان، ئەوە جگە لە دەستوەردانی سیاسی وڵاتان.

ڕووداوەکانی ناوخۆشی ناسنامەی دەوڵەتبوونی عێراقیان خستۆتە ژێر هەڕەشە و مەترسییەوە، ئەوەی ئێستا عێراقی وەک دەوڵەت هێشتۆتەوە بەرژەوەندی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتییە ، ئەگەرنا عێراق وەک دەوڵەت ناسنامەی دەوڵەتبوونی ون کردووە، بوونی ئەو بەرژەوەندیانەش ئەوەندەی تر عێراق بەرەو کاول بوون دەبەن و خەڵکی عێراق تووشی سەرگەردانی و مالّ وێرانی زیاتر دەکەن، کوردیش وەک پێکهاتەیەکی ناو عێراق لە سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی عێراق باجی کوردبوونی داوە، ئەگەر کوردانە و دوور لە بەرژەوەندی حزبی و تاکە کەسی بۆ داهاتووی عێراق و ئەگەری دابەش بوونی نەڕوانێ لە پێشکی نەهامەتیەکانی داهاتووی عێراق بێبەش نابێ، چونکە بەرکەوتنی بەرژەوەندی وڵاتان عێراق بەرەو چارەنووسێکی ڕەشتر لە ئێستا دەبەن، بۆیە پێویستە و دەبێ حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بە ئەرکی نەتەوەیی خۆیان هەستن و بە هزر و بیری کوردایەتی و لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندیە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان بچنە ناو ڕووداوەکان.





هەنگاونان بەرەو نووسینەوەی دەستووری کوردستان



19
مانپەروەر: جەواد مستەفا ستۆپەیی

ڕەگەزی یەکگرتن لە دەوڵەتی فیدراڵیدا

هەمیشە دەوڵەتی فیدراڵی بە دوو ڕێگا دروست دەبێت یان وڵاتێکی ئاسایی دابەش دەبێت بو چەند (هەرێم - ویلایەت ڕ کانتون)یک کە بە پێی دەستووری هەر وڵاتێکی لێ دەنێت لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵی یەکگرتوودا، کە هەرێمەکان سەروەری و سەربەخۆی ناوخۆییان هەیە، بەڵام سەروەری نێودەوڵەتییان نییە. ڕێگای دووەمیش بریتییە لە یەکگرتنی چەند وڵاتێک کە دەست لە سەروەری دەرەکی خۆیان بەردەدەن بو دەوڵەتی فیدراڵی لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتەدا کۆدەبنەوە بو ئەوەی حکومەتێکی فیدراڵی بەهێز دروست بێت، تا بتوانێت بەرگری لە هەموو هەرێمەکان بکات و لە بواری جۆراوجۆرەکاندا بەرەو پێشەوە ببات.

گرنگترین ڕەگەزەکانی یەکگرتن لە دەوڵەتی فیدراڵیدا بریتییە لە یەکگرتن لە دەستووری فیدراڵی، نووسینی دەستووری فیدراڵی دەبێت لەلایەن پسپۆڕ و شارەزایانی بواری یاسای دەستووری و سیاسیەکانی گەل و نەتەوەجیاوازەکانی وڵات بنووسرێتەوە بە شێوەیەک کە نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکانی وڵات بکات. لە هەمان کاتدا نابێت هیچ برگە یان مادەیەک لە دەستووری هەرێمەک لە هەرێمەکان پێچەوانەی بنەمەکانی دەستووری فیدراڵی بێت. هەروەها ڕەگەزێکیتری یەکگرتن بریتیە لە یەکگرتنی دەسەلاتە سەرەکییەکانی (یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەری) دەوڵەتی فیدراڵی، واتە ئەو بریار و یاسایانەی لە دادگاکان و پەرلەمان و حکومەتی فیدراڵی دەردەچن تایبەت بە هەرێمەکان، پێویستە ئەم هەرێمانە پێوە پابەندبن.

دەوڵەتی فیدراڵی هاوشێوەی دەوڵەتی ئاسایی لەسەر سێ بنەومای سەرەکی دامەزراوە (گەل، خاک، سەروەری)، بەڵام لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە تەنها حکومەتی فیدراڵی خاوەن سەروەرییە نەک هەرێمەکان. دووەمیان لە ڕووی ناوخۆییەوە کە لە خوارەوە باسیان دەکەین:

یەکەم: لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە: دەوڵەتی فیدراڵی لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە سێ بنەمای سەرەکی لە خۆ دەگرێت: (سەروەری. ڕەگەزنامە. هەرێمەکان)

سەروەری (دەسەلاتی سیاسی):

دەوڵەتی فیدراڵی کە لە چەند هەرێمێک پێکدێت و ژمارەی هەرێمەکان هەر چەند زۆریش بێت، بە هەموو هەرێمەکانەوە تەنها بە یەک لا دەژمێردرێت و لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە تەنها یەک هەلسوکەوتی نێودەوڵەتی لەگەڵدا دەکرێت ئەویش لە ڕێگەی حکومەتی فیدراڵییەوە نەک هەرێمەکان، چونکە تەنها حکومەتی فیدراڵی خاوەن سەروەری دەرەکییە. بەڵام لە هەمان کاتدا لە ڕووی دابەش بوونی دانیشتوانەوە بەسەر چەند هەرێم و پارێزگاکانی نەبەسترابو بە هەرێمەوە، هەموو هاوڵاتییەکانیان لە ڕووی نێوخۆییەوە خاوەن کیانی سیاسی خۆیانن و سەروەری نێوخۆییان لە بواری جۆراوجۆرەکاندا هەیە.

شتێکی شاراوە نییە کە دەوڵەتی فیدراڵی لە سێ ڕوویەوە یەکگرتووە یەکێتی خاک یەکێتی ئابووری و یەکێتی دەسەلاتی سیاسی. بەڵام لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە تەنها حکومەتی فیدراڵی کاروبارەکانی نێودەوڵەتی جێبەجێ دەکات وەک گرێدان و جێبەجێ کردنی ڕێکەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و هەروەها بڕیاردان لەسەر شەر و ئاشتی و دروست کردنی پەیوەندی دیپلوماسی و لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی. بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێک لە زاناکان وەک د. حسن ئەلجەلەبی دەڵێت: (حکومەتی هەرێمەکان بەتەواوەتی لە کەسایەتی نێودەوڵەتی دانابڕێن، تا بێ بەش بکرێن لە سیفەتی دەوڵەت لە بواری نێودەوڵەتیدا). کەواتە هەرێمەکانیش تا ئاستێک دەتوانن لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە، بەڵکو هەندێک ڕێکەوتننامەی بچوک لە گەڵ وڵاتان ئەنجام دەدەن وەک ڕێکخستنی کاروبارەکانی سنوور لە گەڵ وڵاتانی جیران لە ڕووی بازرگانی و گومرگ و ترانزێت و ... تاد. هەر لەسەر ئەم بنەمایە (مارسیل پریلوت) دەڵێت: فیدراڵییەت کۆکەرەوەی وڵاتانە.

یەکێتی ڕەگەزنامە:

هاوڵاتیانی حکومەتی فیدراڵی و هەموو هەرێمەکان تەنها یەک ڕەگەزنامەیان هەیە ئەویش ڕەگەزنامەی حکومەتی فیدراڵییە. ئەمەش وادەگەیەنێت کە تەنها حکومەتی فیدراڵی خاوەن سەروەرییە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەمەش واناگەیەنێت کە حکومەتی فیدراڵی سەروەرییەکی ڕەهای هەبێت، چونکە ناکرێت سەروەری ڕەهای حکومەتی فیدراڵی و ڕەگەزنامە بەیەکەوە گرێ بدرێت، بەڵکو ڕەگەزنامەی یەکگرتوو بریتییە لە سروشتی دەوڵەتی فیدراڵی.

ئەگەر سەیری وڵاتی سویسرا بکەین کە وڵاتێکی فیدراڵییە، هاوڵاتیانی هەموو ویلایەتەکانی ئەم وڵاتە تەنها یەک ڕەگەزنامەیان هەیە ئەویش ڕەگەزنامەی سویسرییە. کەواتە لێرەدا پێویستە جیاوازی بدەینە نێوان ڕەگەزنامە و هاوڵاتیبوون. بۆمونە: لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوڵاتیانی هەموو ویلایەتەکان تەنها ڕەگەزنامەی ئەمریکییان هەیە، بەڵام دەکرێت هاوڵاتی هاوکات لەگەڵ ڕەگەزنامەی ئەمریکی نشینگەی چەند هەرێمێکی هەبێت و هاوڵاتی چەند ویلایەتێک بێت، واتە لە هەمان کاتدا هاوڵاتی بنسلڤانیا و ڤیرجینیا و نیویورک بێت، کەواتە هاوڵاتی زیاتر لەیەک ویلایەتە، بەڵام تەنها ڕەگەزنامەی ئەمریکای هەیە. ئەم شێوازەی هاوڵاتیبوون لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سویسرا و ئوسترالیا و زور وڵاتانیتر.... بەم شێوەیە. لەلایەکیترەوە هەر هاوڵاتییەکی بیانی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دایک بێت ڕاستەوخۆ ڕەگەزنامەی ئەمریکی پێ دەدرێت، سەرەڕای ئەوەی لە هەر ویلایەتێک لە ویلایەتەکانی ئەمریکا لەدایک بووبێت.

یەکێتی هەرێمەکان:

بەگشتی هەرێم یەکێکە لە سەرەکیترین بنەماکانی هەر جۆرە دەوڵەتێک، یەکێتی هەرێم لە دەوڵەتی فیدراڵیدا بە هەمان شێوە سەرەکیترین بنەمای دەوڵەتی فیدراڵییە، سەرەڕای ئەوەی ئەم هەرێمە لە ڕووی ناوخۆییەوە دابەش بووە بو چەند قەوارەیەکی دەستووری، بەڵام ئەگەر هەر دوژمنکارییەک بکرێتە سەر هەر یەکێک لە هەرێمەکان، ئەوە دوژمنکارییە بو سەر حکومەتی فیدراڵی، چونکە وڵاتانی بیانی وەکو یەک دەوڵەتی سەیری دەوڵەتی فیدراڵی دەکەن، تەنانەت ئەگەر لەیەک یان لە چەند هەرێم یان ویلایەت یان لە چەند کۆمارێکی یەکگرتوو پێکهاتبێت.

دووەم: ڕەگەزی یەکگرتن لە ڕووی ناوخۆییەوە

ڕەگەزی یەکگرتن لە دەوڵەتی فیدراڵیدا لە هەرسێ دەسەلاتە سەرەکییەکانی وڵاتدا هەیە، دەسەلاتی یاسادانان (پەرلەمان)، و دەسەلاتی جێبەجێ کردن (حکومەت) و دەسەلاتی دادوەری، بەڵام پێویستە دەسەلاتی دادوەری سەربەخۆ بێت لە هەردوو دەسەلاتیتر، بۆئەوەی بێ لایەنی خۆی بپارێزێت و بە شێوەیەکی دادپەروەرانە کار بکات. لە مادەی 47ی دەستووری عێراق ئاماژەی بە دەسەلاتەکانی فیدراڵی کراوە کە پێک دێت لە دەسەلاتی یاسادانان و جێبەجێ کردن و دەسەلاتی جێبەجێ کردن:

دەسەلاتی جێبەجێکردن لە دەوڵەتی فیدراڵیدا پێکدێت لە سەرۆکی وڵات (سەرۆک کومار یان پاشا)، و ئەنجومەنی وەزیران وەک وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەت و هیند و ئوسترالیا و کەنەدا و سویسرا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و زور وڵاتانیتر. ئەوەی شایانی ئاماژە پێکردنە سیستەمی فیدراڵی لە ڕووی پراکتیکییەوە دەکرێت لەگەل هەریەک لە سیستەمەکانی (پەرلەمانی و سەرۆکایەتی و مەجلسی) جێبەجێ بکرێت.

بۆمونە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وڵاتێکی فیدراڵییە و پەیرەوی سیستەمی سەرۆکایەتی دەکات. لەم وڵاتەدا دەسەلاتی جێبەجێکردن لە سەرۆک کۆمار و وەزیرەکان پێکدێت کە سەرۆک کۆمار ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیان دەکات، هیچ ئەنجومەنێکی وەزیرانیان نییە، هەروەها سەرۆک کۆمار وەزیرەکان و گەورە بەرپرسانی وڵات وەک دادوەرەکانی دادگای باڵای

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٤٢٢٥١٧ بەروارى ٢٠١٩/٧/٢٢ بەبرى ٣٠٠٠٠٠ بەناوی یونس حسن احمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

مدیریة تنفیذ ئاکری

العدد /٢٨٤٠/ت.د/٢٠١٩

التاریخ / ٢٠١٩/١٢/٩

الی / المنفذ علیه (مجاهد محمد سعید)

م / تبلیغ بمذکرة الاخبار بالتنفیذ

علیکما الاضبارة التنفیذیة المرقمة (٢٨٤٠/ت.د/٢٠١٩) بمبلغ قدرة (١٥٩٩٨٥٠) ملیون وخمسمائة وتسعة وتسعون الف وثمانمائة وخمسون دینار عراقی فقط ونظرا لمجهولیة محل اقامتك حالیا حسب کتاب مرکز شرطة کولان المرقم (٥٢٧٧) في ٢٠١٩/١٢/٤ علیه قررنا تبلیغك عن طریق صحیفتین محلیتین یومیتین رسمین للحضور امام مدیریتنا او ارسال من ینوب عنك وبعکسه سوف نتخذ الاجراءات القانونیة بحقکما بعد مرور الفترة القانونیة (١٥) یوما المنفذ العدل / ناطق نافع صدیق

***

مدیریة تنفیذ ئاکری

العدد /٢٧٤٢/ت.د/٢٠١٩

اعلان

بناءا علی القرار الصادر من هذه المدیریة في الاضبارة التنفیذیة المرقمة ٢٧٤٢/ت.د/٢٠١٩ المتضمن بیع العقار المرقم ١٧٢/٤ مقاطعة ٨٨ اشکفتة مغارة المبین اوصافه ادناه تعلن هذه المدیریة عن بیعه بالمزایدة العلنیة فعلی الراغبین بالشراء مراجعة هذه المدیریة مستصحبین معهم التامینات القانونیة البالغة ١٠٪ من القیمة المقدرة ان لم یکن شریکا في العقار المذکور او دائنا في الاضبارة التنفیذیة اعلاه وستجري المزایدة في الساعة الثانیة عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من الیوم الثلاثین التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمیة ففي الیوم الذي یلیه علما ان الدلالیة ورسوم التسجیل علی المشتري

الاوصاف : رقم الاضبارة ٢٧٤٢/ت.د/٢٠١٩ الموقع ئاکری/ قابکی المساحة ٤٥٠ م٢ الجنس ملك صرف القیمة المقدرة (٧٢٠٠٠٠٠٠) اثنان وسبعون ملیون دینار عیراقي

المنفذ العدل / بدران عبدالرحیم حاجي

***

وەزارەتی سامانە سروشتیەکان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئابووری و گرێبەستەکان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە/ ٨٧٢٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٩

ئاگاداری کەمگری نهێنی ژمارە (٢٠١٩/٦)

وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی کەمگری (نهێنی) بۆ بەمەبەستی گواستنەوەی بری دیاریکراوی نەوتی ڕەش لە پاڵاوتگەی کەلەك لە پارێزگای هەولێر بۆ وێستگەی کارەبای باعەدرێ لە پارێزگای دهۆك بەپێی ڕاددەگەێنێت جا هەرکۆمپانیایەك کە ئارەزووی بەشداربوونی هەیە لەم کەمگری یە باسەردانی دیوانی وەزارەت/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان بکات بۆ کڕینی تەندەر وە دواکات بۆ گەڕانەوەی تەندەرەکان ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٢٣ کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ بەرەچاوکردنی ئەم خالانەی خوارەوە:

١- پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو مۆلەتی کۆمپانیای لە هەرێم پێشکەش بکات.

٢- پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو پۆلینی بەڵێندەرایەتی پلە یەك بێت یاخود مۆلەتی گواستنەوەی بەرهەمە نەوتیەکان یان بازرگانی گشتی هەبێت.

٣- کۆمپانیا پێویستە بەڵگەی تایبەت بەکاری هاوشێوە لەبواری سووتەمەنی پێشکەش بکات.

٤- کۆمپانیا پێویستە پشتگیری باجی دەرامەت بۆ ساڵی ٢٠١٩ پێشکەش بکات.

٥- کردنەوەی تەندەر لە دیوانی وەزارەت دەبێت.

٦- نرخی تەندەر (٥٥٠,٠٠٠) پێنج سەد و پەنجا هەزار دینری عیراقی یەکە گەرانەوەی بۆ نییە.

٧- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.

٨- خەرجییەکانی بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کەمگری یەکەی بۆ دەردەچێت.

فریدون رحمان عولا
بەڕێوەبەری گشتی کاروباری کارگێری دارایی

***

وەزارەتی سامانە سروشتیەکان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئابووری و گرێبەستەکان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە/ ٨٧٣٠
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٩

ئاگاداری کەمگری نهێنی ژمارە (٢٠١٩/٧)

وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی کەمگری (نهێنی) بۆ بەمەبەستی گواستنەوەی بری دیاریکراوی کۆزندنسێت لە کێلگەی کۆرمۆر لە پارێزگای سلێمانی بۆ وێستگەی داگرتن لە خورمەڵە لە پارێزگای هەولێر بەپێی یاسا ڕادەگەێنێت جا هەرکۆمپانیایەك کە ئارەزووی بەشداربوونی هەیە لەم کەمگری یە باسەردانی دیوانی وەزارەت/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان بکات بۆ کڕینی تەندەر وە دواکات بۆ گەڕانەوەی تەندەرەکان ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٢٣ کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ بەرەچاوکردنی ئەم خالانەی خوارەوە:

١- پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو مۆلەتی کۆمپانیای لە هەرێم پێشکەش بکات.

٢- پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو پۆلینی بەڵێندەرایەتی پلە یەك بێت یاخود مۆلەتی گواستنەوەی بەرهەمە نەوتیەکان یان بازرگانی گشتی هەبێت.

٣- کۆمپانیا پێویستە بەڵگەی تایبەت بەکاری هاوشێوە لەبواری سووتەمەنی پێشکەش بکات.

٤- کۆمپانیا پێویستە پشتگیری باجی دەرامەت بۆ ساڵی ٢٠١٩ پێشکەش بکات.

٥- کردنەوەی تەندەر لە دیوانی وەزارەت دەبێت.

٦- نرخی تەندەر (٦٠٠,٠٠٠) شەش سەد هەزار دینری عیراقی یەکە گەرانەوەی بۆ نییە.

٧- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.

٨- خەرجییەکانی بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کەمگری یەکەی بۆ دەردەچێت.

فریدون رحمان عولا
بەڕێوەبەری گشتی کاروباری کارگێری دارایی

***

وەزارەتی سامانە سروشتیەکان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئابووری و گرێبەستەکان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە/ ١١٣/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٥

داواکار/ اژین نامق خضر
داوالێکراو/ امینه خضر رسول/
شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە

ئاگادارت دەکەینەوە کەوا داوکا(ئەژین نامق خضر) داوای ژمارە(١١٣/ش/٢٠١٩)ی لەسەرت تۆمارکردووە کە تیایدا داوای(سەلماندنی هاوسەرگیری – اثبات زوجیة) دەکات لەنێوان تۆو بەرای کۆچ کردوی بەناوی(ادریس نامق خضر) کە لە ڕێکەوتی(١٩٩٨/١٢/٢١) گرێبەستی هاوسەرگیریاتن ئەنجام داوە لەدەرەوەی دادگا ئەم دادگایە(٢٠٢٠/١/٩) وەکو ڕۆژی دادبینی دیاری کردوە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێی نوسراوە بنکەی قۆلیسی تەق تەق بەژمارە(٣١٣٧) لەڕێکەوتی(٢٠١٩/١٢/٢) وەئەشعاری ئەنجومەنی گەڕەکی ناشتی تەق تەق وەنوسراوی شارەوانی تەق تەق بەژمارە(١١١٨) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/٢) کە تیایدا دیاری کراوە شوێنی نیشتەجێ بوونی نادیارە لەکاتی ئیستادا بۆیە دادگا بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونت لە دادگا وە ئەگەر ڕۆژی دیاریکراو ئامادەنەبیت یاخود بریکارێکی یاسایی لەبری خۆت ئامادە نەبێت لەدادگا ئەوا دادبینی دەرهەقت ئەنجام دەدرێ بە پاش ملە بەپێی یاسا.

دادوەر/ جاسم حمد رضا

***

دادگای باری کەسی بەردەرەش

ژمارە / ٣٢١/ش/٢٠١٩

ڕێکەوت ٢٠١٩/١٢/٤

جاردان

بۆ / داوالێکراو (اولیسیا فاسیلیفنا بوندزیك)

شوێنی دانیشتووی ئیستا نادیار.

داواکار (محمد فیصل الیاس) داوای شەرعی ژمارە (٣٢١/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە لە سەرت تۆمار کردووە کە داواکە بریتیە (پەسند کردنی تەلاقی دەرەکی) بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بە بڕیاری ژمارە (٣٢١/ش/٢٠١٩) کە لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٣ دەرچووە وە دوای (١٠) ڕۆژ لە پێراگەیاندنت پلەی کۆتایی وەلدەگرێت بە پێی یاسا لە گەل ڕێزدا.

دادوەر / نزار خلیل ابراهیم

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٣

ژمارە: ٥٨١٥/ش/٢٠١٩/٣

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٨

جاردان

بۆ داوالێکراو (سەفین حسن قادر)

ئاماژە بەداواى ژمارە (٥٨١٥/ش/٢٠١٩/٣) کە تایبەتە بە داواکار (دەریا مصطفی علی) و داوالێکراو (سەفین حسن قادر)، جۆری داوا (بژێویی-نفقە) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەڕەکی (نازادی-هەولێر) دادگا بڕیاریدا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی (٢٠٢٠/١/١٩) کە خۆت ئامادەبێت یان بریکارێکی یاسایی لەجیاتی خۆت ئامادەبێت، بەپێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/صباح قادر کاملا

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٣

ژمارە: ٥٨١٤/ش/٢٠١٩/٣

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٨

جاردان

بۆ داوالێکراو (سەفین حسن قادر)

ئاماژە بەداواى ژمارە (٥٨١٤/ش/٢٠١٩/٣) کە تایبەتە بە داواکار (دەریا مصطفی علی) و داوالێکراو (سەفین حسن قادر) جۆری داوا (جیابوونەوە بە هۆی جێهێشتن-تفریق للهجر)ە، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەڕەکی (نازادی/هەولێر) دادگا بڕیاریدا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لە بەردەم ئەم دادگایە لەڕۆژی (٢٠٢٠/١/١٩) کە خۆت ئامادەبێت یان بریکارێکی یاسایی لەجیاتی خۆت ئامادەبێت، بەپێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/صباح قادر کاملا

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/١٢/٨

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (محمد نجم الدین محمد ٥٠٪ و فؤاد صالح شێرە ٥٠٪) لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٥ کە داواى تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وێستا دانداوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:

١- ئامێری جەلایەی کاشی ژمارە/٦٣٦٠٠٠ دروستکراوی خۆمالّی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١١٠.

٢- سێ دانە ئامێری کابیسەی کاشی ژمارە/٦٣٦٠٠١ و ٦٣٦٠٠٢ و ٦٣٦٠٠٣ دروستکراوی خۆمالّین جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥*٣.

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٥

ژمارە:٥٥٧٤/ش/٢٠١٩/٥

ڕێکەوت:٢٠١٩/١٢/٩

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (صباح حامد حمد)

شوێنی دانیشتنت نادیارە.

داواکار/ عذراء فاضل بدری داواى ژمارە (٥٥٧٤/ش/٢٠١٩/٥)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داواى پەسندکردنی تفریق بسبب الهجر دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت بەپێی اشعاری مختاری هەولێر – گەرەکی خەبات بۆیە دادگا بریاری دا بەپێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/١٢/٣١, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بە شێوەی ئاشکرا و پاشملە.

دادوەر/ پەژار عبدالله نصیف

***

فەرمانگەی دادنووسی هەولێر/ ئیواران

ژمارە: ١١٢٨٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٨

بڵاوکردنەوەی هۆشداری

هۆشدار: بەڕێز (عبدالصمد قادر حاجی)

هۆشداریکراو: (قادریه قادر حاجی)

بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستە کراوە لەلایەن بەڕێز (عبدالصمد قادر حاجی) بە ژمارە (٢/٣٣٥) لە ٢٠١٩/٤/٢٩ سەبارەت بەلابردنت لەبریکارنامەی گشتی ژمارە گشتی (٣١٣٨٧) و تۆمار (١٥٨) لە ٢٠١٧/٧/١٢ لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت دیار نییە بەپێی (اشعاری) ی موختاری گەرەکی ئازادی و زانیاری لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٥ کە پەسند کراوە لەلایەن قائیمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر بۆیە لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەوە ئاگاداری بەڕێزت دەکەینەوە.

عبدالله خلیل اسماعیل

دادنووسی پەکەمی هەولێر/ ئیواران

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سێمێل

ژمارە: ١٥٣١/ت/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٩

ئاگاداری

بۆ/ قەرزار/ حسن رشید حسن

لەبەر نەزانین و نەدیاری شوێنت بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧)ی یاسای جێبەجێکردن بڕیاردرا لەڕێی ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی دانەوەی قەرزی (دلشاد محمد طاهر محسن) کە (١٣٥,٥٣٧,٧٥٠) سەدو سیەو و پێنج ملیون و پێنج سەدو سیەو و حەفت هزار و حەفت سەدو پینجی دیناری عیراقی یە دەنا بەپێی یاسا ناچاری دانەوەی دەکرێت.

جێبەجێکاری داد/ ریبر سلمان خالد

***

(ئاگاداری)

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ڕووبەری (٧٥٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (١/١)ك (١٢) ڕیزانۆك/ڕواندز بە مەبەستی دروستکردنی (چێشتخانە) بۆ ماوەی (١٥) ساڵ بە زیادکردنی ئاشکرا بە پێی یاسای ژمارە (٣٢) ی ساڵی (١٩٨٦) و ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی (١٩٨٦) , جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانوبەرەی میری لە سۆران بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێدەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی , بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێ بێت لە بری پارەی خەملێنراو , گشت خەرجییەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچییە.

د. کمال طیب قادر
بەڕێوەبەری گشتی باجەکان

***

دادگای باری کەسایەتی لە دهوك

ژمارە/ ١٤٣٧ /ش/٢٠١٩

ڕێکەفت/ ٥ /١٢/ ٢٠١٩

ڕاگەهاندن

بو/داوالێکراو (شوتم حسن مصطفی) ل دیف داخازیا داواکار (عادل محمد رمضان) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازیا بریارا پەسەندکرنا بەردانا دەرەکی (تصدیق الطلاق الخارجي) کری وژبەر نەدیار بوونا جهێ ناکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژاردێ (قەزا زاخو/تاخێ صلاح الدین/٢) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕوژانە دا ئامادەبی ل ڕوژا ٢٠١٩/١٢/١٥ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن

دادوەر/ مروان عادل اسماعیل

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل

ژمارە / ٦٥٣/موحدە/ ٢٠١٩

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٩

ئاگاهداری

ڕێقەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا پارچا ئەردی یا ژمارە (١٢/١) کەرتی ٥ انجکە صور) یا قەرزدار (فضة احمد ابراهیم) بو جارا دووی ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥/بازدە) ڕۆژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕۆژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی وەدەلایێ لسەر بکری نە ئەگەر ڕۆژا سەرەك زیدەکرنی بوو پێنهڤەدانا فەرمی دی ڕۆژا دیڤدە بیتە ژڤانی سەرەك زیدەکرنی ڕوونکرن :-

ژمارە وجە :- (١٢/١) کەرتی ٥ انجکە صور)

ڕەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکی خویەتی یە ب باران دئیتە ئافدان

ڕووبەر :- (٩٥) دونم

بهایێ هاتیە دانان :- (٣٤٢٠٠٠٠٠٠) سی سەد وجل ودوو ملیون دیناڕێ عیراقی

جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد

***

دادگای باری کەسایەتی ئاکرێ

ژمارە/ ١١٥/ش/٢٠١٩

ڕێکەفت/٢٠١٩/١٢/٩

بۆ داوالێکراو (احمد محمد حنش)

جێگای نیشتەجێبوونی نادیارە

ب / ئاگادارکردنەوە بە بریاری پا شملە

ئەم دادگایە لە داوای شەرعی ژمارە (١١٥/ش/٢٠١٩) لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٤ لەسەر داوای داواکار (معزز سعد معروف) بریاری پا شملەی دەرکردووە کە تایبەتە بە لێکجیابوونەوە (التفریق) لە نێوانتان ولەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونت دادگاکەمان بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەت بە بریاری پا شملە لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆییەوە بۆیە مافی ڕازی نەبوون وپێداچوونەوەت هەیە لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە ماوەی یاسایيدا وبەپێچەوانەوە ئەم بریارە پلەی بنبر وەردەکریت بەپێی یاسا

دادوەر / رمزی عبدالله اسلام

***

دادگای بەرایی هەولێر/٢

ژمارە: ٣٠٩٣/ب/٢٠١٩/٢

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٨

جاردان

بۆ داوالێکراو (بوتان عمر گەردی)

داواکار (المیعه عزیز شێرە) داوای ژمارە (٣٠٩٣/ب/٢٠١٩)ی لەم دادگایە داوای چۆلکردنی شوقەی ژمارە (٦) لە بالّەخانەی دروست کراو لەسەر مولکی ژمارە (١٣٢\٤٢٨ ك ٤٥ وارش) تۆمارکردووە لەسەر (بوتان عمر گەردی) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی (گەرەکی خەبات) کە بۆ دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژاردێ (قەزا زاخو/تاخێ صلاح الدین/٢) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕوژانە دا ئامادەبی ل ڕوژا ٢٠١٩/١٢/١٥ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن

دادوەر/ مروان عادل اسماعیل

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل

ژمارە / ٦٥٣/موحدە/ ٢٠١٩

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٩

ئاگاهداری

ڕێقەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا پارچا ئەردی یا ژمارە (١٢/١) کەرتی ٥ انجکە صور) یا قەرزدار (فضة احمد ابراهیم) بو جارا دووی ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥/بازدە) ڕۆژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕۆژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی وەدەلایێ لسەر بکری نە ئەگەر ڕۆژا سەرەك زیدەکرنی بوو پێنهڤەدانا فەرمی دی ڕۆژا دیڤدە بیتە ژڤانی سەرەك زیدەکرنی ڕوونکرن :-

ژمارە وجە :- (١٢/١) کەرتی ٥ انجکە صور)

ڕەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکی خویەتی یە ب باران دئیتە ئافدان

ڕووبەر :- (٩٥) دونم

بهایێ هاتیە دانان :- (٣٤٢٠٠٠٠٠٠) سی سەد وجل ودوو ملیون دیناڕێ عیراقی

جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد

***

دادگای باری کەسایەتی ئاکرێ

ژمارە/ ١١٥/ش/٢٠١٩

ڕێکەفت/٢٠١٩/١٢/٩

بۆ داوالێکراو (احمد محمد حنش)

جێگای نیشتەجێبوونی نادیارە

ب / ئاگادارکردنەوە بە بریاری پا شملە

ئەم دادگایە لە داوای شەرعی ژمارە (١١٥/ش/٢٠١٩) لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٤ لەسەر داوای داواکار (معزز سعد معروف) بریاری پا شملەی دەرکردووە کە تایبەتە بە لێکجیابوونەوە (التفریق) لە نێوانتان ولەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونت دادگاکەمان بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەت بە بریاری پا شملە لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆییەوە بۆیە مافی ڕازی نەبوون وپێداچوونەوەت هەیە لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە ماوەی یاسایيدا وبەپێچەوانەوە ئەم بریارە پلەی بنبر وەردەکریت بەپێی یاسا

دادوەر / رمزی عبدالله اسلام

***

دادگای بەرایی هەولێر/٢

ژمارە: ٣٠٩٣/ب/٢٠١٩/٢

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٨

جاردان

بۆ داوالێکراو (بوتان عمر گەردی)

داواکار (المیعه عزیز شێرە) داوای ژمارە (٣٠٩٣/ب/٢٠١٩)ی لەم دادگایە داوای چۆلکردنی شوقەی ژمارە (٦) لە بالّەخانەی دروست کراو لەسەر مولکی ژمارە (١٣٢\٤٢٨ ك ٤٥ وارش) تۆمارکردووە لەسەر (بوتان عمر گەردی) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی (گەرەکی خەبات) کە بۆ دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژاردێ (قەزا زاخو/تاخێ صلاح الدین/٢) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕوژانە دا ئامادەبی ل ڕوژا ٢٠١٩/١٢/١٥ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن

دادوەر/ مروان عادل اسماعیل

***

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Junior Accountant (Accounts Payable)
Work Location	Erbil Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:

Reconcile invoices with purchase orders and delivery note, including booking entries against appropriate projects and cost codes in the accounting system in a timely and precise manner

Prepare monthly reports as well as month-end and year-end closing processes.

Follow up invoicing with domestic and international suppliers. Communicate effectively internally and with suppliers and reconcile the vendors' SOA.

Actively follow up pending issues and perform any other duties and tasks as required.

Required Qualifications & Experience:

- BSc. degree in Accounting / Economics / Business
- Strong computer skills in Excel and general computer literacy and typing skills.
- Excellent command of written and spoken English.
- 1-4 years relevant experience. Oil and Gas or International experience is a plus.

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ١١٨٦٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/٢٧

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (GOLD RING (G.R)) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (GOLD RING (G.R)) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٦/١٩) کە تۆمارە لەژێر ژمارە (١٧٢٨٤) لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٥/٩ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا(گیلان محمد اسماعیل) تایبەت بەداناتی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و داناتی بەڕێز (کاوە محمد ابراهیم) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٦/٢٧

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (گولواز) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ٢١١
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٥
ئاگاداری
ئاماژە بە نووسراوی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی زەوی و زاری کشتوکاڵی/ بەڕێوەبەرایەتی دەست بەسەراگرتن و کۆزاندنەوەژمارە (٤١٤٠) لە ٢٠١٩/٧/١١ هاوپێچەکەی سەرۆکایەتی لێژنەکەمان هەلساوە بە پشکنین و لێکۆڵینەوە لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١/١٩) کەرتی ٢٠/ قتوی بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی (حل) کردنی پارچە زەوی سەردەوە بەپێی یاسای (١١٧) ی ساڵی ١٩٧٠ وە بڕیاری (١٢٥٣)ی ساڵی ١٩٨٥ وە ڕێنمایی (٩)ی ساڵی ١٩٨٨ کە ڕووبەرەکەی سیفەتی کشتوکاڵی لەدەستداوە و دامەزراوەی لەسەر دروستکراوە وە بەئامادەبوونی نوێنەری سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر و نوێنەری قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر و نوێنەری بەشی کشتوکاڵی عەنکاوە و موختاری گوند جا هەرکەس و لایەنێک بە هەرڵستکاری هەیە لەسەر هەڵوەشانەوە (حل) کردنی پارچە زەویەکە ئاگادارمان بکاتەوە لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لەبڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە بەپێچەوانەوە لێژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.
کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە
***
دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا:١٩٥/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٩
جاڕدان
بۆ داوالێکراو (سرور عبدالله احمد)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار ازاد حسن رشید داوای ژمارە ١٩٥/ب/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە دادگاش لە رێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٥ بەشێوەی پاشملە بریاری حوکمی دەکرد بە بری ١٠٨٢٧٠٠٠٠ سەد و هەشت ملیون و دوو سەدو حەفتا هەزار دینارى عراقی بۆ داواکار وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بۆیە دادگا بریاریدا کە پێت رابگەیەندرێت بەم بریارە لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئێوەش مافی نارەزایی و تێبەڵچوونەوەو پێداچوونەوەتان هەیە لەماوەی یاسایيدا وە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ نیگار احمد محمد ئاغا
***
زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوە مرۆییەکان
ژمارە: ١٤٥٢٧/٢/٢
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٣
بۆ بەڕێز/ تێکۆشەر طلعت حسن/ بەناونیشانی (پاسەوان) لەسەر میلاکی بەڕێوەبەرایەتی بەشە ناوخۆییەکانی کوران لە زانکۆمان
ئاگادارکردنەوە (اخطار)
بەهۆی دیرانت لەکار لەرێکەوتی ٢٠١٩/٩/٣ لە دەوامی فەرمی و دەست بەکارنەبوونت تاکو ئێستا داوات لێ دەکەین بگەڕێیتەوە سەرکار بۆ ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ ئەگەر لەناوەوەی هەرێم بیت وە ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ ئەگەر لەدەرەوەی هەرێم بیت بەپێچەوانەوە بەدەست بەردار لەکارەکەت دادەنرێیت بەپێی مادەدەی (٣٧) لەیاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤) ساڵی ١٩٦٠ ڕاستەکرا و کۆتایی بەڕاژەکەت دێت.
پ.د.احمد انور دزیی
سەرۆکی زانکۆ
تێبینی: ئەم ئاگادارکردنەوەیە لە ٢٠١٩/١١/١٣ هاتووە
***
سەرۆکاتیا باژێڕانییا ئاکرێ
هۆبا نەخشە بیناتی

ژمارە: ٣٤٤/٣٥/٣٥
رێکەفت: ٢٠١٩/١٢/٨
ئاگاداری
ل دیڤ نفیسارا رێقەبەریا نەخشەدانانا ئافەدانی ل پارێزگەها دهوکی ژمارە (٣١٩٠) ل ٢٠١٩/١٢/٥ سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ ئاگەهدارکرنا نەخشێ راستکری دکەت یێ پارچەکێ ل نەخشێ ژمارە (٤١٠) یێ گوندێ ساڤوک ب گهورینا بلوکێ (خزمەت گوزاری) بو نیشتەجێ لەومانا هەر کەسێ پێشنیارەک یان بەرهەنگاریەک هەبیت بلا ئاراستەی سەروکاتیا باژێرڤانیا مە بکەن د ماوەی هەیڤەکێ دا ل ڕوژا بەلافکرنا ئاگادارییێ.. دگەل ڕێزگرتنی.
بلند رضا زبیر
سەروکێ باژێرڤانیا ئاکرێ
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/١٢/٩
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (میسر شعبان حمدی) لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٨ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وێنەستا داندراوە لە (ڕێگای بحرکە) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەک پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێک دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم / ریوان قرەنی ابراهیم
ئامێرەکان:
١- هێلی تەواوی دروستکردنی جبس پەتاتە بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٦ K.W٣٠ پارچە
٢- دوو کۆمپرێسەری هەوایی بێ ژمارە دروستکراوی سینین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٧,٥*K.W٢ ٣- سێ دانە تعبئە و کبسی جبسی پەتاتە بێ ژمارە دروستکراوی سینین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ١٠*K.W٣ مصعد + هوپەر
٤- دوو دانە تێکردنی جبسی گەنمە شامی بێ ژمارە دروستکراوی سینین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ١٠*K.W٢ مصعد + هۆپر قایش نقال
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/١٢/١
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (هالە اسماعیل عبدالکریم) لە بەرواری ٢٠١٩/١١/٢٨ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وێنەستا داندراوە لە (پ. باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەک پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێک دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم / ریوان قرەنی ابراهیم
ئامێرەکان:
١- رافعەی بەرزکردن و گواستنەوەی مواد بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی گاز توانای ٣ طن
٢- کۆمپرێسەری هەوایی ٥٠٠ لتری بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥پرێس
٣- مۆلیدەی کارەبای بێ ژمارە دروستکراوی المانی جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.V.A٥٥
***
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:٦٤/ت/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٩
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٥٤١٧٣/هەلێر - بارهەلگر) جۆری (نیسان پیکەب دەبل قارە) مۆدیل (٢٠٠٨) ڕەنگی (سپی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (عبدالله حمد عبدالله) لە ڕۆژی (٢٠١٩/١٢/٢٤) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێک دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت،ە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (١٥,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار).
دادوەری یەکەم / دیار محمد علی
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٦٠٦٦/ش/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٩
جاردان
بۆ داوالێکراو (محمد نامق سلیم)
ئاماژە بە داوای ژمارە (٦٠٦٦/ش/٢٠١٩) کە تایبەتە بە داواکار (سمیه علی همزه) وە داوالێکراو (محمد نامق سلیم) کە جۆری داوای بریتییە لە (جیابوونەوە بەهۆی جێهێشتن – تفریق للهجر) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە, بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی (مامۆستایان دوو – هەولێر) دادگا بڕیاری دا لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەڕۆژی ٢٠٢٠/١/١٩ کە خۆت ئامادەبیت یان بریکارێک یاسایی لەجاتی خۆت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە دادبینی دەرهەقەت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ صباح قادر کاملا
***
دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارە دواوا: ٣١١/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٨
جاڕدان
بۆ داوالێکراو (کثیر رستم المفتش)
شوێنی دانیشتنت نادیارە.
داواکار (بڵند ابراهیم عزیز) داوای ژمارە (٣١١/ب/٢٠١٩) لەسەرت تۆمار کردووە کە تایبەتە داوای (چۆلکردنی خانووی ژمارە ٣١ کۆڵێژی ئەندازیاری) دەکات , وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی ئاگەر مختاری (گەرەکی ٩٩ زانکۆ + مامۆستایانی زانکۆ لە شاری هەولێر) بۆیە دادگا بریاریدا کە پێت رابگەیەنرێت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی (٢٠٢٠/١/٥) کاتژمێر (٩)ی سەرلە بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ناشکرا ئەنجام دەدرێت بە پێی یاسا.
دادوەر/ نیگار احمد محمد

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢١٨٠٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٥
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (گولواز) بۆ
فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (گولواز) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/١) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (بیستون پوشو حمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/٥
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە / ٩٠٧٤
ڕێکەوت / ٢٠١٩/١٢/٩
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (سکای) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەمواركراو
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێک ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بەوەکالەت

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەک دەکەینەوە کە کۆمپانیای (الطب البدیل) بۆ بازرگانی گشتی و هەنارە و هاوردەکردن و هێنانی گژوگیای سروشتی و جوانکاری/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێک یان هەر لایەنێک مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ کاروان رشید حمد
ناونیشان/ هەولێر- فەرمانبەران
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٧٦٢٠٦١
ئیمیل: karwan-rashid87@yahoo.com

DNO
EST - 1971

Job Title	HR Administrator (Recruitment)
Work Location	Erbil Office

Additional Details and requirements

Responsibilities for:

- Creating job advertisements (EasyCruit, Mayor Office, Newspaper, Mselect, LinkedIn)
- CV screening and shortlisting
- Correspondents and official letters with Mayor offices and other entities that we deal with in regard to recruitment
- Conducting interviews

HR Policies & Procedures / HR Processes:

- Become knowledgeable about and a 'go to' person when Production / Field managers and staff have a query on HR policies & procedures.
- Learn all HR processes and become responsible for the administration of them within DNO Kurdistan – from recruitment to termination.
- Assist in the recruitment and selection process – conducting shortlisting and interviews with managers when appropriate. Contributing to the selection decision.
- Assist HR Officer with all aspects of his/her role, learning that role and developing the skills and experience to become professional.
- Assist in maintaining accurate job descriptions

Please visit our website to read more on the job details.

Required Qualifications & Experience:

- Business related Degree
- +3 year experience in HR roles (oil and gas experience preferred)
- Strong communication skills
- Fluency in English language and Arabic is a plus.
- Ability to fluently write in Kurdish and Arabic
- Good interpersonal skills – able to gain trust and respect of all staff
- Advanced computer skills (Word, Excel, PowerPoint).
- Ability to gather, analyze and summarize HR data
- Ability to work calmly under pressure, and prioritise work requirements.
- Knowledge of Iraq Labour Code essential
- Regular site visits are required

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

Job Title	HR Administrator (Admin)
Work Location	Erbil Office

Additional Details and requirements

Job Summary: Responsibility for collection, inputting and occasional analysis of confidential staff data and personal information. Develop an in-depth understanding and appreciation of the purpose behind DNO's HR policies and procedures. Develop a good relationship with managers and employees. As required, to assist in the administration of recruitment, performance management (PDP's), HRMS inputting / updating, as well as dealing with HR related correspondence and data gathering. Prepare presentation material on HR topics – eg on staff turnover, training attendance, absence monitoring, recruitment progress, etc. Work closely with HR colleagues in Kurdistan, the Regional Office and Corporate Office to gain an in-depth knowledge and understanding of DNO philosophy and intentions for all aspects of people management.

HR Policies & Procedures / HR Processes:

- Become knowledgeable about and a 'go to' person when managers or staff have a query on HR policies & procedures.
- Learn all HR processes and become responsible for the administration of them within DNO Kurdistan – from recruitment to termination.
- Prepare data in suitable format for submission to Kurdistan Management, Head Office or MNR as required.

HR System:

- Responsible for timely and accurate HR inputs to HRMS and MNR portal.
- Provide relevant regular and ad hoc analysis and commentary from the HR data

Required Qualifications & Experience:

- Business related Degree
- +3 year experience in HR roles (oil and gas experience preferred)
- Strong communication skills
- Fluency in English language and Arabic is a plus.
- Ability to fluently write in Kurdish and Arabic
- Good interpersonal skills – able to gain trust and respect of all staff
- Advanced computer skills (Word, Excel, PowerPoint).
- Ability to gather, analyze and summarize HR data
- Ability to work calmly under pressure, and prioritise work requirements.
- Knowledge of Iraq Labour Code essential
- Regular site visits are required

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

www.xebat.net
سێ شەممە 2019/12/10 ژمارە (5889)
خەبات


سیاسەت سەرچاوەی نەخۆشی و نەهامەتییە!





غازی حەسەن

هەتا مرۆڤ ژمارە و داتا سەرنجڕاکێش و بیروڕای کەسانی پسپۆری تایبەتمەند نەخوێنێتەوە، نازانێت سیاسەت لە سەرجەم دونیا چ کارەساتێکی بەدوای خۆیدا هێناوە. لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتدا سیاسەت مایەی شەڕ و کاولکاری و جینۆساید و سڕینەوەی یەکترە. ڕەنگە کەس بڕوا نەکات کە، کە لە ئەمەریکا سیاسەت بۆتە سەرچاوەی دەرد و نەخۆشی و جیاوازیی و نادادپەروەریی لەنێوان ویلایەتەکاندا. بە واتایەکی دیکە ئەو زۆنانەی وەکو دەنگدەر بۆ حزبە سیاسییەکان یەکلایی بوونەتەوە، تەمەن و مردن و ژیان و پەروەردەشیان تێدا جیاوازە.زۆر بەکورتی ئاماژە بە وتارێکی (پۆل کرۆگمان)ی ئەکادیمی ئەمەریکی و خاوەنی نۆبل لە بواری ئابووری دەکەین. لەوتارێکدا دەڵێت: ئەمەریکییەکان بە زمانێکی هاوبەش قسەدەکەن، دەستوور دابینکەری جوولەی بێ سنووری کەلوپەل و خزمەتگوزاری و خەڵکە.



ئەسۆسیشن" لەبارەی جیاوازی تەمەن و مردن لەنێوان ساڵەکانی - 1990 2016 بڵاوی کردۆتەوە، کە جیاوازییەکی گەورە لەنێوان ویلایەتەکاندا هەیە، ئەمەش بە بەڵگەوە پەیوەندی بە ئاراستەی سیاسییەوە هەیە.هەمان نووسەر ئاماژە بەوە دەکات، ڕێژەی ناوەندی لە تەمەنی مرۆڤ لە ئەمەریکا ساڵی 2016 لەکاتی دەنگدان لەنێوان (کلنتۆن و ترەمپ) پەیوەستە بەجیاوازی سیاسی لەنێوان ویلایەتەکاندا، ڕێژەی ناوەندی تەمەن لەو ویلایەتانەی دەنگیان بە دیموکراتەکان داوە، پترە لەوانەی دەنگیان بە کۆماریەکان داوە. هیچ گومانی تێدا نییە، لەم بوارەدا سیاسەتی گشتی کاریگەری دروستکردووە، بەتایبەتی لە چەند ساڵی ڕابردوودا، بەرنامەی بیمەی تەندروستی دیموکراتەکان کاریگەری بەرچاوی لەسەر بواری تەندروستی هەبووە، هەروەها خوێندیش کاریگەری هەیە . ئەمەی سەرەوە هەندێک لە بۆچوونەکانی ئەم پسپۆرە ئەمەریکییەیە، دەربارەی کاریگەری سیاسەت لەسەر تەندروستی و تەمەن و هەتا مردنیش. ئەگەر ئەمە لە وڵاتێکی بەهێز و دیموکراسی و خاوەن ئابووریەکی بەهێزی وەکو ئەمەریکا ڕاست بێت، ئەوە بێگومان لە وڵاتە لاواز و هەژار و سەرکوتکراوەکاندا سیاسەت هەر بەتەنیا کاریگەری لەسەر ژیان و مردنی خەڵکەوە نابێت، بەڵکو دەبێتە بەشێک لە کەلتور و جلوبەرگ و زمان و ژنهێنان و نوکتە و دۆستایەتی نێوان کەسەکان و دابەشبوونی خێزان و وڵات، دەبێتە بەشێک لە سیاسەتی لەتکردنی خودی مرۆڤ بۆ دوو دەستەلات و بوون و تەنگەژەش. سیاسەت دەبێتە مایەی دروستکردنی قەبرستان و ڕەنگستان و قڕکردنی فاشیانەش. بەپێی زانیارییە تەندروستییەکان لە ئەمەریکادا ساڵانە چەندین ملیۆن کەس بەهۆی نەخۆشی هەمەجۆر و ڕووداوی ئۆتۆمبێل و خواردنەوە و کوشتن دەمرن. ژمارەکان جێگەی سەرسوڕمانن، کە بەملیۆن کەسە دادەنرێن. لەڕۆژهەڵاتدا ژمارەکان ناشکرا ناکرێن، بەڵکو دیزەبەدەرخوونە دەکرێن، وەکو چۆن کاریگەریی و کارتێکردنی سیاسی هەر تەنیا دوای کەوتنی سیستەمەکانی حوکمڕانی ئاشکرا دەکرێن و دەزانرێت چەندە بۆگەن و مەترسیدار بوون. ئەمەریکا کە خۆی بەڕێبەری ئازادی و مافی مرۆڤ و خزمەتگوزاری و پێشکەوتوو لەبواری ئابووری و تەندروستی و پەروەردەیی و ئابووری و تەکنەلۆجیا و ڕاگەیاندن و سیستەمی دیموکراسی دادەنرێت، بەڵام تاکو ئێستاش کاریگەری جیاوازی سیاسەت لەسەر ژیانی سروشتی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و ژیاری دیارە. من دەزانم ئەمە کارێکی قورسە بڕوا بکەین لەدیموکراتیترین وڵاتی دونیا، جیاوازی سیاسەتی حزبەکان کاریگەری لەسەر (تەمەن و تەندروستی و پەروەردە و ژیانی ئاسایی و هەتا مردنیش) هەبێت. بەڵام ئەمە واقیعە و داتاکان پێمان دەڵێن تەمەن لەناوچەکانی دەندگەری دیموکراتەکان درێژترە لە ناوچەکانی دەنگەری دیموکراتەکان، پێشکەوتن و گەسەکردنی ئابووری و بیمەی تەندروستی و هەتا پەروەردەش بالاترە. هیچ گریمانەی ناوێت، لەڕۆژهەڵاتدا، لەوڵاتە دواکەوتووە دیتکاتۆرییە داخراوەکاندا نەک هەر تەنیا سیاسەتی حزبەکان، بەڵکو هێزی ئاینی و خێلەکی و پێکهاتەی جوگرافیش کاریگەرییان لەسەر ئەم دابەشبوون و جیاوازییە لەتەمەن و تەندروستی و پەروەردە و ئابووریی هەیە.

کاریکاتێر



ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1948:
ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان میساقی جیهانیی مافەکانی مرۆڤی دەرکرد .



ساڵی 1953:
وینستۆن چەرچلی سەرۆکوەزیرانی پێشووتری بەریتانیا خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت .



ساڵی 1984:
ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری لەسەر ڕێککەوتننامەی دژایەتیکردنی ئەشکەنجەدان دا.



ساڵی 1995:
بە گوێرەی بڕگەکانی ڕێککەوتننامەی ئۆسلۆ ، هێزەکانی ئیسرائیل لە نابلس کشانەوە .



ساڵی 2009:
حکومەتی لوبنانی بە سەرۆکایەتی سەعد حەریری توانی ڕەزامەندی 122 پەرلەمانتاری لوبنانی وەدەست بێنێ .



ساڵی 2016:
لە ناوەڕاستی شاری ئەستەنبۆل دوو تەقینەوە ڕوویاندا و 38 کەس کوژران و 166 کەسی دیکە بریندار بوون .

www.xebat.net
ڕۆژنامەی خەبات
سێ شەممە 2019/12/10 ژمارە (5889)

ئاستەنگەکانی پەرەپێدانی سیاسی لە عێراق (2003-2005)





بەشی دووەم و کۆتایی

بەهزاد حەویزی

پەرایی:

لە ساڵی(2003)بەدواوە، پرۆسەی پەرەپێدانی سیاسی لە عێراق زۆر بە سستی هەنگاوی ناوە، بۆیە نەیتوانیوە بگاتە ئامانج لە زۆر ڕووەوە لەوانەش: بەدیهاتنی سەقامگیریی سیاسی، ئەوەش بۆ چەندین هۆ دەگەڕێتەوە لەوانە: بەدامودەزگایی نەکردنی دەوڵەتەکە بەراست و دروستی لەسەر بنەما مۆدرن و پێشکەوتووەکان، پشککاریی پێکهاتەوتایەفەو لایەنەئیتنیەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق، کە شکستی بە دیموکراسی هێنا، بەربڵاویی گەندەڵیی کە ڕەنگە زۆربەی بوارەکانی گرتبێتەوە.قۆناغی حکومڕانیی عێراق دوای ساڵی(2003)قۆناغێکی هەم نوێ و موژدەبەخش و هەمیش دژواروسەرسەخت بوو، بۆ خاڵی یەکەم کۆتایی هێنانی سەردەمێکی تاریک و ستەمکاری حوکمی بەعس بوو لە ساڵی(1968-2003)ناڵەبارودژواریەکەیشی لەوەدایە ئەو ئامانجەی گەلانی عێراق ساڵەهای ساڵ بۆ تێکۆشان و قوربانیان بۆ دا بەپێی ئەو خەباتە نەبوو، دەبوایە عێراق وەک دەوڵەت و کۆمەڵگە ئەو میحنەت و دژواریانەی ڕەتدابا لەو قۆناغەی شازدە ساڵی تەمەنی وەک ناویان نا"عێراقی نوێ"بەجۆرێک سیستەمی سیاسی بتوانێ بنەماکانی پەرەپێدانی سیاسی دابڕێژێ و پەرەی پێبدات و ئایندەیەکی ڕۆشن بۆ گەلانی عێراق دابین بکرێ لە سەقامگیریی و دیموکراسیی.مەبەست لە پرۆسەی پەرەپێدانی سیاسی بناغەڕێژیی کۆمەڵایەتی و سیاسیە، ئەو پرۆسانەش هەندەجاربارگرژیی و لێکترازان دێنن، کۆمەڵە ئاستەنگێک دێنە پێش سیستەمی سیاسی، کە پێویستە چارەسەر بکرێن و سیستەمێکی دیموکراسی مۆدرن بینا بکرێ، نەخاسمە سیستەمە نوێیەکان، لەوانەش سیستەمی سیاسی لە عێراق پاش ساڵی(2003).



مافی مرۆڤ

ئاستەنگێکی دیکەی پەرەپێدانی سیاسی پەیوەندیەکی پتەوی بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤەوە هەیە، هەر لە دەسپێکی پرۆسەی سیاسی لە عێراق پاش ساڵی 2003دەوە، دەبوایە مافەکانی مرۆڤ ڕەچاوبکرایەو بپارێزرایە، لە ڕێگەی دەستووری هەمیشەییەوە.دیارە ئاستەنگەکانی بەردەم ئەو پرسەش بۆ نالەباریی ڕەوشی سیاسی و ململانەی سیاسی دەگەڕێتەوە، ئەوانەش بەدەوری خۆیان ڕێگە لە پەرەپێدانی سیاسی دەگرن لەو بوارەدا و نەبوونی ڕۆڵی ئەو ڕەگەزە لە بەدیهاتنی پەرەپێدانی سیاسی، کەواتە ئەو ڕێگایەی پەرەپێدانی سیاسی هێشتا دووردرێژە زۆری ماوە هەنگاو بۆ کۆمەڵگەیەکی سەربەست بنێ ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگیرێ"(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: تقریر حول حقوق الانسان فی العراق-کانون الأول-2014مکتب المفوچیه السامیه لحقوق الانسان التابع للأمم المتحده-مکتب حقوق الأنسان التابع لبعثته الأمم المتحده لمساعده العراق-یونامی).

هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان-عێراق، وەک هاوبەش و لایەنێکی نێو ئەو هاوکێشە سیاسیە بەپێی ڕۆڵ و بەشداریکردنی لە پرۆسەی سیاسی عێراق پاش ?2003لەو بابەتە بەدوور نییە، چوون سەنگ و کاریگەری خۆی هەیە لەسەر بەڕێوەچوون و جێبەجێکردنی ئەو بڕیارویاسایانەی لە ناوەند دەردەچن، بەڵام لە چەند ڕوویەکیشەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە وەکو: بەر لە ڕووخانی ڕژێمی بەعس ئەو قەوارە سیاسیە هەر هەبووەوکاری خۆی کردووە، تایبەتمەندی نەتەوەیی و سیاسی و ئابووری لەو چوارچێوەی هەرێمێکی شەرعی بەپێی دەستوور دانپیانراو.

بێگومان شکستی ئەو پرۆسەیەی پەرەپێدانی سیاسی کەم تازۆر کار دەکاتە سەر هەرێمیش، بەڵام پلان وبەرنامەودۆکترینی هەرێمیش گرنگی و کاریگەری خۆی هەیە هەم لەنێوخۆی هەرێم و هەمیشە لە ناوەند، بۆئەوەی نەبێتە بەشێک لە قەیرانەکە بەلکو ڕۆڵی هەبێ لە چارەسەرکردنی.خاڵێکی دیکە بۆ هەرێم گرنگە لە گشت کەناڵەکانی چالاکی و هەماهەنگی لەگەڵ ناوەند مکوڕ بێ لەسەر مافەکانی لەوانەش بەپێی یاساودەستوور پێ لەسەر مافەکانی دابگرێ، لەلایەکی دیکەوە ئەزموونی تەوافوقی گەر شکستی هێنابێ ڕەنگە لەبەر ئەوە نەبێ خودی ئاراستەوبۆچوونەکە هەڵەبێ، بەلکە هەڵەوکەموکوڕیەکە لە خودی ئەدای سیستەمەکەیە، لە ئیلیەتی سیاسی و ئایدیۆلۆجیای سیاسی.

بەپێی(ئارنت لیبهارت)ئەزموونی تەوافوقی چوار ڕەگەزی سەرکی هەیە:

1- حکومەتێکی ئیئتیلافی یا هاوپەیمانیەتێکی بەرفراوان(حزبی زۆرینەو غەیری زۆرینەش بگرێتەوە).

2-پەرەنسیپی نوێنەرایەتی ڕێژەیی(لە وەزارەتەکان، لە ئیدارە، لە دامەزراوەکان، بەشێوەیەکی سەرەکیش هەڵبژاردن).

3-مافی ڤیتۆ بۆ هەموان(زۆربەوکەمینە تا بڕیار قۆرغ نەکرێ).

4-ئیدارەی زاتی بۆ کاروباری تایبەتی هەر هەرێمێک بەپێی دەستوور.

بێگومان ئەو ڕەگەزانە ئەگەر بەوردی جێبەجێبکرێ، زۆر لەو کێشەوگیروگرفتانە چارەسەر دەکرێ، هەرچەندە بەپێی هەلومەرجی هەر وڵات و دەوڵ'تێک دەگۆڕێ لەرووی پێشکەوتن و پەرەسەندن و گەشەکردنداً.

دوماهی

قەیرانی سیستەمی سیاسی لە واقیعی سیاسی عێراق وەکو ئاستەنگێکی هەرەگرنگ وایە لە بەردەم پەرەپێدانی سیاسی (من وەک تۆیژەر وای بۆ دەچم):

1-دارمانی سیستەمی سیاسی و گۆڕینی بە سیستەمێکی سیاسی دیکە نەخاسمە لەگەڵ دارمانی خودی دەوڵەتی عێراقی و گۆڕینی بە دەوڵەتێکی ناسەقامگیر یا قەوارەیەکی سیاسی لەرزۆک لە ئەنجامی لەشکرکێشی ئەمریکا لە ساڵی ?2003دەوڵەتێک بەماناوچەمکە ئەکادیمیەکەی بەرچاو ناکەوێ، بەلکە زیاتر دەسەڵات بوونی هەیە.

2-پاشکەوتنی بونیاتەکەوبێهێزی دامودەزگا سیاسیەکانی عێراق، بەزۆریش هێزە سیاسیە هاوچەرخەکانی عێراق پشتیان پێداوە بۆ سەپاندنی هەیمەنەیان بەسەر هاوکێشەی حوکمڕانی سیستەمی سیاسی و بەرتەسککردنەوەی پرەنسیپی بەشداریی سیاسی ومیللی ئەکتیڤ.

3- سروشتی قۆناغە جیاجیاکانی میژووی سیاسی عێراق حاڵەتی دژەیەکیەکی هەمیشەیی چۆنایەتیە لە نێوان سیستەمی سیاسی و خەڵک، کە بۆتە هۆی درزێتێکەوتن لە شەرعیەت و نەبوونی متمانەی دووسەرە و تووندوتیژی سیاسی وبەکارهێنانی هێزی ڕەواونارەوا.

4-زۆروزەوەندی چەمکە فیکریەکان و نارووڵی دیوە تازەکانی واقیعی هاوچەرخی عێراق وەک سیستەمی سیاسی پەرلەمانی و بابەتی فیدرالیزم و دەوڵەتی ئیتیحادی،..تد، بەڵام ئەو چەمک و بابەتانە ئاساییێن و مایەی مەترسی نین، ئەگەر هاتوو بەراستوڕەوانی بە پراکتیک بەستراونەوە.

پەراوێزوسەرچاوەکان:

(1) بیونودو، بروس، سمیث، ألستیر"2014"دلیل الاستبداد والمستبدین، الهیئه المصریه العامه للکتاب، القاهره ،ص.234

(2) Fukuyama, Francis, 2004, State Building, pub-ژlished by : Cornell University Press, USA,p128

(3)فۆکۆیاما، فرانسیس""2009ئەمریکا لەبەردەم چوارڕیاندا، و: ناسر سەلاحی، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ل.197

(4)تشومسکی، نعوم"2007"الدول الفاشله، ت: سامی الکعکی، دار الکتاب العربی، لبنان، بیروت، ص.72

(5)تشومسکی، نعوم"2007"الدول الفاشله، ت: سامی الکعکی، دار الکتاب العربی، لبنان، بیروت، ص.77

(6)تشومسکی، نعوم""2007الدول الفاشله، ت: سامی الکعکی، دار الکتاب العربی، لبنان، بیروت، ص.181

(7) Fukuyama, Francis, 2004, State Building, pub--lished by : Cornell University Press, USA,p31

(8)حرب، د.أسامه الغزالی""1987الأحزاب السیاسیه فی العالم الپالپ، المجلس الوطنی للثقافه والفنون والاداب، الکویت، ص.162

(9)دیفرجیه، موریس""2011الأحزاب السیاسیه، ت: علی مقلد و عبدالمحسن سعد، الهیئه العامه لقصور الثقافه، القاهره، ص.204

(10)شەریف، د.ئەمین""2019حوکمڕانێتی باش لە هەرێمی کوردستان، و لەعەرەبییەوە: لوقمان حاجی قادر، چاپخانەی هێڤی/هەولێر، هەولێر، ل.57

(11)حرب، د.أسامه الغزالی""1987الأحزاب السیاسیه فی العالم الثالث المجلس الوطنی للثقافه والفنون والاداب، الکویت، ص.165

مانشێت



سکای نیوز:
سەرۆکی ئەمەریکا هۆشداری دایە کۆریای باکوور لەوەی دوور نیە بەهۆی تاقیکردنەوەی مووشەکەکانی هەموو شتێک لەدەست بدات.



ئەی ئێف پی:
لە کییڤی پایتەختی ئۆکرانیا هەزاران خۆپیشاندەر داوایان لە سەرۆکی وڵاتەکەیان کرد ملکەچی بڕیارەکانی سەرۆکی ڕووسیا نەبێ .




ئیلاف:
ئەنجیلا میرکلێی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا لە پۆڵەندا سەردانی کەمپی ئۆشفیتزی کرد کە لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهان لەلایەن نازیەکانەوە بونیاد نرابوو .



ڕۆیتەرز:
لە ڕۆژهەڵاتی دوورگەی نۆرس ئایلاندی نیوزلەندا گرکانێک تەقیەوە و بە هۆیەوە چەند کەسێک بریندار بوون.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
خۆپیشاندەرانی هۆنگ کۆنگ دوایین دەرفەتیان بە حکوومەتی وڵاتەکەیان بەخشی بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکات.



کەنالی ئار تی :
کەشتی فرۆکەهەڵگری ئەمەریکی هاری ترومان و ژمارەیەک کەشتی دیکەی شەڕکەر ڕوویان کردە کەنداو بۆ ئەوەی شوێنی کەشتی ئەبراهام لینکۆڵن بگرنەوە.

برنجێک بۆ ڕێگەگرتن لە کوێربوون



دوای 20 ساڵ ئەگەر هەیە (برنجی ئاڵتونی) کە ڕێگری لە لەدەستدانی بینین (کوێربوون) دەکات بەتەواوی ونبێت. ئەمە بەشێک لە ئەنجامەکانی توێژینەوەیەکی نێودەوڵەتی بوو کە لە ئوستراڵیا ڕەزامەندی لەسەر دەپارێزێت کە هۆکاری مردنن.

ئەو برنجە گەشەی پێدراوە لە پەیمانگەی نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوەکانی برنج لە فلیپین، دوای دووڕگکردنی تەرزێک برنج کە بە شێوەیەکی فراوان لە وەرزی وشکەساڵیدا گەشەدەکات، ئەو جۆرە برنجە بە ڕێژەی 14لەسەدا بەشداری دەکات لە بەرهەمی نیشتیمانی بەنگلادیش.

شارەزایان باس لە هیچ گرفتێکی چاندنیان لەرووی هەبوونی کێشەی ئەو تۆوەی کە بەرهەمهاتووە ناکەن، ئەوان دەڵێن تەنها جیاوازی ئەوەیە کە ئەو برنجە بڕێکی باش لە ڤیتامین Aتێدایە.

بەهۆی ناڕەزایی سەبارەت بە مەترسیی ئەو بەروبوومانەی کە دەستکاری جینییان (بۆهێلی) بۆ کراوە برنجی ئاڵتوونی ڕووبەڕووی چەند کێشەیەک هات دوای ئەوەی هەردوو زانای ئەڵمانی (ئەنگۆ بۆتریکۆس) و (پیتەر بای) لە کۆتاییەکانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا دەستیانکرد بە ڕەوەدانی، بەڵام لە دوو ساڵی ڕابردوودا لە لایانە ڕێکخەرەکانەوە لە ئەمەریکا و کەنەدا و نیوزیلەندا و ئوستراڵیا ڕەزامەندی لەسەر منداڵ لە هەندێک نەخۆشیی هەناو بەکارهێنانی برنجی ئاڵتوونی درا بێ ئەوەی باس لە پلانی چاندنی بکەن، ئەوەو لە بەنگلادیش لێژنەیەک لە وەزارەتی ژینگە و دارستان و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بەدواداچوونیان بۆ مەترسییە ژینگەییەکانی ئەو برنجە کرد، لە کاتێکدا هەندێک لە ئەندامانی لێژنەکە گومانیان لە سەلامەتی ئەو برنجە هەیە و دەڵێن پێویست بە چاندنی ناکات و دەتوانرێت پشت بە چەندین ئەو سەوزانە ببەسترێت کە دەوڵەمەندن بە ڤیتامین A.

شایانی ئاماژەیە ژمارەیەکی زۆر لە سەوزە وەک سپێناخ و پەتاتەی شیرین توانای دابینکردنی بڕێکی زۆری لەم ڤیتامینەیان هەیە، بەڵام ئەو وڵاتانەی کە برنج پێکهاتەی سەرکی خۆراکە تێدا، کەمی ڤیتامین A بە شێوەیەکی فراوان تێدا بەدی دەکرێت بۆ نموونە لە بەنگلادیش نزیکەی 21 لەسەدای منداڵانی کەمی ئەم ڤیتامینەیان هەیە.

گرنگی درەختی گێڵاس بۆ خۆراکدانی هەنگ



ناوی زانستی گێلاس بریتییە لە Cerasus Avium (Prunus Avium) لە خێزانی (Rosaceae) یە.

گێلاس درەختێکە تا 6بۆ 9مەتر بەرز دەبێتەوە، تۆپکڵی درەختەکە ڕەنگی سوورێکی تێر تا قاوەییە، گوڵەکانی دوو ڕەگەزن و 5کاسە پەلک و 5پەلکە گوڵیان هەیە، پەلکی گوڵەکانی لە شێوەی قاپن و ڕەنگیان سپی و پەمەییە و 20 -45 دەزوولەی هەیە. دوو شێلە ڕژێن لەسەر لقی گەلاکان هەیە کە ڕێژەیەکی زۆر کەم شێلە بەرهەم دێنن کە زیاتر میرووەکان سوودی لێ وەردەگرن، زۆر کەم هەنگ سوودی لێ دەبینێت.

درەختی گێلاس جۆری زۆرە و زیاتر خۆڕسکە و بەهۆی تایبەتمەندییە باشەکانیەوە وڵاتان ڕوویان کردۆتە چاندنی و بەرهەمهێنانی گێلاس بە شێوەی بازرگانی و سیستەمی نوێ. بە شێوەی فراوان دەچێندرێت وزیاتر لە ناوچە فێنک و ساردەکاندا دەبینرێت. گێلاس جۆری زۆرە و جۆری میوەکانیشی جیاوازە.

بەهای گێلاس لە هەنگداریدا

کاتی گوڵکردن: مانگی شوبات و ئادار ، کاتی گوڵکردن بە پێی ناوچەکان دەگۆڕێت.

ماوەی گوڵکردن: 1 بۆ 2 هەفتە. ئەندازەی مامناوەندی گوڵکردن 10ڕۆژە.

ڕنگی هەڵاڵە: نارنجی کاڵ تا قاوەیی.

جۆری هەڵاڵە: زۆر باش.

ڕێژەی پڕۆتینی هەڵاڵە: 25%-23.

ڕەنگی هەنگوینی تاکگوڵی: سووری زەردباو تا قاوەیی.

دەنکۆڵە بوون (تەبەلور): درنگ دەبێت بە دەنگۆڵە.

بەرهەمی هەنگوین لە یەک هێکتار: 25 تاکو 50کیلۆگرام.

پیتاندنی درەختی گێلاس

زۆرترین جۆرەکانی درەختی گێلاس نەزۆکن و خۆیان ناپیتێنن، دوای تاقیکردنەوەیەکی زۆر دەرکەوتووە کە هەنگ ڕێژەیەکی زۆری پیتاندنی گوڵەکانی گێلاس ئەنجامدەدات.

ئەگەر باخی گێلاس 2یان 3جۆر بێت پێویستە هەنگی بۆ دابین بکرێت بۆ پیتاندنی گوڵەکانی و بەرهەمهێنانی میوەیەکی باش. لە باخە گەورە و بازرگانییەکاندا بۆ هەر هێکتارێک (4دۆنم زەوی) پێویستی بە 2یان 3هەنگی بەهێز دەبێت لە سەرەتای گوڵکردنییەوە. لەو تاقیکردنەوانەی کە هەنگیان بەکار هێناوە بۆ پیتاندن دەرکەوتووە کە 35.9%گوڵەکان بوونە بە بەرهەم، بەڵام ئەو درەختە گێلاسانەی سوودیان لە پیتاندنی هەنگ وەرنەگرتووە تەنها 2%گوڵەکانی بوون بە بەرهەم.. ئەو درەختەی کە گوڵەکانی هەنگ نەیپیتاندبوو تەنها 1.900گرام میوەی دابوو (واتا یەک کیلۆ و نۆسەد گرا)، بەڵام ئەو درەختەی کە هەنگ گوڵەکانی پیتاندبوو بڕی بەرهەمەکەی گەیشتە .35، 200 گرام (واتا سی و پێنج کیلۆگرام و دوو سەد گرام). لە لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوتووە 97%پیتاندنی درەختی گێلاس بەهۆی هەنگەوە بووە، بۆ هێنانە دی ئەم ئامانجە پێویستە هەنگەکان دوای پشکوتنی 5%ی گوڵەکان لەناو باخ دابندرێت.

شیکردنەوە گوڵی گێلاس

گوڵەکانی گێلاس هەڵاڵە و شیلەیان هەیە، شیلەی گوڵی گێلاس 55%ی شەکرە ئەوەش زۆر سەرنج ڕاکێشە بۆ هەنگ، ڕژێنە شلەدەرەکانی لە دیوی ژوورەوەی بنکی گوڵ دایە. ڕۆژانە 2ملیگرام شلە دەردەدات. کارکردنی هەنگ لەسەر گوڵەکانی گێلاس لە پلەی گەرمی خواروووی 13پلە و بەرزترین سەروی 19 پلە بووە. باشترین پلەکانیش بۆ دەردانی هەڵاڵەی گوڵەکان سەروی 20 پلەیە کە پلەی شێ بەرز بێت تاکو 70 پلەی سەدی دیاریکراوە. بە ئامادەکردنی هەنگ پێش 40ڕۆژ دەتوانن هەنگوین لە گوڵەکانی گێلاس بەرهەم بێنن، بە لەبەرچاوگرتنی کەشوهەوا و ڕەچەڵەکی هەنگ کە کاریگەریان لەسەر ڕێژەی بەرهەمی هەنگوین هەیە.

ڕێژەی پڕۆتینی هەڵاڵەی گوڵی گێلاس لە زۆرینەی پشکنینەکاندا لە نێوان 25-23% دیاریکراوە، کە ئەم ڕێژە پڕۆتینە زۆر باشە بۆ هەنگ.

جۆرەکانی درەختی گێلاس کە خۆپیتێنن لە جۆری خۆڕسکن ئەوانە کەمتر سەرنجی هەنگ ڕادەکێشن، بە شێوەیەکی گشتی گێلاس و سێو لەو میوانەن کە زیاتر سەرنجی هەنگ ڕادەکێشن.

بەهۆی کاتی گوڵکردنی گێلاس و ئەو جۆرە هەڵاڵە و شیلە باشەی دەریان دەدات هەنگەوانان دەتوانن باشترین سوودی لێببینن بۆ بەرزکردنەوە کۆمەڵە و پەروەردەکردنی مەلیکە (شاهەنگ).

وەرگێڕان و ئامادەکردن/ عەبدولقادر ڕەسوڵ

چەند هەنگاوێک بۆ زیادکردنی بەرهەمی پرتەقاڵ



یەکەم. لەناوبردنی گژوگیای دەوری دارەکە و خاوێنکردنەوەی جۆگەی ئاودان و نێو هێڵەکانی چاندن لە گژوگیای زیانبەخش لە باخی پرتەقاڵدا.

دووەم. بەکارهێنانی پەینی ئۆرگانی (پاشماوەی ڕووەکی یان ئاژەڵی) بە دروستکردنی دوو چاڵ بۆ هەر دارێک کە نزیک بێت لە جۆگەی ئاودان و بڕی پێویست لە پەینی تێدەکرێت.

سێیەم. پێویستی داری پرتەقاڵ بۆ ئاو دەگۆڕێت بە گۆڕانی تەمەنی دارەکە، لە تەمەنی 2ساڵیدا پێویستی بە 12لیتر ئاو هەیە، تەمەنی 3-2 ساڵ بڕی ئاو 16 لیتر، تەمەن 4-3ساڵ بڕی ئاو 20لیتر، تەمەن 5-4 ساڵ بڕی ئاو 24 لیتر، تەمەن 6-5 ساڵ بڕی ئاو 28 لیتر، تەمەنی دار 10-7ساڵ بڕی ئاو 36لیتر، تەمەن زیاتر لە 10 ساڵ بڕی ئاو 60 لیتر.

چوارەم. لە کاتی هەبوونی کەتیرە (صمغ) لەسەر قەدی دارەکە بە تایبەتی ئەگەر لە یەک شوێن زیاتر بوو بە چەقۆیەک دیرنین و لایدەبەین تا دارکی دارەکە دەردەکەوێت پاشان شوێنەکەی بە گیراوەی بۆردۆ سواق دەدرێت ئەوە وەک هەنگاوی یەکەم تەنها ڕوویەکی قەدەکە دەکرێت، دوای 45ڕۆژ ڕووەکەی دیکە خاوێن دەکرێتەوە.

پێنجەم. ئەو لقوپۆپانەی لە ژێرەوەی دارەکە دەردەکەوێت بەتایبەتی لە ژێر شوێنی موترەبەکردن لادەبرێت و ناهێڵرێت گەورە بێت.

شەشەم. مرۆڤ لە نەخۆشیی شێرپەنجە دەپارێزێت.

حەوتەم. ددان و ئێسک بەهێز دەکات.

سوودەکانی خوساندنی باوی لە ناو ئاودا



خوساندنی 7 دانە باوی (چوالە) لە ئێوارەوە لەناو ئاودا، پاشان خواردنی لە بەیانییەکەی و خواردنەوەی ئاوەکەشی ئەم سوودانەی هەیە:

یەکەم. ئاستی شەکرە لە خوێن هەوسەنگ و کەم دەکاتەوە.

دووەم. باشترین ڕێگایە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وزەی جەستە.

سێیەم. ڕێژەی کولیسترۆڵی زیان بەخش لە نێو خوێندا دادەبەزێنێت.

چوارەم. دڵ دەپارێزێت لە توشبوون بە نەخۆشیی و لە جەڵدە دووریدەخاتەوە.

پێنجەم. پەستانی خوێن ڕێکدەخات.

فاو پێشبینی نوێ بۆ بەرهەمی دانەوێڵە ڕاگەیاند لەساڵی 2019دا



ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی جیهانی (فاو) پێشبینییەکی نوێی بۆ بەرهەمی دانەوێڵەی جیهانی بۆ ساڵی 2019 ڕاگەیاند، کە بڕیتییە لە تۆمارکردنی هەڵکشانێکی نوێ لە وەرزی دروێنە کە دەگاتە 2714ملیۆن تۆن واتا بە زیادبوونی 2.1لەسەدا بە بەراورد بە ساڵی 2018.

ئێستا پێشبینیەکانی بەرهەمی جیهانی بۆ دانەوێڵە درشتەکان لەوانەش گەنم شامی دەگاتە 1433ملیۆن تۆن ئەوەش تۆزێک کەمترە لە ئاستی پێوانەیی تۆمارکراوی ساڵی 2017.

دوای هەڵکشانی پێشبینیەکانی یەکێتی ئەوروپا، پێشبینی دەکرێت بەرهەمی جیهانی بۆ گەنم لە ساڵی 2019بە ڕێژەی 4.8لەسەدا بەرز بێتەوە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2018 بەوەش دەگاتە 766.4ملیۆن تۆن. ئەگەر هەیە بەرهەمی جیهانی چەڵتووک (برنج) بگاتە 515 ملیۆن تۆن، واتا بە ڕێژەی 0.5 لەسەدا دادەبەزێت لە ژمارەی پێوانەیی ساڵی 2018؟ هەر یەک لە میسر و مەدەغەشقەر و نیجیریا ڕابەرایەتی باشبوونی بەرهەمی برنج لە کیشوەری ئەفریقیا دەکەن لەم وەرزەدا.

پێشبینییەکانی فاو بۆ بەکاربردنی جیهانی دانەوێڵە لە وەرزی 2019- 2020 گەیشتە 2709 ملیۆن تۆن، بە هەڵکشانی نزیکەی 21 ملیۆن تۆن لەگەڵ وەرزی ڕابردوو، لەم سۆنگەیەوە ڕێژەی داکردن بۆ بەکاربردن دەگاتە 31 لەسەدا ئەوەش ئاماژەیە کە کێشە لە نێوان داخوازی و خستنەڕوو نابێت. پێشبینی دەکرێت قەبارەی بازرگانی جیهانی بۆ دانەوێڵە لە 2020-2019 بگاتە 416 ملیۆن تۆن، واتا بە ڕێژەی 1.1لەسەدا لە گەڵ وەرزی 2018- 2019.





یاریزانە سویدییەکە دیسان هەرایەکی نایەوە

ئیبرا: یەک رۆنالدۆی راستەقینە هەیە ئەویش رۆنالدۆی بەڕازیلییە

بەم نزیکانە لە ئیتاڵیا دەمبینمەوە



هاوار مورتکەیی

ئەگیر بتەوێ بەڕێنگار ببیەوە ئەوە مەچووە یانەیەک کە حەفت جار لەسەر یەکتری نازناوی خولی ئیتاڵی بەدەستهێناوە)، ئەمە ئەو لێدوانە ئاگرینەیە کە ئەمجارە ئیبراهیمۆڤیچی سویدی ئاراستەی رۆنالدۆی پورتوگالی کرد و پێی وایە کە چوونی رۆنالدۆ بۆ یانەی یۆفینتۆس هیچ بەڕێنگاری نییە.

ئایا رۆنالدۆ لە ئیتاڵیا هەیە؟

گۆڤاری جی کیوی بەناوبانگ کە مانگانە بە زمانی ئیتاڵی دەردەچێت، لە دوا ژمارەیدا دیمانەیەکی لەگەڵ زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ کردووە، ئیبرا دەڵێت: ئەگەر بتەوێ بەڕەنگار ببیەوە، کاتێک دەچیە یانەی یۆفینتۆس کە لە پلە دوو بیت و تۆ رۆڵ بگێڕی لە سەرکەوتنی بۆ پلە یەک.

لەوەڵامێکی گۆڤارەکەدا کاتێک دەگەڕێتەوە خولی ئیتاڵی بۆ رکابەری رۆنالدۆ، وەڵامی ئیبرا بەمشیوەیە بوو: ئایا رۆنالدۆی راستەقینە هەیە لە ئیتاڵیا؟ پێم وانییە، چونکە یەک رۆنالدۆی راستەقینە هەیە ئەویش رۆنالدۆی بەڕازیلییە.

لە ئیتاڵیا دەتانبینمەوە

لەلایەکی دیکەوە هەر لەمیانی ئەو دیمانەیەدا ئیبرا باس لەو یانەیە دەکات کە لەداهاتوودا یاری بۆ دەکات و دەڵێت: دەچمە یانەیەک کە دووبارە بردنەوەی بوێت، مێژوو تازەبکاتەوە، یانەیەک کە بیەوێت بەرەنگاری هەمووان ببێتەوە، تەنها بەو شیوازە بەرگری دەکەم کە دەیانەوێت، هەروەها گوتی: سەبارەت بەخۆمەوە پەیوەست نییە بەوەی کام یانە هەڵدەبژێرم، چونکە دەبێ بارودۆخی خێزانەکەم لەبەرچاو بگرم، بەم نزیکانە لە ئیتاڵیا دەتانبینمەوە.

دەچیتە یانەی میلان

ئەم لێدوانەی ئەو یاریزانەیە دەنگۆی پروپاگندەکەی زیاتر بڵاوکردۆتەوە کە دەڵێن یانەی میلان لەم وەرزەدا لە بارودۆخێکی زۆر خراپدایە و هەواڵەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەو یانەیە لە گواستنەوەی زستانەدا کە مانگی داهاتوو دەستپێدەکات، دەیەوێت زلاتان ببەنە ریزەکانیەوە، ئەگەرچی یانەی بۆلۆنیاش هەوڵی خۆی دەدات بۆ گەیشتن بەو یاریزانە.

ئەمە یەکەمجاری نییە

جێی باسە بەمدواییە زلاتانی سویدی لێدوانی سەرنجراکێش و ئاگرین دەدات، بە بێ بەڵەبەرچاوگرتنی هیچ شتێک، ماوەیەک لەمەوبەر سوکایەتی بە خولی ئەمریکی کرد کە رایگەیاندبوو دوای رۆیشتنی ئەو ئیتر کەس سەیری خولی ئەمریکی ناکات، کە ئەمەش هەرایەکی لەنیو میدیا وەرزشییەکان نایەوە و هەرکاتێک رۆژنامەنووسان بگەنە لای پرسیاری وای ئاراستە دەکەن تا قسەی نەشیاو سەرنج راکێش بداتن.

مۆرینهۆ نازناوی سۆنالدۆ بە سۆن دەبەخشێت

هاوکار کەڵهوڕی

لە یارییەکەی نێوان تۆتینهام و بێرنلی و دوای ئەوەی هۆن مینگ سۆنی کۆری و یاریزانی یانەی تۆتینهام. گۆڵێکی زۆر سەرنج راکێشی دژی یانەی بێرنلی تۆمار کرد، مۆرینهۆ لە دوای یارییەکە لێدوانێکی سەرنجراکێشی لەسەر گۆڵەکەی سۆن دا.

مۆرینهۆ دەڵێت: پێش گۆڵەکەی سۆن ئەوەم بیرهاتەوە کوڕەکەم بە سونی دەگوت سۆنالدۆ، هەرکە گۆڵەکەی کرد، گۆڵەکەی رۆنالدۆی بەرازیلیم بیرهاتەوە کاتێک لە ساڵی 1996 لەگەڵ بارسێلۆنا لەناوەندی یاریگا چەند یاریزانێکی پێکدادەدا و گۆڵی تۆمارکرد، منیش پەیوەندیم بە سێر بۆب رۆبنسۆن کرد، پێم گوت گۆڵەکەی سۆن هەمان گۆڵە سەرسوڕهێنەرەکەی رۆنالدۆیە.





لەنێوان مێسی و راهێنەری مایۆرکا چی رووید؟

قیسنتی مۆرینۆ راهێنەری یانەی ریال مایۆرکای ئیسپانی دوای دۆڕانەکەیان بەرامبەر بەرشلۆنە لەمیانی رکابەرییەکانی گەڕی 16ی لالیگادا، قسەی لەسەر دەمەقاڵێیەکەی کرد کە لەگەڵ مێسی لەنێویاندا رووید.ا.

مۆرنیۆ دەڵێت: هەندێ یاریزان هەیە کە ناتوانی قسەیان لەگەڵ بکەی، مێسی لەهەندی بارودۆخدا جیاوازە، لەڵام لایەنەکەی دی وەک ئەوانی دیکە یاریزانە، بۆیە دەبێ لەم سۆنگەیەوە مامەڵەی لەگەڵدابکەی، هەروەها گوتی: ناوبژیوان پێیراگەیاند کە ئەمە فاوڵ نەبوو، بەڵام بارودۆخەکە گۆڕا بۆ شێوازێکی تر، کە بووە هۆی دروستبوونی گفتوگۆیەکی کورت لەنێوانمان، بۆیە پێویست ناکات ئەو هەڵوێستە زیاتر گەورە بکرێت.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq www.xebat.net
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Tue 10. Dec. 2019 No: (5889)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



ئەحمەد کانی پێشانگای فۆتۆگرافی ئازاد لەشکری کردەوە



خەبات/عەلی بانیشاری

دوێنێ دووشەمە /2019/12 9 بە ئامادەبوونی ئەحمەد کانی، بەرپرسی لقی 2ی پارتی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەک لە فەرماندەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و نوێنەری بارەگای بارزانی و میدیاکاران و ڕۆشنبیرانی شاری هەولێر پێشانگای فۆتۆگرافی هاوکارمان ئازاد لەشکری بە ناونیشانی" پێشانگای پێشمەرگە" لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شێوەکاری-میدیا کرایەوە.

ئازاد لەشکری لە کاتی کردنەوەی پێشانگاکەدا خۆشحاڵی خۆی بە ئامادەبوونی میوانەکان دەربڕی و گوتی: لەم پێشانگایەدا40 وێنە نمایشکراون، وێنەکانم لە کاتی شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش لە هێڵەکانی پێشەوەی جەنگ گرتووە. گوتیشی: هەوڵم داوە بەکامێراکەم بەشێک لە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و قارەمانیەتی و قوربانیدانیان بۆ پاراستنی خاکی پیرۆزی کوردستان تۆمار بکەم.

لەشکری ماوەی چەند ساڵەی جەنگی دژی بە داعش زۆربەی کاتەکان بۆ تۆمارکردنی چەند وێنەیەک و گواستنەوەی هەواڵ چووەتە بەرەکانی شەڕ و بریندار بووە. ئەو ماوەی26 وەکو فۆتۆگرافەر لە ڕۆژنامەی خەبات کار دەکات و تائێستا چەند خەڵاتێکی ڕێزلێنانی پێبەخشراوە.



پریانکا چۆپرا

خەڵاتێکی مرۆڤایەتی وەرگرت

هەمزە سەرحان:

ئەکتەری ناسراوی بۆلیوود، پریانکا چۆپرا بە عەزیەکی سورەوە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش دەرکەوت لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتی دێنی کای مرۆڤایەتی.

پریانکا چۆپرا، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەگەڵ یونسێف چەندین کاری خێرخوازی ئەنجامدابو، خەڵاتی دێنی کای مرۆڤایەتی پێبەخشرا، بەهۆی ئەو کارە مرۆڤانە و بەسۆزانەی بۆ ماوەیەکی زۆر ئەنجامی دابوون.

پریانکا دەربارەی کارەکانی گوتی "من کە بووم بە ئەکتەر، دەمزانی ئەم پێگەیەم هەیە، بۆیە دەستم کرد بە بە کارکردن بۆ منداڵانی تالاسیما، چەندین منداڵی دیکە، دواتر بەڕێوبەرەکەی پێشوم پێی ڕاگەیاندم کە ڕێکخراوی یونیسێف هەیە و دەتوانم بەخۆبەخشی کاری تێدا بکەم، بۆیە بەردەوام بوم لەسەر کارە خێرخوازیەکانم" دوابەدوای ئەوەی پریانکا ئەو خەلاتەی بەدەستهێنا، نیک جۆناس، هاوسەرەکەی پریانکا، پیرۆزبایی وەرگرتنی خەلاتی مرۆڤایەتی لە پریانکای هاوسەری کرد.پریانکا لە کاتی وەرگرتنی خەلاتەکەیدا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش دەرکەوت، لەگەڵ خەلاتەکەت دەرکەوتنی بەم ستایلەوە سەرنجی میدیاکانی ڕاکێشا.

پریانکا لە ساڵی 1982 لەدایکبووە، باوکی پزیشک بووە لە هێزی سەربازی هیندستان بەهەمان شێوە دایکیشی پزیشک بوە، بەهۆی کاری خێزانەکەشیەوە بەردەوام ناوچە و شوێنی نیشتەجێبوونی گۆڕادراوە.

پاشان لە 13ساڵیدا بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەچێت بۆ لای پوری و نیشتەجێ دەبێت، هەرچەندە بڕیارِ دەدات ببێتە پزیشک یان ئەندازیار بەڵام بوونی بە شاجوان هەموو ژیانی دەگۆڕێت، لە ئێستاشدا سەرقاڵی ڕۆڵ بینینە لە درامایەکی ئەمەریکی بەناوی Quantico.

حیکایەتی نوری سەعید و کەبابچییەکەی سەر ڕێگای ماڵیان

خەبات: سەربەست برزۆ

نوری سەعید سەرۆک وەزیرانی عێراقی سەردەمی پاشایەتی ، لە سەردەمێک لە سەردەمەکانی فەرمانڕەوایی وەک سەرۆک وەزیران ، کە بەیانیانی زوو لەماڵەکەیەوە ڕۆژانە دەچوو بۆ ئەوەی بچێتە سەر کارەکەی لە بینای ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، لە ڕێگا کە دەگەشتە لای چێشتخانەیەک کەبابچی چێشتخانەکە هەموو ڕۆژ هاواری دەکرد و دەیگوت: باوباپیرت دەرکەم نوری سەعید .

ئەم حاڵەتە ڕۆژانە دووبارە دەبوەوە بۆیە ، ڕۆژێکیان نوری سەعید بەیەکێک لە پاسەوانەکانی دەڵێ: بەدوای ئەم کابرایەوە بچن بزانە بۆچی جنێو دەدات و ئا کەسێکی بەندکراوە و یان زوڵمی لێ کراوە.

پاسەوانەکەی نوری سەعید لەدوای گەڕانێکی زۆر بۆی دەردەکەوێت کە ئەمە کرێکارێکی ئاساییە و نە زوڵمی لێکراوە و نە کەسی بەندکراوە. ڕۆژێک نوری سەعید کە دەگاتە لای کەبابچییەکە بانگی دەکات و پێی دەڵێ بۆ جنێوم پێ دەدەی، کەبابچییەکە دەڵێ: من ڕۆژانەکەم 250 فلسە و خاوەن خێزانم و ئەو ڕۆژانەیەم بەشم ناکات و ناتوانم فلسێک پاشەکەوتی لێ بکەم و، زانیومە کەوا زیندانی سیاسی ڕۆژانە 400فلسی بۆ خەرج دەکەی و ئەمەو جگە لەخواردن، بۆیە گوتم بەڵکو نوری پاشا بەندم بکات و بەزیندانی سیاسی بژمێردرێم و ڕۆژانە 400فلس و خواردنی بەلاشم دەست کەوێت و بتوانم چەند فلسێک کۆبکەمەوە.



نوری سەعید و هاوسەرەکەی

نوری سەعید 5دیناری دەداتێ و دەڵێ ئەمە لە موچەکەیێ خۆم دەتدەمێ و ناتوانم بەندت بکەم.

هەرجارێک کە نوری سەعید بەوێدا تێدەپەڕی سەری لە ئۆتۆمبیلەکەیەوە دەردەکرد و بە کەبابچییەکەی دەوت ڕوحت دەرچێ بەندت ناکەم.

ئەم ڕوداوەی نوری سەعید ئەوەی بیرخستینەوە کە دەڵێن: لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردو ئەوکاتی کە نێوانی حزبی شیوعی عێراقی و حکومەتی بەغدا تێک چوبو و حکومەت دەستی کردبوە گرتنی شیوعییەکان لە هەموو عێراقدا، لەو سەردەمە کابرایەک هەبوو لە خانەقین کە ئێستاش لە ژیان ماوە و ناوی سەمینە و بە سەمینە ناوبانگە، ئەم سەمینەیە هەمو ڕۆژ یان ڕۆژنامەیەکی (طریق الشعب)ی دەگرتە دەستەوە و یان قەمیسێکی سووری لەبەر دەکرد و بەبەردەم بنکەی پۆلیسی خانەقیندا دەهات و دەچو بۆ ئەوەی بەڵکو لەسەر شیوعییەت بیگرن ، ڕۆژێک (ع - ش) کە ئەمنی خانەقین دەیبێت، دەچێتە پێشی و دەڵێ: سەمینە قوتویەک بۆیاغی سوریش بکەیتە سەرتا پەندت ناکەین بۆ ئەوەی نەڵێی لەسەر شیوعییەت گیراوم.

دکتۆر ئیسرا کەمال: خواردن و خواردنەوەی هەر بڕە خۆراکێک کە لە پێویستی لەش زیاتر بێت دەبێتە هۆی قەڵەوی



وریشە عومەر

پرسیاری ئایا بەتەنها خواردنی چەورى ئەگەری قەڵەوی و زیادکردنی چەورى لەش دەدات؟ ئاڕاستەی د. ئیسرا کەمال شامحەمەد بەکالۆریۆس لەپزیشکی هەناو و نەشتەرگەری گشتی و ماستەر لە زانستی خۆراک ،کرد بەڕێزیان لەوەڵامدا گوتی: نەخێر تەنها خواردنی چەورى نابێتە هۆی قەڵەوی بەڵکو خواردن و خواردنەوەی هەر بڕە خۆراکێک کە لە پێویستی لەش زیاتر بێت دەبێتە هۆی قەڵەوی بۆ نموونە ئەگەر پێویستی بە 2000 کالۆری هەبێت بۆ ئەوەی لەش بپارێزێت لە قەڵەوی و ئەو ژمارە کالۆریە بە خواردن و خواردنەوە دابین بکات ئەوا ئەو کەسە قەڵەو نابێت بەڵام ئەگەر ئەو کەسە 3000 کالۆری بەکار هێنا ئەوا ئەو کەسە قەڵەو دەبێت.

دەڕوات! خواردنەوە گازیەکان هیچ ڕێژەیەک چەوریان تێدانی یەکەچی بەپێی توێژینەوەکان سەرچاوەیەکی سەرەکی قەڵەوییە! بۆیەئێمەکاتێک دەمانەوێت خواردن بخۆین و کێشمان زیاد نەکات دەبێت بیر لەکۆی خواردنەکان بکەینەوە کە ئەیخۆین جۆر و بڕ و شێوازی لێنانەکەی لێکبەینەوە کەئایا ئەو بەشەخۆراکەزیاترە لەپێویستی ڕۆژانەی لەشمان یاخود نەخێر.



بۆچی شیر ڕەنگی سپیە؟

شیر بەهۆی تیابوونی پرۆتینی casien ڕەنگی سپیە هەر بە هەمان شێوە وادەکات بەرهەمەکانیشی وەک پەنیر و ئەوانیتر سپین.